# تیۆری ناخەتی

## پاشبەرهەڵستکاری، ناتوندوتیژی

و

چەند ڕوانگەیەکی تری فەلسەفی لەسەر گۆڕان

لە کۆمەڵگە و مارکسیسم

# تیۆری ناخەتی

## پاشبەرهەڵستکاری، ناتوندوتیژی

و

### چەند ڕوانگەیەکی تری فەلسەفی لەسەر گۆڕان
### لە کۆمەڵگە و مارکسیسم

کۆمەڵە وتار

بە هاوبەشیی

پەر هەرەنگرێن و سیاوەش گۆدەرزی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

پەر هەرەنگرێن و سیاوەش گۆدەرزی
تیۆری ناخەتی، پاشبەرهەڵستکاری، ناتوندوتیژی – کۆمەڵە وتار
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٢
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٧٠ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. کوردستان کەیفی

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-74-4

پێڕست

پەیڤـێک ........ 7
ناوەڕۆک ........ 8

بەشی یەکـەم ........ 13
ڕوانگەی تیـۆری ناخـەتی ........ 15
نواندنە ناخەتییە جیاوازەکان ........ 16
گێـژاو و پێچەڵپێچی ........ 18
دانس و چەندپاتەکـردنەوە ........ 23
لەگەڵ خۆڕاکێشان لە باتی پاڵپێوەنان ........ 26
دەسـەڵات و بەرهـەڵستکاری هێزی ڕاکێشانی قورسایین ........ 26
هاوپەیمانەتی، فرەچەشنی و هێزی لەگەڵ خۆڕاکێشان ........ 28
دەسـەڵات لە سـەرەوەڕا نایەتە خـوارێ ........ 32
نەزم پێویسـتی بەبێ نەزمی هەیە ........ 35
لایەنە جیاوازەکانی هـیرارشی ........ 36
فەرمـانی بێ ئەملا و ئـەولا دەبێتە هـۆی خراپەکاری (سـابۆتاژ) ........ 38
لە باتیی دەستە کارگێڕییەکان ........ 39
"وەرگەڕانەوە" Recursive چییـە؟ ........ 41
ئاوڕدانەوەیەک لە پۆست بەرهەڵسـتکاری ........ 48
بەرهەڵستکاری دەبێتە هۆی وشیاری نەک بە پێچەوانە ........ 48
سیاسـەتی پارانۆیدی ........ 50
هایدگەر و ئامرازگەلی لێکدانەوە ........ 55

ڕاستی لە تەنیشتمانەوە نییە ........ 57
کار و چالاکی وەک بنەما بۆ بەرهەڵستکاری ........ 58
هایدگەر: بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون ........ 59
کەرنەڤاڵەکان وەک کۆمەڵگەی تایبەت ........ 63

بەشی دووەم ........ 69
پەر هەرەنگرێن لە بەردەم دادگایەکی سوێدیدا ........ 71
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پەر هەرەنگرێن ........ 74

بەشی سێیەم ........ 87
پێناسە و بنەما و شێوازەکانی ناتوندوتیژی ........ 89
چەمکی ناتوندوتیژی لای گاندی ........ 89
پێناسەی ناتوندوتیژی ........ 93
بنەماکانی ناتوندوتیژی ........ 94
شێوازەکانی ناتوندوتیژی ........ 96
شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی لە باکوری کوردستان ........ 100
بۆچی ناتوندوتیژی و بنەماکانی خەباتی مەدەنی لە کوردستان؟ ........ 105

پاشکۆ ........ 113
کامە مارکس؟ ........ 115

## پەیڤێک

نووسینەکانی ئەم کتێبە بە هاوبەشی پەر هەرەنگرێن و من نووسراون. نووسینەکانی پەر هەرەنگرێن لە کۆمەڵە وتارێکی سەربەخۆدا لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا بە زمانی سوێدی و ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە. ئەو نووسینانە برە باسێکی نوێ و گەرمی ئەکادیمی لە خۆدەگرن کە ئیمڕۆ لە بەشەکانی سۆسیۆلۆجیدا لە زانستگاکانی ڕۆئاوادا لە ڕۆژەڤدان. لەنێو ئەو کۆمەڵە وتارەدا، وتارێکی دوور و درێژ لەژێر ناوی "تیۆری ناخەتی" و باسەکانی "پاشبەرهەڵستکاری" هەڵبژێردراون و لەلایەن منەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

نووسینەکانی من لە دوو تەوەرەدا دابەش کراون. تەوەرەیەک لەسەر خەباتی ناتوندوتیژی، پرەنسیپ و بنەماکانییەتی و هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە بۆچی ئێمە لەم شێوازە خەباتە لە کوردستان کەڵک وەرنەگرین و ئەزموونەکانی ئێمە لە خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی لە کوردستان کامانەن. تەوەرەی دووەم، باسێکی هەتا ڕادەیەک ئاکادیمییە لەسەر مارکس و فەلسەفەی مارکسیسم لە ڕوانگەی کۆمەڵناسی و سۆسیۆلۆجییەوە. لەم باسەدا کاریگەریی مارکس لەسەر زانستی سۆسیۆلۆجی و ڕوانگەی ئابوورییانەی مارکس لە کۆمەڵناسیدا دەکەوێتە بەر باس.

سیاوەش گۆدەرزی

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم

### ڕوانگەی تیۆری ناخەتی:

ڕوانگەی خەتی یان ڕوانگەی باو، ئەو بیرکردنەوەیەیە کە قورسایی دەخاتە سەر تایبەتمەندیی ڕێکخراوەکان، کولتوورەکان، تاکەکان، کۆمەڵگە یان ماتریا و پێیوایە گۆڕانە سیاسییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییانەدایە. بە پێچەوانەی ئەمە، ڕوانگەیەکی تری نوێ هەیە کە لەو بڕوایەدایە تایبەتمەندییەکان لە ئاکامی پێوەندیدا پێکدێن و لەو سۆنگەیەوە کاریگەریی تاک و تاقانە لاواز دەبیندرێ. لە ڕوانگەی ناخەتیدا سیاسەت ئەوە نییە کە کاریگەری لەسەر شتێک دادەنێ بگرە سیاسەت ئەوەیە کە خودی پێوەندییەکان دەگۆڕێ و هەر لەو ڕوانگەوە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێکدێن. پەر هەرەنگرێن لە وتارێکدا بە قووڵی ڕوانگەی ناخەتی شرۆڤە دەکا.

پۆست بەرهەڵستکاری

لەم وتارەدا پەر هەرەنگرێن باسەکانی پێوەندیدار بە بەرهەڵستکاری کە بە باسی پاشبەرهەڵستکاری ناودێر کراون، دەخاتە بەر سەرنج. لەم وتارە دوور و درێژەدا بە کەڵک وەرگرتن لە تیۆرییەکانی ماین دوبیران Maine de Biran، هۆرشێل Husserl دێلوز Deleuze، گاتاریس Guattaris و هایدگەر باسی چەمکگەلێکی وەک بەرهەڵستکاری و بنەما نوێیەکان، سیاسەتی پارانۆیدی، بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون دەکا. هەروەها لە باسێکدا

لەژێر ناوی کەرنەڤاڵەکان وەک کۆمەڵگەی تایبەت باسی کۆمەڵگەی کاپیتالیستی ئیمڕۆ و پرسی بەرهەڵستکاری دەکا.

**بەشی دووەم**

پەر هەرەنگرێن لە مەحکەمەیەکی سوێدیدا:

پەر هەرەنگرێن بێجگە لەوە مامۆستای سۆسیۆلۆجییە و لەسەر خەباتی نافەرمانی مەدەنی ساڵانە بە دەیان کۆرس دەکاتەوە، هاوکات خەباتکارێکی بەکردەوەشە و لە هەڵمەتەکانی نافەرمانی مەدەنیدا بەشداری دەکا. هەر بۆیە زۆرجار لەبەر هەڵمەتی چەکشکاندن و لە ژێرپێنانی یاسا دەدرێتە مەحکەمە. لە بەشێکی تر لەم کتێبەدا وەڵامەکانی هەرەنگرێن لە مەحکەمەیەکی سوێدیدا کە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەڕێوە چووە و دواتر پەر هەرنگرێن لە ماڵپەڕی خۆیدا دایناوە، وەرگێردراوەتە سەر کوردی و بڵاو راوەتەوە.

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پەر هەرەنگرێن

لە چاوپێکەوتنێکی نوێ کە من ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ پەر هەرەنگرێن ئەنجامم داوە و لەم کتێبەدا دەقی وتووێژەکە بڵاو کراوەتەوە، پەر هەرەنگرێن وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە؛ وەک پێشینەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی، پێناسەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی و پرەنسیپەکانی ئەم خەباتە، خەباتی نافەرمانی مەدەنی لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆری تەواو بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵە، خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە باکوری کوردستان و بێدەنگی میدیاکانی رۆئاوا، بەشداری پەر هەرەنگرێن لە هەڵمەتێکی نافەرمانی مەدەنیدا لە ئاڵمانیا و شکاندنی فڕۆکەیەکی شەڕکەری تورکیا. لە کۆتاییشدا پەر هەرەنگرێن باسی تێکۆشانە مەدەنییەکان لە وڵاتی سوێد و کتێب و نووسراوەکانی خۆی دەکا.

## بەشی سێیەم

پێناسە و بنەما و شێوازەکانی ناتوندوتیژی

ئەم وتارە درێژ و زنجیرەییە دوای دەسپێکی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی سلێمانی لە ١٧ی فێڤریە بەدواوە نووسراوە. هەر زنجیرە باسێک دەکرێ سەربەخۆ بخوێندرێتەوە، یان وەک وتاری سەربەخۆ چاوی لێ بکرێ. لەم زنجیرە وتارەدا پێناسە و بنەماکانی نافەرمانی مەدەنی شرۆڤە کراوە. ئاوڕدانەیەوەکی کورت لە تیۆری و بۆچوونەکانی مەهاتما گاندی لەسەر چەمکی ناتوندوتیژی کراوە و شێوازە جیاواز و جۆرەوجۆرەکانی نافەرمانی مەدەنی کەوتوونەتە بەرباس و لێکدانەوە. وەک نموونە لە وتارێکی سەربەخۆدا شێوازەکانی خەباتی نافەرمانی مەدەنی وەک هەڵمەتی قەڵخانی زیندوو و سەرپێچی لە چوونە سەربازی لە باکوری کوردستاندا کەوتوونەتە بەر سەرنج. هەروەها لە سۆنگەی ڕووداوەکانی پارەکەی سلێمانی و شارەکانی تر لە باشووری کوردستان باسی سەردەستبوونی کولتووری توندوتیژی کراوە و جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە پێویستی پەرەگرتنی کولتووری ناتوندوتیژی لە ئەمڕۆی باشووری کوردستان بەپێی ئەو هەلومەرجە سیاسییەی کە تێدایە، چۆن هەروەک ئاو و نان و کارەبا یەکێک لە پێویستییەکانە.

### پاشکۆ

کامە مارکس؟

ئەم نووسینە لەپێشدا لە شێوەی وتووێژێکدا لەگەڵ من لەلایەن ماڵپەڕی دەنگەکان بۆ دۆسیەی مارکس ئامادە کراوە و بڵاو کراوەتەوە. من لەم کتێبەدا جارێکی تر ئەو وتووێژەم لە شێوەی وتارێکدا داڕشتووەتەوە. کارل مارکس یەکێک لەو فەیلەسووفە گەورانەیە کە ئێستاش پاش ١٣٠ ساڵ

هێشتا زیندووە و لە ڕۆژەڤی باسە ئەکادیمییەکاندایە. ئیمڕۆ لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی و تەنانەت لە زانکۆکانی کوردستاندا خەبەرێک لە مارکس نییە. کێشەکە لە ڕاستیدا لە مارکس، مەرگی مارکس، یان لە ڕۆژەڤکەوتنی مارکس نییە کێشەکە هی ئێمە بۆ خۆمانە کە خوێندنەوەیەکی قووڵمان لە سەر مارکس نەبووە و نییە، لەم وتارەدا ڕاست باسی ئەم کێشەیە دەکرێ. لە کاتێکدایە کە هەر لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆئاوا زۆر لێکۆڵینەوەی سەرنج ڕاکێش لەسەر مارکس نە تەنیا لە سەر تیۆری و فەلسەفەی مارکس بگرە لەسەر ژیان و بەرسەرهات و لایەنە شاراوەکانی ژیانی مارکس بڵاو کراوەتەوە، دوور و نزیک ئێمەی کورد لێیان بێ ئاگاین و ئەم پرسەش بووەتە هەوێنی نووسینی ئەم وتارە.

سیاوەش گۆدەرزی

# بەشی یەکەم

## ڕوانگەی تیۆری ناخەتی

تیۆرییە ناخەتییەکان سروشت و گۆڕانە کۆمەڵگەییەکان بە هۆی یەک یان چەند هۆکارەوە ڕوون دەکەنەوە. ناسراوترین هۆکار لەم پێوەندییەدا میکانیکە. ئەمە کاریگەری لەسەر ئەوی تر دادەنێ.

ئەگەر بێتو تەنیا چەند هۆکارێکی بەدەگمەن لە بەرچاو بگیردرێن، پێی دەوترێ ڕێدوکسیۆنیزم. لە سایکۆلۆجی، کۆمەڵناسی، تیۆریگەلی ئابووری و سیاسی وەک باوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕوانگەی خەتی کەڵک وەردەگیردرێ. لێرەدا کێشەیەک، پرسیارێک لە تەواوەتی خۆیدا لە ڕێگەی ڕێسا و پرەنسیپە هۆکارییەکانەوە ڕوون دەکرێتەوە. تەنانەت چالاکییە سیاسییەکان لەسەر ئەو بنەما ڕوانگە خەتییە باوە لەسەر چۆنیەتیی کارکردی کۆمەڵگە داڕێژراون، وەک نموونە زانیاری، بیروڕای گشتی دەورووژێنێ و بیروڕای گشتیش بە نۆرەی خۆی کاریگەری لەسەر بڕیاری دەوڵەت دادەنێ.

ڕوانگەی ناخەتی ناکرێ چوارچێوەی بۆ دیاری بکرێ. ناخەتی و (پێچەڵپێچی) یان (کۆمپلیسیتە) لە هێندێک لایەنەوە دەکرێ وەک هاوتای تیۆری پێچەڵپێچی و تیۆری گێژاو (کاوس) دابنرێ. لێرەدا بێجگە لە تیۆرییەکانی پێچەڵپێچی و گێژاو چەند نواندنێکی تری ناخەتی ئاماژە پێ دەکەم کە لەم تیۆرییانە زۆر زیاتر پێچەڵپێچترن هەتا نواندنەکانی من، بەڵام کە تۆ توانیت تیۆرییەکی پێچەڵپێچی بە سانایی نیشان بدەی و بیخەیتە بەردەست ئەوە ئەو دەم توانیوتە بە سەر ئەو پێچەڵپێچییەدا زاڵ بی و تێی بگەی.

**نواندنە ناخەتییە جیاوازەکان:**

لە بیرکردنەوەی دیالکتیکیدا کێشە و جیاوازییە چاوەڕواننەکراوەکان بە شێوەی چۆنایەتی لە سەریەک کۆوەبوو پێک دێن؛ هەتا بەرەو پلەی سەرەوەتر بڕۆی، کێشە و جیاوازی نوێ پەیدا دەبن. چۆنایەتی لە سەریەک کۆوەبوو بەو مانایەیە کە پلەیەکی لە سەرووتر ناکرێ و نابێ بەپێی پرەنسیپی هۆکاریی لە پلەیەکی لە خوارەوەتر هەڵێنجێندرێ. پلەی لە سەرووتر هەوێنی کێشە و جیاوازییە نوێیەکانە و هەر بەو پێیەش نەچاوەڕوانکراو.

لە سایبرنێتیک و سیستەم تیۆری ئەو ڕوانگە هەیە کە هەر چەشنە هەڵسوکەوتێک دەبێتە هۆی شیانی هەڵسوکەوتی نوێی تر و هەڵسوکەوتی فرەچەشن کە ئەمەش لە نۆرەی خۆیدا شیان و فرەچەشنی نوێی تر پێک دێنێ. تەنانەت لە جیهانێکی یەکجار زۆر بەرتەسکی بۆ نموونە مەیدانی تەختەی شەترەنجێکدا، ژمارەیەک هەڵسوکەوت دەبێتە هۆی شیانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر شیان و هەڵسوکەوتی یەک لە دوای یەکی تردا، لێرەدایە سیستەم پەیدا دەبێ. سیستەم لە بەرانبەر کردەوە چاوەڕواننەکراوەکاندا و لە بەرانبەر ڕووداوە خێراکاندا خۆی دەپارێزێ و هاوکات خۆی لە جیهانی دەرەوەی خۆی جوێ دەکاتەوە. بەمەش سیستەم جارێکی تر خۆی وەبەرهەم دێنێتەوە بە نواندن و شیانەکانی خۆی. ئەمە پێی دەگوترێ "خۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوە یان" autopoiesis. سیستەم لە جیهانێکی چاوەڕواننەکراو و پێشبینی نەکراو خۆی دووبارە ساکار دەکاتەوە.

بێجگە لەوە سیستەم خۆی لە دژی جیهانی دەرەوە و پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان دەپارێزێ هاوکات خۆیشی لە دژی کاریگەریی سیستەمەکانی تر دەپارێزێ. هەر بەم هۆیەشەوەیە کە ئەو نواندە خەتییە کە

سیستەمێک کاریگەری لەسەر سیستەمێکی تر دادەنێ، لەنێو دەچێ. سیستەمەکان دەتوانن بچنە نێو یەکترییەوە و شەرت و مەرجی بوونی یەکتری بخەنە ژێر پرسیار بەڵام ئەوان ناتوانن بە جۆرێک کاریگەری یان باڵادەستی، بە شێوەی چاوەڕوانکرا و لەسەر یەک دابنێن.

کاتێک من بەهۆی بەلەمێکی "ئالبین ڤێگا" لە بوهویسلەن (هەرێمێکە لە سوێد) پاڕوو لێ دەدەم، حەوجێ نییە کە حەتمەن بەو لایەدا با دێت بڕۆم، وەک تۆپێکی مەلە با بمبا. بە پاڕوولێدانێکی چەند لایەنە و جیاواز دەتوانم کەڵک لە پێچەڵپێچی یان کۆمپلیسیتەی با وەربگرم و تەنانەت بە پێچەوانەی باش پاڕوو لێ بدەم و بڕۆم. من دەتوانم لە بیۆرکئۆ بچم بۆ ئۆروست بەبێ ئەوەی سەرنج بدەم بەوەی کە با لە کامە لایەوە دێ....

بەپێی سیستەمی تیۆری ناکرێ بانگەشەی ئەوە بکرێ کە بەرهەڵستکاری، یان هەڵمەتی جۆرەوجۆری تری سیاسی دەتوانێ کاریگەریی بەرچاو لەسەر دەوڵەت دابنێ. هەم دەوڵەت و هەم بەرهەڵستکاری هەر کامە لە سیستەمی خۆسازکەری خۆیانەوە سەریان هەڵداوەو هەر کامەش لە کاریگەریی یەکتری خۆیان دەپارێزن. ئەگەر ئەوە پەسند بکەین کە سیستەم تیۆری ڕاستە دەبێ ئەوەش پەسند بکەین کە ئاڵوگۆڕی سیاسی لە ڕێگەی تر جگە لە کاریگەریی ئەم سیستەم بۆ ئەو سیستەم پێکدێ.

تیۆرییەکانی تێگەیشتنی وەک نموونە هێرمێنۆتیک، تێگەیشتنی هۆکاریی ڕوون ناکاتەوە. تێگەیشتن لە ڕێگەی ناخەتییەوە تێدەگەیەندرێت. ویلهێلم دیلتی Wilhelm Dilthey کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٣– ١٩١١دا ژیاوە پێیوایە کە دووالیزمێک لە نێوان ڕوونکردنەوەکانی هۆکاریی لە سروشت و تێگەیشتن لە مێژوو هەیە. دیلتی لەو باوەڕەدایە کە سروشت خەتیی و هۆکارییە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە دەبێ ڕوون بکرێتەوەو تێگەیەندرێ. بەڵام مرۆڤێک لە مرۆڤێکی تر تێ دەگا لەبەرئەوەی ئەوان وەک یەکن و کەسێک

دەتوانێ بیر و هزر و ئەزموونەکانی کەسێکی تر بخوێنێتەوە. ئەمە لە خۆیدا دیتێرمینێکی تەواو نییە و هاوکات هۆکاریی خەتیش نییە.

لەلای ویلهێلم دیلتی تێگەیشتن لە مرۆڤەکانی تر لایەنی ئیندوڤیدوالیتی تاکییەتی و سایکۆلۆجی هەیە. ئەوە "من" بووم کە لەوی تر تێگەیشتم.

پاول ڕیکورPaul Ricoeur بە پێچەوانە تێگەیشتن وەک پێوەندی دەبینێ، تێگەیشتن لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی تردا چێ دەبێ. تێگەیشتن، تێگەیشتنی "من" یان سۆبژە نییە، تێگەیشتنی پێوەندییە.

ماوریس مێرلۆ- پۆنتی Maurice Merleau-Ponty لە دوالیسمی نێوان سروشت و مرۆڤ، نێوان زانستی سروشت و زانستی ئینسانی دیتلی خۆی دادەبڕێ. ماوریس مێرلۆ- پۆنتی هەروەک پاول ڕیکور لەو باوەڕەدایە کە بیرکردنەوە لەنێو سۆبژەدا فرچک ناگرێ. بەپێی ماوریس مێرلۆ- پۆنتی بیرکردنەوە لە جیهاندا پێکدێ. ئێمە پێکەوە هاوڕێ لەگەڵ لەشەکانی تر بیردەکەینەوە، ئێمە پێکەوە هاوڕێ لەگەڵ دار و بەرد بیر دەکەینەوە. ئەمەش دوالیزم لەنێوەوە و لە دەرەوە لێک هەڵدەوەشێنێ. ئەمە هەروەها ئەو گومانە دەڕەوێنێتەوە کە پێی وایە تێگەیشتنی ناوەکی دەتوانێ جیهانی دەرەوە تێ بگا.

## گێژاو و پێچەڵپێچی

ویلهێلم دیلتی پێیوایە مرۆڤەکان و مێژوو هەر دوو نادیتێرمێنیستیکن. بەڵام هاوکات ئەو لەو باوەڕەدایە کە سروشت و فیزیک خەتی دیتێرمینیسک و چاوەڕوانکراون. لە تیۆری گێژاودا بەپێچەوانە نەپێشبینییەکراوەکان لە دێترمینیسمەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوە دیتێرمینیسمە کە خۆی لە خەتیبوون دادەبڕێ. دیتێرمینیسم وەک پێویستی ناخەتیبوون دەخوڵقێنێ.

نواندە میکانیکە خەتییەکان لە هێزە هۆکارییە ناهاوسەنگەکان لە تیۆری

گێژاودا تەنانەت بەرەوخوار دادەکشێن: کردەوە بچووکەکان دەبنە هۆی کاردانەوەی یەکجار گەورە. ناسراوترین لەم بارەوە شەقەی باڵی پەپوولەیەکە کە دەبێتە هۆی پێکهێنانی بورکان لەو بەری گۆیی زەوی. ئەگەر ئەمەش لە سەر بەرهەڵستکاری و هەڵمەتە سیاسییەکان وەڕاست گەڕێ ئیتر ئەمە بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە هەتا خەڵکێکی زۆرتر لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا بەشداری بکەن ئەوە کاردانەوە و کاریگەریی سیاسیی زۆرتری هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە زۆر باوەڕی باو بە گرینگی زۆریی و هەڵمەتی بەرفراوان دەڕەوێنەوە.

تیۆری پێچەڵپێچی لە تیۆری گێژاو جیاوازە. تیۆری پێچەڵپێچی لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن نەزم و ڕێکی جارێکی تر بە هۆی بێ نەزمی و ناڕێکی خۆی ڕێکدەخاتەوە. ڕێکی و نەزم پەیوەستە بە ناڕێکی و بێ نەزمی، بەڵام ڕێکی لە ناڕێکییەوە پەیدا نابێ و بڕیاری کۆتایی بۆ پێکهێنانی ڕێکی لە ناڕێکییەوە نادرێ.

تیۆری پێچەڵپێچی نیشان دەدا کە چۆن پێوەندییە سادەکان پێچەڵپێچی پێکدێنن. لە ئەنجامی ئەم پێچەڵپێچییەوە زۆرجار سەقامگیری دێتە گۆڕێ. سەقامگیری وەک چۆن لە زۆر تیۆری کۆندا هاتووە هاوکێش نییە وەک باوەڕەکان لەسەر ئیکۆلۆجی و ئێکۆنۆمیی هاوکێش. سەقامگرتووی ئەو ناهاوکێشە سەقامگیرانەن، وەک لێشاو و ئاڵوگۆڕەکان. هەربۆیە سەقامگیری هاوسەنگ نییە.

پێوەندییەکان و دووبارەکردنەکان هەم سەقامگرتوویی و هەم ناسەقامگیری و هەم بێ نەزمی و هەم نەزم پێکدێنن. کە بێ نەزمی لە خۆیدا شتێکی چاوەڕوواننەکراوە ڕەنگە ڕاست بێت. بەڵام لە هەمان کاتدا نەزم و ڕێکیش وەک چاوەڕوانکراوی هۆکاریی دەبیندرێ. تیۆری پێچەڵپێچی نیشان دەدا کە پێوەندییە لۆجیکە ساناکان دەبنە هۆی سازکردنی دیاردە

پێچەڵپێچەکان. باوەڕێکی کۆنی ناخەتی هەیە کە دەبێژێ تەواوەتی شتێک گەورەترە لە کۆی بەشەکانی ئەو شتە. پێچەڵپێچی لەوە بەو لاوە نیشان دەدا کە پێوەندییەکان شتێکی تر جگە لە بەشەکان پێکدێنێ. ئەوەی کە ڕوو دەدا ناکرێ تەنیا لە تایبەتمەندیی بەشەکانەوە هەڵێنجێندرێ.

تیۆری پێچەڵپێچی هاوکات دەسەلمێنێ کە خەتیبوون هەیە وەک لە میکانیکدا بەڵام ناخەتیبوونە کە لە کۆمەڵگە و جیهانی ئێمەدا سەردەستی هەیە. چاوەڕواننەکراوەکان دەکرێ ببن بە چاوەڕوانکراو ڕاست لەنێو چاوەڕواننەکراوییەتییەوە. لەبەرئەوەی ژماردنە خەتییەکان و لۆجیکەکان بەکار نابرێن لە باتی ئەوە لە ژماردنە مەزەندەیی کۆمپیوتەرییەکان کەڵک وەردەگیردرێ. ئەمانە نەزمە شیانەکان نیشان دەدەن. پێچەڵپێچی بۆ نموونە لە هەواناسیدا یان لە ناسینی هەڵسوکەوتی ڕەوەکاندا بەکار دەبرێ. ئەوە تەواوەتی نییە کە مەزەندە دەکرێ بگرە پێوەندی و هاموشۆی نێوان بەشەکانە.

کاتێک باسی ناسینی هەڵسوکەوتی ڕەوەیە، تیۆری پێچەڵپێچی ڕوونکردنەوە کۆنەکانی سەروژێر کردووە. ئەوە ڕەوە لە تەواوەتی خۆیدا نییە کە لەسەر هەڵسوکەوت و خووخدەی ئەندامانی نێو ڕەوە کاریگەرە. بگرە لە ئاکامی هەڵسوکەوتی نێوان ئەواندایە کە خودی ڕەوە پەیدا دەبێ. پێوەندییە بچووکە ساناکان دەتوانن هەڵسوکەوتی ڕەوە ڕوون بکەنەوە. وەک نموونە هەر ماسییەکی نێو ڕەوە ماسییەک یان چۆلەکەیەکی نێو پۆلە چۆلەکەیەک پێی خۆشە زۆر لە نزیکی ئەندامانی تری ڕەوە بڕوا، بەڵام نەک ئەوەندە نزیک کە خۆی بەوانی تردا بدا. بە یارمەتیی ئەو دوو پێوەندییە لۆجیکە دەکرێ مەزەندەی ئەو دژکردەوەی ئاسکێک بکەین کاتێک لە گەڕانەوە بۆ نێو گەلەکەیدا کە چۆن خۆی لەنێو ئاڵقەی گەلە دەترنجێنێ. کاتێک لە نزیکی گەلە ئاسکێکەوە شتێک ڕوو دەدا بەپێی ئەو دوو پێوەندییە سانا لۆجیکە

زنجیرەیەک کاردانەوە ڕوودەدا کە ڕەنگە گەلە ئاسکەکە بە خێرایی بجووڵێنەوە و هەڵبێن بەڵام بەو حاڵەشەوە هەموو گەلە پێکەوە دەبن و دەست لە یەکتری بەرنادەن و بەبێ ئەوە بپەڕنە سەر سەروکۆڵی یەکتری پێکەوە دژکردەوە نیشان دەدەن. ڕوونکردنەوە خەتییە کۆنەکان بە پێچەوانە وای بۆدەچوون کە ڕەوە لە تەواوەتی خۆیدا دژکردەوە نیشان دەدا و ئەوە ڕەوەیە کە لە سۆنگەی هەڵسوکەوتی ڕەوە لە تەواوەتی خۆیدا دژکردەوە نیشان دەدا.

ئەمە سەرەتایەکی کورت بوو بۆ ئەوانەی کە بە بیروباوەڕە ناخەتییەکان ئاشنا نین. ئەمە لە خۆیدا دەکرێ یارمەتیدەری ئەو تێسکتە سەربەخۆیانەی دواتر بێت کە من لەواندا کێشەی جیاواز لە پێوەندیی لەگەڵ بەرهەڵستکاری سیاسیی ناخەتی و تیۆرییە ناخەتییەکان دەخەمە بەر تاووتوێکردن.

***

ڕوانگە باوە خەتییەکان بەدوای تایبەتمەندی لەلای ڕێکخراوەکان، هەڵمەتەکان، کولتوورەکان، تاکەکان، کۆمەڵگە یان ماتریا (مادە) دەگەڕێن. گۆڕانی سیاسی لە جیهانێکی خەتیدا لەژێر کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییانەدایە.

بە پێچەوانە، ڕوانگەی ناخەتی نیشان دەدا کە تایبەتمەندییەکان لە ئاکامی پێوەندیدا پێکدێن هەتاکو کاریگەری تاک و تاقانە. سیاسەت ئەوە نییە کە کاریگەری لەسەر شتێک دابنێ بگرە سیاسەت ئەوەیە کە پێوەندییەکان دەگۆڕێ. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە یارمەتی تیۆری پێچەڵپێچی کۆمەڵناسیی جۆن ئوری John Urry نیشان بدەم کە چۆن بەرهەڵستکاری و سیاسەتی ڕادیکاڵ دەتوانێ لە جیهانی ناخەتیشدا جێگە بگرێ.

جۆن ئوری لەو باوەڕەدایە کە ئێمە پێویستمان بەو جۆرە کۆمەڵناسی و

کۆمەڵگەناسی[1] هەیە کە سیاسەت، کۆمەڵگە و نەزمە جیهانییەکان لە سۆنگەی پێوەندییەکانەوە تێ بگا هەتا لە سۆنگەی تەواوەتی و ژمارەیەک تایبەتمەندی نێوخۆیی و کۆمەڵناسی[2].

ڕێکخراوەکان هەروەک هەموو مەترییایەکی تر سەرلەنوێ خۆ وەبەرهەم دێننەوە و دەبنە خاوەن تایبەتمەندی نوێ، لە سۆنگەی پێوەندییەکانیان و لێک نزیکبوونەوە لە یەکتری. ئەم پێوەندییانە تایبەتمەندیی نوێی وا وەبەرهەم دێنن کە ناکرێ تەنیا لە سۆنگەی تایبەتمەندی بەشەکان ڕوون بکرێنەوە. لە ڕاستیدا ئەمە پێوەندی بە تایبەتمەندیی جیاوازی فرەبەشی شتێکەوە نییە[3].

بۆ گرووپە بەرهەڵستکار و گرووپە سیاسییەکانی تر ئەمە بەو شێوەیە ڕەنگ دەداتەوە و مانا دەدا کە قورسایی کار دەخرێتە سەر کاری نێوخۆیی و ئەمەش دەبێتە بەربەستێک بۆ گەڕانەوە و هەروەها بەتاڵکردنی سیاسەت لە سیاسەت و ناسیاسی کردن.

گۆڕانی سیاسی لە کار و هەڵسوکەوتی نێوخۆیی و بڕیاری خۆیی

١. کۆمەڵناسی لێرەدا مەبەست سۆسیۆلۆجییە بەڵام کۆمەڵگەناسی مەبەست هەموو کۆمەڵگەناسییە کە سیاسەت، ئابووری و زۆر لایەنی تری کۆمەڵگەیی دەگرێتەوە، سۆسیۆلۆجی لەو بارەوە جیاوازی لە کۆمەڵگەناسی هەیە کە سۆسیۆلۆجی تەنیا پێوەندی تاک و کۆمەڵگە و پێوەندی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی بە هەموو زانستەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگە دەگوترێ کۆمەڵناسی کە ئەم چەمکە هەم سۆسیۆلۆجی (کۆمەڵناسی) و هەم هەموو لایەنەکانی تری کۆمەڵگەناسی دەگرێتەوە، ئەمەش لە خۆیدا هەڵبژاردنێکی باش و لەجێدا نییە. (وەرگێڕ)

" 2. Overall my argument here is one that rests upon a profound relationality ì a mutable function of the character of the mode-of-being-related and its capacity for relationality"

3. "complexity examines how components of a system can through their dynamic interaction ì develop collective properties or patterns"

وەبەرهەم ناهێندرێ بگرە لە میانەی هاوپەیمانی، هاوکاری و دژبەریی چەند لایەنەوە پێکدێت[٤].

**دانس و چەند پاتەکردنەوە**

بۆ ئەوە هاوپەیمانی و دژبەریکردن لە ڕاستیدا گۆڕانی سیاسی وەدی بێنێ پێویست بە دڵئاوالآیی و ڕاهێنان و چەند پاتەکردنەوە هەیە. لەم ڕوانگەوە بەرهەڵستکاری و سیاسەت شێوازێکن لە دانس (هەڵپەڕکێ)[٥].

ئەو گرووپە بەرهەڵستکارییەی کە قورسایی کارەکەی دەخاتە سەر ئەوە کە کاریگەری لەسەر حکوومەت، بیروڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی تر دابنێ، ئەوە خۆی خۆی بێ ئامانج دەکا. کەرەستە بێ ئامانجەکان ناکێشرێنە ڕاهێنان و چەندپاتەکردنەوە. کاریگەریی هەڵمەتی وا هیچ گۆڕانێک لەگەڵ خۆی ناهێنێ بێجگە لە پێوەندییە خەتییە ساناکان کە ناگەنە ئاستی پێچەڵپێچی و کۆمپلێکس. ئەمە وەک نموونەی ئەو لاشانە زیادییانەن کە لە قەراخی پڕ دەکانەوە ساز دەکرێن بۆ ئەوە تەنیا باری ئاسایشیی چوونی پاسکیلەکان دەستەبەر بکەن. کاریگەریی سیاسی باوەڕێکی خەتییە. بەڵام ناکرێ ئەم باوەڕە لە بنەوە فڕێ بدرێ. هێندێک جار لە کات و وەختی تایبەتدا بەکەڵکە ئەویش لە ژمارەیەک پێوەندی سانا و خەتیدا کە ناخەتی و پێچەڵپێچی ناتوانێ ئامانجی خۆی بپێکێ.

ئەگەر کاریگەری سیاسی لە کات و ساتی تایبەتدا بێتە گۆڕێ ئەوە دەبێ تێفکرینەوە و ڕامان لەسەر کاروباری سیاسی بکرێ. ڕوانگەیەکی ناخەتی

4. “Quantum behaviour is instantaneous, simultaneous and unpredictable The interactions between parts are far more fundamental than the parts themselves. Bohm refers to this as the occurrence of a dance”.

5. “pattern is different from and irreducible to the individual components. The key issue is that of relationality, a dance"

سیاسی بەهۆی خودی ئاڵوگۆڕەوە ئاڵوگۆڕ پێک دێنێ. ئەو گرووپ یان ڕێکخراوەیە کە دەیەوێ ئاڵوگۆڕ بکا دەبێ پێش لە هەموو شتێک ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیدا بکا. بێجگە لەوە دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕە پێکهاتووە جێگە و شوێنی تری ئاڵوگۆڕ وێڕای گرووپ و ڕێکخراوەکانی تر پێک بێنێ[6].

کەوابوو گۆڕانی سیاسی لە خۆیدا شێوازێک لە هەڵپەڕکێیە کە لەودا بەهۆی گوێڕایەڵی و دڵئاوالایی لە ڕیتم، ڕاهێنان و چەندپاتەکردنەوەیەکدا لەگەڵ کەسانی تر و بەهاوکاری یەکتری وەدی دێت[7].

بەبێ گوێڕایەڵی و دڵئاوالایی زەحمەتە بەرهەڵستکاری پەیدا ببێ، قایم ببێ و بکەوێتە ناو ڕیتم و ڕاهێنان. بەو پێیە سیاسەت مانای ڕاهێنان، چەند پاتەکردنەوە پێکەوەیی کەسەکان لەگەڵ یەکتری دەدا. فێربوونی ڕیتم و چەند پاتەکردنەوەش کاتی دەوێ و پێویستی بە پرۆڤەکردنی هاوبەش هەیە.

بەرهەڵستکاری و کاری سیاسی بەهۆی تیۆری کۆمەڵگەیی ناخەتی جۆن ئوری دەکرێ ڕوون بکرێنەوە بەهەمان شێوە دەوڵەتەکان، ئەنیستیتۆکان و شەریکەکانی پێ ڕوون دەکرێتەوە. لەو سۆنگەوە ڕوانگەی ناخەتی یەکگرتووی ڕێکخراوەیی، هاوکاری یان دارمان؛ لە نەزمی کۆمەڵگەیی و گۆڕانی سیاسی؛ لە دەسەلات و بەرهەڵستکاری لە شێوازێکی سیمتریکدا. ئەوانە پەیدابوون یان نەبوونیان لە سۆنگەی پێوەندیی و ڕیتمەکانیان دەخوێندرێنەوە و تێگەیشتنیان بۆ ساز دەبێ. دەوڵەتەکان و شەریکە کاپیتالیستییەکان دەکەونە نێو ڕیتمێکی ئاواو خۆ قایم دەکەن. پرسیارەکە ئەوەیە کامە ڕیتمە کە وەک کارێکی ڕادیکاڵی سیاسیی خۆی دەخاتە نێو ئەم کایەوە و دەبێتە هۆی قایمکردن و جێگەگرتن. ئاڵوگۆڕ چۆن پێک دێ؟

***

6. "Change in living nature involves the notions of becoming and rhythmicity

7. "that rhythmicity is a crucial principle of each organism and its relationships with its environment"

له حاڵەتێکدا ئەگەر باوەڕمان وایە کە ڕوانگە خەتییەکان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە سۆنگەی کاریگەرییەوە پێک دێن، ئەوە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی باشتر هەیە. تیۆرییە ناخەتییەکان لەسەر پێوەندییە چاوەڕوانکراوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ڕەهەندی ئاڵوگۆڕەکان بەرەو لای پێچەوانەی دەڕوا ئەمەش ڕاست بە پێچەوانەی ئەو باوەڕەیە کە لەسەر کاریگەریی سیاسی هەیە. ئەمە ڕەهەندی ئاڵوگۆڕەکان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ هەتاکو بە سەریدا باز بدا.

ئەوەی کە کارل مارکس لە ساڵی ١٨٤٥دا لە ڕەخنەکەی لەسەر فاورباخ ناوی نا ماتریالیسمی ڕەهەندی یان ڤۆلگەر ماتریالیزم من ناوی دەنێم پاڵپێوەنان بە ڕوانگەکان. ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە جیهانیش وەک تۆپەکانی بیلیارد دەسووڕێ. بەپێی ڕادەی هێزی هەڵمەتەکان، ڕادەی کاریگەریش لە دەوروبەردا پێکدێت. هەتا هێز لە هەڵمەتدا بەرفرە بێت ئەوە کاریگەری قورسترە.

زۆر ڕوانگەی پاڵپێوەنانی جیاواز لەسەر گۆڕانە سیاسییەکان هەیە: هەڵمەتی پان و بەرفراوان کاریگەری قورستری لە هەڵمەتی بچووک هەیە. زێدەبوونی زانیاری دەبێتە هۆی باشتر بڕیاردان هەم لای تاک و هەم لای بڕیاربەدەستانیش. لەسەرەوەبوونی هۆشیاری سیاسی دەبێتە هۆی باشتربوونی هەڵسوکەوتەکان. بیروڕای گشتی و چێکردنی بیروڕای گشتی دەتوانێ کاریگەریی لەسەر حکوومەت و پەرلەمان دابنێن کە بڕیاری باشتر بدەن. لەنێو چەپدا ئەو ڕوانگە هەیە کە ئاژیتاسیۆن دەبێتە هۆی وشیاری زیاتری چینایەتی کە ئەمەش لە نۆرەی خۆیدا دەبێتە هۆی شۆڕش. بەرهەڵستکاری و خەباتی سەرپێچی مەدەنی زۆرجار وەک بەشێک لەم ڕوانگە پاڵپێوەنانانە دەبینرێ. هەربۆیە خەباتی سەرپێچی مەدەنی وەک هێزی کاریگەریی لە کاری سیاسیدا چاوی لێ دەکرێ. ئەمە بەو مانایەیە کە

ڕوانگەیەکی میکانیکی لەسەر بەرهەڵستکاری هەیە ڕاست هەروەک چۆن لە گەمەی بلیاردا هەیە.

### لەگەڵ خۆ ڕاکێشان لە باتی پاڵپێوەنان

ژمارەیەکی زۆر لە سۆسیۆلۆجە ناخەتییەکان نیشان دەدەن کە هێزی ڕاکێشان باشتر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان هەتا کاریگەریی ڕوونتر دەکەنەوە. ئێمە دەتوانین ئەمە ناو بنێین ڕوانگە لەگەڵ خۆڕاکێشانەکان. وەک دواتر دەمەوێ نیشانی بدەم هێزی ڕاکێشان ڕێگەوبانی تر ساز دەکا کە لە خۆیاندا هێندێک جار دەبنە هۆی گۆڕانی سیاسی.

ڕوانگەی کاریگەری و پاڵپێوەنان ناکرێ بەتەواوەتی فڕێ بدرێن. میکانیک زۆرجار لە کردەوە ڕۆژانەییەکانی ئێمەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئێمە تابلۆکان بەهۆی بزمار، چەکوش و هێز لە چەکوش لێداندا هەڵدەواسین. ئەگەر پرد و خانووی بەرز ساز دەکەین ئەوە دەبێ لە سۆنگەی کارکردی ڕیتمی ناخەتی هەموو لایەنێکی قایم و بتۆڵی لە بەرچاو بگرین دەنا هەر زوو دەڕووخێن.

هەروا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و مەتریالی دەوروبەرماندا "کاریگەری" لە هێندێک کاتی بەدەگمەن لە پێوەندییە سانا و خەتییەکاندا کە کێشە سیاسییەکان پێچەڵپێچ نین دەگونجێ.

### دەسەڵات و بەرهەڵستکاری هێزی ڕاکێشانی قورسایین

من لێرەدا هەم بەرهەڵستکاری و هەم دەسەڵات کە وەک هێزی ڕاکێشانی قورسایی دەبینم، تاوتوێ دەکەم. بەهۆی نەبز و ڕیتمەکانەوە، ڕاچڵەکان، سەرنج ڕاکێشان و کاردانەوە پێکدێ. ئەم لەگەڵ خۆڕاکێشانە ڕێگەوبانی جۆرەوجۆری تر بۆ وەرسووڕان دەکاتەوە.

کۆمەڵگەکان لە سیستەمی هەتاو ناچن. ئەوان لە سیستەمی ئەستێرەکان

دەچن بە هەزاران ئەستێرەوە یان سیستەمی هەتاوێک بە هەتاوگەلێکی زۆرەوە. ئەستێرەکان بە سەر ڕێگەیەکدا بە دەوری هەتاودا سووڕ دەخۆن هەتا ئەوە دواتر ڕێگەی سووڕانەوەیان بگۆڕن و بە دەوری هەتاوێکی تردا خول بخۆن یان ئەوە تەنیا بەرەوشوێنی مەبەستی سووڕان تۆزقاڵێک بگۆڕدرێ.

ئەگەر من ڕاست لە ماتماتیک تێگەیشتبم دەکرێ بەهۆی فۆرمولەکانەوە مەزندەی ڕێگەی جیۆمیتریکی نێوان دوو لەش بکرێ. بەڵام فۆرمولێکی وا نییە کە مەزندەی جیۆمیتریکی وەرسووڕانی ڕێگەیەک بکا کە سێ لەشی تێدا هەڵکەوتوون. لێرەدا لە باتی فۆرمول پێویستە چەند جاران حسێبی وەک ئالگورتیم algoritm و simulering سیمۆلێرینگ (دوو مێتۆدی ماتماتیک) چەند پاتە بکرێتەوە. هەتا ڕێژەی لەشەکان زۆرتر بن مەزندەکردنەکان زەحمەتتر دەبن. ئێمە دەتوانین ئەمانە ناو بنێین جووڵانەوە یان ڕێگەوبانە سووڕانەوە ناخەتییەکان کە لە خۆیاندا ناچاوەڕوانکراون و مەزندەکرنیان زەحمەتە.

کاتێک تووشی "لەگەڵ خۆ ڕاکێشان" و وەرسووڕان لە کۆمەڵگەدا دەبین برێک تووشی سەرلێشێواوی دەبین. ئەمەش ڕەنگە بەو هۆیەوە بێت کە ئێمە لە دەرسی قوتابخانە کۆنەکانی ئەستێرەناسیدا لە نێوان ڕێگەکانی سووڕانەوە و جیهانی ئەستێرەکاندا جیاوازیمان داناوە. ڕەنگە کاتێک باشتر لە کۆمەڵگە بگەین کە ئێمە لە باتی ئەوەی سەرەوە، باسی مولوکولەکان و ئەتۆمەکان بکەین. ڕەنگە لە ئافیشی قوتابخانەشدا ئەوەمان دیبێ کە تەنانەت ناوکی ئەتۆمەکان لە پێشدا ئەو ئەستێرانە بوون کە لەگەڵ ئەلیکترۆکەکان لە سووڕاندا بوون. لە باتی ئەوە ناوکی ئەتۆمێک وەک ئەستێرەیەک بکێشرێتەوە جەوجێیە کە بیر لە کێشانی ڕێگەوبانی تری سووڕانەوەیی بکرێتەوە. لە کاتێکی وادا ناوکی ئەتۆمەکان کۆگایی و

ستاتیستیکی نین. تەنانەت ناکرێ وەک ئەتۆم (ئەوەی کە لێک جیا ناکرێتەوە) ناودێر بکرێن. هەروەها مولوکولەکان ناکرێ وەک لێگۆ (تیکەی گەمە، ئەوانەی لە سەریەک دادەندرێن) یان تیکە مێکانۆ (تیکەی جیاوازی دەزگایەک کە لەسەریەک هەڵدەبەسترێنەوە) ساز بکرێن. ئەوان لە خۆیاندا شتیی سوورانەوەی پێچەڵپێچن کە تیکەکانیشیان هەروا سوورانەوەیی پێچەڵپێچن.

بۆ ئەوە لە گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵگەییەکان تێ بگەین باشترە بە شێوەی کاتیش بووە ڕوانگەی چەقیبوون و کونستانت لەبیر خۆمان بەرینەوە. کۆمەڵگە لەنێو ڕێگەوبانە سوورانەوەییەکان و ڕێگە سوورانەوەییەکان بە دەوری خۆیدا دەژی. بەشێکی زۆری ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە بەهۆی ڕیتم و نەبزەکان کە نەبز و ڕیتمەکانی تر لەگەڵ خۆ ڕادەکێشن یان دەسوورێنەوە، هەڵدەسووڕێ.

### هاوپەیمانەتی، فرەچەشنی و هێزی لەگەڵ خۆ ڕاکێشان

دەسەڵات هەروەک بەرهەڵستکاری دەبێ وەک پێوەندی چڕوپڕ ببیندرێ. بۆلای خۆڕاکشان، هێزی ڕاکێشان و لەگەڵ خۆڕاکێشان لە چڕوپڕیدا دێنە گۆڕێ. ئەمە هەم لەسەر دەسەڵات و هەم لەسەر بەرهەڵستکاری و هەم لەسەر هەموو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر وەڕاست دەگەڕێ.

زۆر بزووتنەوەی بەرهەڵستکاری و ئازادیخوازی دەتوانن بەهۆی چەندپاتە کردنەوە و چڕوپڕی لەگەڵ هێزی لەگەڵ خۆڕاکێشانی خۆ پێوەند بدەن. لەم سۆنگەوە ڕێگەوبانی وەرسوورانەوەی پێچەڵپێچی ساز دەبن کە لەودا لەگەڵ خۆڕاکێشان بەرەو لای جیاجیا دەڕوا بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێکەوە دەبن و لە یەک ناپچڕێن. کە چەندپاتەکردنەوە هاتە گۆڕێ، ئەوە وزەش فرەچەشنی دەبێ. چەندپاتەکردنەوە دەکرێ ئاوا پێناسە بکرێ کە وزەیەکی کەم دەتوانێ

وەک بەرهەم کاریگەرییەکی زۆری لێ پەیدا ببێ.

لێرەدایە کە تێ دەگەین بۆچی نافەرمانی مەدەنی بە خۆ دووبارەکردنەوە لەگەڵ ئەنیستیتۆ و رێکخراوەکانی تر بەستراوەتەوە. لەگەڵ خۆڕاکێشان، رێگەوبانە سووڕانەوەییەکان دەکرێ بەهۆی وەرگرتنی نەبز لە کاتی تێکەڵی و کۆبوونەوە لەگەڵ مرۆڤەکان و جێگەکان وەدی بێن. ئەم نەبز و ریتمانە دەکرێ لە قسەکردن، قاوەخانە، جەژن، شەوی شیعر، هەڵپەڕکێ، تێفکرین و هاوکاری پێکبێن. بەرهەڵستکاری زیاتر پێوەندی بە هاوپەیمانەتی لەگەڵ دەرەوە هەیە هەتا تێکەڵی نێوخۆیی لەنێو خودی گرووپی بەرهەڵستکاریدا.

ڕووداو و هەڵمەتە تاکوتەراکان قەت ئەو شانسەیان نابێت، چەندپاتە کردنەوە و رێسۆنانس پێک بێنن. لەگەڵ خۆڕاکێشان و رێگەی وەرسووڕانەوەی بە تەواوەتی بەستراوەییان بە نەبزە یەک لە دوای یەکەکان هەیە. کەوابوو بەپێچەوانەی ئەوە، بەرهەڵستکاری ڕاستی قەت وەدی نایە. بەرهەڵستکاری لە کەرنەڤاڵ و جەژنەکان جیا ناکرێتەوە. ئەگەر هاتوو مەبەستمان پێکهێنانی بەرهەڵستکارییەکی بەهێز بێت[8].

بەشێکی زۆر لە هێزی لەگەڵ خۆڕاکێشانی بەرهەڵستکاری و لەو سۆنگەوە بەرەو لای خۆڕاکێشان لە سەر بنەمای دۆستایەتی و ئەڤین، ئاخافتنی زیندوو و سەرنج ڕاکێش یان تووڕەیی و لێکهەڵبەزینەوە وەدی دێ. ئەمە بە نۆرەی خۆی دەبێتە هۆی کێشە- چەندپاتەکراوەیی سەخت و بەزەحمەت هەروەک چەند پاتەکردنەوە باڵکێش و سەرنج ڕاکێشەکانی تری نێو کۆمەڵگە.

8. “organizations will intermittently come together to be with others in the present, in moments intensely localized fellow-feeling .These moments, involving what has been called the compulsion to proximity, include festivals ì...”.

## لەگەڵ خۆڕاکێشان لە نێوان بەرهەڵستکاری و دەسەڵاتدا

لە سەرەوە باسی ئەوەم کرد کە بەرهەڵستکاری لە هاوپەیمانەتی دەرەکی پێکهاتووە هەتا کاری نێوخۆیی لەنێو گرووپی بەرهەڵستکاریدا. لەوێدا بوو کە تەنانەت "لەگەڵ خۆڕاکێشان" و ڕێگەی وەرسووڕانەوە لەگەڵ دەستە و گرووپی دژبەریش چێ دەبێ. واتە لە نێوان بەرهەڵستکاری و ئەوەی بەرهەڵستکاری لە دژ دەکرێ دێتە ئاراوە. بێجگە لەوە لە نێوان بەرهەڵستکاری و داوودەزگای سیستەمی داد وەک پۆلیس، مەحکەمە و سزا. من لێرەدا بە ئەنقەست سیستەمی دادم وەک سیستەمێکی تەواو بەکار نەهێناوە و بە سەر پۆلیس، مەحکەمە و سزا دابەشم کردووە.

لە پێوەندی بەردەوام و بەهەست و خرۆشەکانی بەرهەڵستکاریدا، خودی بەرهەڵستکاری و هێزی ڕاکێشانی دژبەر پێکەوە ساز دەبن[9].

لە میانەی ڕێسۆنانس و بەهەست و خرۆشی لە پێوەندییەکان لە نێوان مەحکەمەکان، بڕینەوەی سزای زیندانیکردن، کەرنەڤاڵەکان، جەژنەکان و هاوپەیمانەتی سیاسی، هێزی ئێجگار گەورەی ڕاکێشان دێتە ئاراوە. هەموو ئەمانە چاوەڕواننەکراو زۆرجار هەر ئەم پێوەندییە ناتاکتیکییەکانەن کە دەبنە هۆی پێکهێنانی هێزی لەگەڵ خۆڕاکێشانی بەرهەڵستکاری. ڕاست هەروەک ئەوە وایە کە لە گیتارێکدا کێشەی ژێیەک هەبێت کە ببێتە هۆی خراپی دەنگ و تێکچوونی هەموو ئاهەنگی گیتارەکە، لە بەرهەڵەستکاریشدا ئەگەر گوێڕایەڵی و هاوکاری نەبێت ئەوە ڕێگە وەرسووڕانەوەییەکان پێک نایەن.

من لەو باوەڕەدام بەهۆی تیۆری پێچەڵپێچی ناخەتی شیانی ئەوە هەیە کە ڕوانگەی "کاریگەریی سیاسی" باو بگۆڕدرێ و لە باتی ئەوە چەمکگەلێکی پڕ

9. “Many social practices are drawn to what could be called in complexity terms the power-resistance attractor”

بەپێستتر وەک "لەگەڵ خۆڕاکێشان" و هێزی ڕاکێشان جێگەی بگرێتەوە. دەکرێ ڕوانگەی خەتی پاڵپێوەنان لەسەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان جێگەکەی لەگەڵ تیۆری ناخەتی پێکەوە و لەگەڵیەک ڕاکێشان بگۆڕێتەوە.

***

کۆمەڵناس و سۆسیۆلۆجە ناخەتییەکانی وەک جۆن ئوری John Urry و جۆن لاو John Law ڕوانگە باوەکان لەسەر بوونی دەسەڵاتدارییەتی پەسند ناکەن. تیۆرییە باوەکان لەسەر سیاسەت و گۆڕانی کۆمەڵگە لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە دەسەڵات شتێکە کە دەبێتە خاوەنی و دەتبێت و هەتە[١٠].

دەسەڵات ملک نییە. دەسەڵات شتێک نییە کە لە دەستتدایە. جۆن ئوری دەسەڵات وەک پێوەندی دەبینێ[١١].

لەم سۆنگەوە ناکرێ بگوترێ کە حکوومەت، دەستەی کارگێڕی، چین یان جینس دەسەڵاتیان هەیە[١٢].

سۆسیۆلۆجی ناخەتی ڕوانگەیەکی پڕ لە هیوای لەسەر گۆڕانە کۆمەڵگەییەکان هەیە هەتا ڕوانگەی دەسەڵاتداران. دەسەڵات شتێک نییە لە دوورەوە یان لەسەری سەرەوە هەیە.

---

10. “in much social science power conceived as a property of agents remains central to the analysis of social relations... Power gets attached to agency in the couplet agency-structure”.
11. “Power would not be regarded as a thing or possession .It is something that flows or runs and may be increasingly detached from specific territory or space”
12. “this refusal of reduction, is why (one) doesnt see power as something that a group, a class or an apparatus might have .Power isnt ì driving other parts of the system ì it is a ubiquitous relational effect”.

## دەسەڵات لە سەرەوەڕا نایەتە خوارێ

لە مێتافۆری پیرامیدیدا دەسەڵات لە سەرەوەڕا دێتە خوارێ. لێرەدا تیۆری کۆمەڵگەیی ناخەتی بەپێی جۆن لاو دەکرێ لەسەر لێکدانەوەی میشێل فۆکۆ Michel Foucault لە سەر دەسەڵاتدا بنیات بندرێ[13]:

فۆکۆ لەو باوەڕەدایە کە دەسەڵات و بەرهەڵستکاری یەکتری وەبەرهەم دێنن. تەنیا کاتێک دەسەڵاتێک وەبەرهەم دێت کە بەرهەڵستکاری هەبێت. بەرهەڵستکاری شتێک نییە کە جیاواز لە دەسەڵات بوونی هەیە. هەروا بەرهەڵستکاری تەنیا شتێک نییە کە دەبێتە کۆسپ و ڕێگەگری لە دەسەڵاتدا. ڕاست هەروەک دەسەڵات، بەرهەڵستکاریش وەبەرهەم دێت و چێ دەبێ.

دەسەڵات و بەرهەڵستکاری، فەرمانی و نافەرمانی لە تانوپۆی هەموو ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەدا هەن[14].

پێشتر من باسی ئەوەم کرد کە چۆن ماین دو بیران Maine de Biran (١٧٦٦-١٨٢٤) و پۆل ڕیکۆر Paul Ricoeur نیشانیان دا کە بەرهەڵستکاری دەبێتە هۆی شیانی وشیاری. مەبەستم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بۆچوونی ئەوان بەو شێوەیە بەکار ببەین کە چۆن بەرهەڵستکاری دەبێتە هۆی پێکهێنانی خودی کۆمەڵگە و لەو سۆنگەشەوە بەرهەڵستکاری دەبێتە هۆی چێبوونی دەسەڵات. کەوابوو دەسەڵات لە پێشەوەی بەرهەڵستکارییەوە نایەت. دەبێ بەر لە دەسەڵات، بەرهەڵستکاری هەبێت. بەبێ بەرهەڵستکاری

13. "Michel Foucault advises us against treating power as something that trickles down from the top. He pictures it, instead, as an effect, a product, that is generated and penetrates right through the social body".

14. "we all seek to resist the orderings that are laid on us at least some of the time"

دەسـەڵات ناتوانـێ خـۆی بۆ خـۆی وەبـەرهـەم بێنێت. دەسـەڵات وەبەرهەم دێت ڕاسـت لـەبـەر ئـەوە بـەرهـەڵسـتكاری لـە دژی دەسـەڵات هـەیە. دواتـر جیاوازییەكان، لێكترازانەكان و شان لەتەك شاندانەكانیی نێوان ئەم دووانە ئاشكرا دەبن. ئێستا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ كە شەرعییەتی كامە لەوانە لە پێشدا دەخرێتە ژێر پرسیار.

جۆن ئوری و جۆن لاو لە سیمێتری (ڕێسایی، ڕێكوپێكی) وەك شێوازێكی زانستی كەڵك وەردەگرن. ئەگەر بێتو ئێمە دەسەڵات و بەرهەڵستكاری لە شێوازی سیمێتریدا ئانالیز بكەین ئەوە بەهەمان شێوازی سیمێتریكی و ئانالیزیش لەوان تێ دەگەین. ئەوان زۆر لێك جیا نین. لەو سۆنگەوەیەوە بە سانایی ئەو جیاوازییانەش دەردەكەوێ كە دەسەڵات پێ بەپێی كات گۆڕانی بەسەردا دێت. دەسەڵات و بەرهەڵستكاری ڕەهەندی پێچەڵپێچی وا پێكدێنن كە لە پێشدا چاوەڕواننەكراون یانێ ناخەتین.

شێوازێكی سادەی سیمێتریك ئەوەیە كە چەمكەكە بگۆڕدرێ: دەسەڵات لەگـەڵ دەسـەڵاتی تر شـاخ بەشـاخ دەبێت. یان بە شـێـوەیەكی تر دەكرێ بگوترێ: بەرهەڵستكاری لەگەڵ بەرهەڵستكاری ڕووبەڕوو دەبێ. گرووپێكی بەرهەڵستكاری هەموو كات لەگەڵ بەرهەڵستكاری لە شـێـوازی دژبەری پۆلیس و پاسەوان بەرەوڕوو دەبێ. گرووپێكی بەرهەڵستكاریش لە نێوخۆ لەگەڵ بەرهەڵستكاری نێوخۆیی لەلایەن ئەندامانی گرووپەوە وەك زەحمەتی هاوكاری لە نێو گرووپ و ماندوویەتی جەستەیی و ڕۆحی ئەندامانی گرووپ بەرەوڕوو دەبێ.

هـەربۆیە نابێ ئێمە شكڵ بەو تیۆرییانە بدەین كە گـرووپە بەرهەڵستكارییەكان وەك گرووپگەلی ژێرەوەی ڕیزی دەوڵەتان و شـەریكە فرە نەتەوەییەكان پێناسە دەكەن. لە سۆنگەی تێكەڵی و بەرەڕووبوونەوەی بۆ نموونە نافەرمانی مەدەنی، ڕێكخراوگەلی جیاواز و تێكۆشانەكانیان

ڕووبەڕوو و لەگەڵ یەکتری شاخ بە شاخ دەبنەوە. لێرەدایە کە ڕەهەندە پێچەڵپێچەکان دێنە ئاراوە. ناخەتی لێرەدا دەبێتە ناپێشبینی و چاوەڕوان نەکراو. ئێمە دەتوانین لێرەدا جیاوازیی دەسەڵاتەکان ببینین. هەروەها دەتوانین نەزمە سەقامگرتووەکان ببینین. بەڵام ئەمانە کۆنستانت نین بگرە مێژوویی و ڕەهەندین. لەو ڕوانگەیەوە مەزەندەی ئاکامەکانی بەرهەڵستکاری ناکرێ. ئێمە دەتوانین تیۆرییە بەرهەڵستکارییە ناخەتییەکان باشتر وەپێش بخەین.

***

پێشتر من لە باسی تیۆری ناخەتی دەسەڵات و بەرهەڵستکاریدا، دەسەڵات و بەرهەڵستکاریم وەک ڕێگەکانی وەرسووڕانەوە لە "لەگەڵ خۆڕاکێشان" باس کرد. دەسەڵات و بەرهەڵستکاری بەهۆی نەبز و ڕێفلێکسەکانەوە وەجووڵە دەکەون. بەڵام ئەوان بەرەو کوێ دەجووڵێن و دەڕۆن؟

زۆربەی تیۆرییەکانی نێو تیۆرییە ناخەتییە پێچەڵپێچەکان لەسەر چەمکێکی ماتماتیکی بە ناوی ڕاکێشەر (ئاتراکتۆر) دانراون. ڕاکێشەر لە کاتی نزیکایەتیدا دەبینین. نزیکایەتی ئەگەر بگاتە پێشەوە و شوێنی مەبەست ئیتر نزیکبوونەوە مانای نامێنێ. ڕەنج و زەحمەت و خۆشی گەیشتن بە مەبەست دەکرێ لە چەمکی نزیکایەتی بەبێ ئەوەی هەموو مەبەست بێتە دی و گەیشتبێتە خاڵی کۆتایی مانا دەدا. ئەگەر ئامانج و مەبەست بە تەواوەتی وەدی بێت ئەوە ئیتر خۆشی گەیشتن بە ئامانجیش کۆتایی پێدێت.

ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە ئەتۆپییەکان لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین، بەبێ ئەوەی هەموو ئامانجەکانیان تێدا وەدی هاتبێ. ئەوانەی کە وا بیر دەکەنەوە بە هەموو ئامانجەکانیان گەیشتوون دواتر تووشی ماندوویی و بێ هیوایی دەبن. لە ئەوتۆپیسمێکی پێچەڵپێچدا گۆڕان، هێدی و بەرەبەرە لە نێوخۆوە پێکدێ.

ڕاهێنان و چەندپاتەکـردنەوە لە ئاتراکـتـۆرێک نزیک دەبێـتـەوە[15].
ئاتراکتۆرەکان، ڕاکێشان و هێزی بۆ لای خۆڕاکێشان ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە چۆن پێچەڵپێچی بێ نەزمی، نەزم و ڕێکوپێکی و بارودۆخی سەقامگرتوو ساز دەکا کە ئەمە بۆخۆی دەکرێ وەک گۆڕان ناودێر بکرێ.

لە ڕێکخراوگەلی پێچەڵپێچدا بۆ ئەوە نەزم چێ ببێ پێویستە بێ نەزمی هەبێ. لێرەدا دەمەوێ ئەوە نیشان بدەم کە تەنیا لە کاروبارە سادە و خەتییەکان وەک ڕێبەری ناوەندی و کۆنترۆڵی ناوەندیدایە کە نەزم پێکدێ. لە سیستەمی پێچەڵپێچیدا، ڕێبەریی ناوەندی دەبێتە هۆی سستی، کەمکاری، کێشە و گرفت و ناسەقامگرتوویی.

ڕێبەری ناوەندی لەو ڕوانگەوە دەبێتە ڕێبەرییەکی لاواز. کێشەکە لەوەدایە کە ڕێبەری ناوەندی لە خۆیدا نابێتە هۆی دەسەڵاتی زیاتر بگرە دەبێتە هۆی لاوازی دەسەڵات و دەستەوەستانی لە چارەسەری کێشەکاندا. لێرەدا نابێ توندوتیژی، سەرکوت و پاوانخوازی لەلایەن ژمارەیەک ڕێبەری ناوەندییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ڕاستەقینە تێکەڵ بکرێ. دەسەڵات مانای بەرفراوانییە. دەسەڵات زۆرتر مانای ئەرێنی پرۆدێکتیڤ و بەرهەمهێنەرانە دەدا هەتا نەرێنی، کۆسپ و سەرەڕۆیی.

### نەزم پێویستی بەبێ نەزمی هەیە

بە شێوەیەکی زۆر سادە دەکرێ بگوترێ کە لە تیۆرییە پێچەڵپێچەکاندا کە بێجگە لە کاروبارە سانا و خەتییەکان، پێچەڵپێچی بۆ خۆی دەبێتە هۆی پێکهێنانی نەزم و ڕێکوپێکی.

فەرمانی لەڕادەبەدەر لە ڕێبەری ناوەندی یان گوێڕایەڵی لە پرەنسیپە

15. “the mathematical notion of the attractor to explain why systems only move within certain spaces within the entire field of global possibilities”. John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 75.

گشتییەکان سەقامگرتوویی دەخاتە مەترسییەوە ئەگەر هاتوو کاروباری ڕێکخراوەکان بەرفراوانتر و پێچەڵپێچتر بن.

هەر لەو سۆنگەوە ناکرێ بگوترێ کە ڕێکخراوە پێچەڵپێچەکان هەموو کات سەقامگرتوون. بەڵام فەرمانی لە ڕادەبەدەر ئەو شیانەی کە بێ نەزمی (پێچەڵپێچی) وەبەرهەمی دێنێ لەنێو دەبا. ڕێکخراوە پێچەڵپێچەکان پێویستییان بە نافەرمانی بەردەوام لە دژی پرەنسیپە گشتییەکان و ڕێبەری ناوەندی هەیە بۆ ئەوە خۆیان زیاتر سەقامگرتووتر بکەن. ئەگەر هاتوو کەسەکان و ڕێکخراوەکان فەرمانی لەڕادەبەدەر بکەن ئەوە لە باتی سەقامگرتوویی، سستی و ناسەقامگرتوویی وەبەرهەم دەهێندرێ.

نەزمە سەقامگرتووەکان لە ڕەهەندە چاوەڕواننەکراوەکانی نێوان فەرمانی و نافەرمانی، نێوان دەسەڵات و بەرهەڵستکاری، نێوان هیرارشی و ئانارشی، نێوان نەزم و بێ نەزمی، نێوان ناچاری و ئازادی سەر هەڵدەدەن.

### لایەنە جیاوازەکانی هیرارشی

تیۆری پێچەڵپێچی ئەوە نیشان دەدا کە چۆن ڕێسا ساناکان و هەڵسوکەوتە سادە پێشبینیکراوەکان پێکەوە تێکەڵ بەیەکتری دەبن و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی ناچاوەڕواننەکراوەکان یان شتە نەپێشبینیکراوەکان. لێرەدا دەکرێ ناختەی، پێچەڵپێچی و ناچاوەڕواننەکراوەکان وەک هاوتاو هاومانای یەکتری بخوێندرێنەوە. ئەگەر بێتو تیۆری پێچەڵپێچی لەگەڵ دەسەڵات و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان وەگەڕێنین ئەوە کەرەستەیەکمان دەکەوێتە بەردەست کە دەتوانین فرەلایەنەکانی دەسەڵات لە ڕێکخراوەکاندا ببینین: دیسپلینە جێکەوتووەکان، بڕیاری گرووپی کاری و هاوکات فەرمانی و گوێڕایەڵی لەو بڕیارانە، نەزمە هەمیشەییەکان، باوەڕ بە هاوکاری نێو گرووپ، متمانە بە هاوبەشییەتی و نەبز و ڕیتمە کارییەکانی نێو گرووپ بە شێوازێکی بێ نەزمی پێکەوە تێکەڵ دەبن کە بنەمای پێچەڵپێچی

نەپێشبینیکراوی ڕێکخراوەکان وەبەرهەم دێنن.

ئەمە ڕاست ئەو بێ نەزمییەی نێوان ئەم نەزمە بەهێزانەیە کە بە نۆرەی خۆیان سەقامگرتوویی و نەزم پێکدێنن.

لێرەدا وەک دەردەکەوێ هەڵەیە کە فەرمانی و هیرارشی بەلاوە بنرێ. بەڵام بەهەمان شێوەش نافەرمانی لە ڕادەبەدەر خودی پێچەڵپێچی دەخاتە مەترسییەوە. هەروەها ناکرێ ڕێکخراوە پێچەڵپێچەکان لە ڕێکخراوە پان و خەتییەکان تێکەڵ بکرێ. لە ڕێکخراوە پێچەڵپێچییەکاندا لە باتی هیرارشی ناوەندی، هیرارشی چەندلایەنە و فرەلایەنی هەیە. لە ڕاستیدا ئەوانیش بەو شێوە پان و خەتی نین وەک لە ئەدەبیاتی بەڕێوەبەری شەریکەکان یان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشە دەکرێ.

ڕێکخراوێکی بەتەواوی پان و خەتی ناتوانێ پێچەڵپێچ بێت. ڕێکخراوە پانەکان لە خۆیاندا ئەفسانەیەکی ئایدۆلۆجیایین کە تەنیا کارکردیان شاردنەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کە وەبەرهەم دەهێندرێت.[١٦] ئەو تەنیا ڕێکخراوە بەتەواوەتی پانانە کە هەن دەکرێ ئەو ماتریانە بن کە لە ئەستێرەکان هەن، بەو پێیەش شتێکی ئەوتۆ لەوێ ناقەومێ ئیتر شتێک بۆ ڕێکخستن و کاری ڕێکخراوەیی نامێنێتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە ڕێکخراوە پێچەڵپێچییەکان قەت ناتوانن پان بن. لەلایەکی تریشەوە ڕێکخراوە پێچەڵپێچییەکان ئەو شیانە دەخوڵقێنن کە دەسەڵات بەرفراوانتر بێت هەتا لەو ڕێکخراوانەدا کە ڕێبەری ناوەندییان هەیە.

***

نەریتی ڕێبەری ناوەندی و بوونی سەرۆکێک لە جیڤانۆکی ڕێبەریی پاشایەتییەوە بۆ ئێمە بە میرات ماوەتەوە. شێوازی ئەوتیۆپی کۆنی بوونی

16. Jo Freeman, Cathy Levine, Untying The Knot Feminism, Anachism & Organisation London, Dark Star Press/Rebel Press, 1984 s 5-16.

ئیمپراتۆر، پاشا یان سەرۆک کە دەسەڵاتێکی تەواو و گشتی هەبووە دواتر پێشکەوتووە و دیمۆکراتیزە بووە و لە شکڵی نوێی وەک حکوومەت، سەرکۆمار، دەستەی کاریگەری و بەرپرسی گشتیدا دەرکەوتووە.

لە ڕاستیدا ئەوەندەی لە جیڤانۆکەکاندا باسی دەسەڵات و بەڕێوەبەری پان و بەرینی پاشاکان دەکرێ ئەوەندە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ئەو دەسەڵاتە هەمووی لە دەستی ئەواندا نەبووە. بەڵام سەدان ساڵە ڕێکخراوگەلی ناوەندی بەهێز، هوویەت و سیمبۆلە پڕ دەسەڵاتەکان، وێنەی خاوەندانی دەسەڵاتدار لەسەر عەرز و ڕوانگە تیۆرییەکان لەسەر پیرامیدی دەسەڵات وەبەرهەم دەهێندرێ.

لێرەدا من پشتی ئەو بۆچوونە دەگرم کە کارگێڕییە بەڕێوەبەرییەکان سستی زیاتر پێکدێنن هەتا بەڕێوەبەری. ئەڵبەت حاڵەتی تایبەتیش هەیە. کارگێڕییەکان لەو کاتانەدا کە کاروبارەکان سادە و پێشبینی کراو بوون، واتە خەتی بوون نەک پێچەڵپێچ، توانیویانە ڕۆڵی بەڕێوەبەریی خۆیان بگێڕن: وەک نموونە کاتێک شەریکەیەک ویستوویەتی ژمارەیەکی کەمی مۆدێلی سەیارە وەبەرهەم بێنێ یان ئەوە ڕێکخراوێک جاروبار توانیویەتی خۆپیشاندانێک ڕێک بخا.

تەنانەت لەم نموونە سادانەی سەرەوەشدا فەرمانی نەیتوانیوە بە شێوەی پان و بەرین جێگە بگرێ. ئەگەر هاتباو کارمەند یان ئەندامان لە نەکاو بە تەواوەتی فەرمانبەری و گوێڕایەڵییان بکردبا ئەوە تەنانەت ئەم ڕێکخراوگەلە سادانە و کاروبارەکانیان لێک هەڵدەوەشا.

**فەرمانی بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی خراپەکاری (سابۆتاژ)**

چۆن فەرمانی بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی خراوکاری و سابۆتاژ لە کاروباری ڕێکخراوەییدا نووسەر یاروسلاف هاشکاس لە کتێبی "شڤیک، سەربازە پیتۆڵەکە" بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و کۆمیک باسی پێکهێنانی

شێوازێکی بەرهەڵستکاری دەکا کە بە شڤیکیسم ناودێر کراوە. یانێ فەرمانی بێ ئەملا و ئەولا کاروباری ڕێکخراوەیی دەبێتە هۆی خراوکاری و سابۆتە کردن.

کاتێک ڕێکخراوەکان بەرەو پێشەوە دەچن و شیانی گەورەبوونی ئەوان بەربلاوتر و چەند لایەنەتر دەبێ ئەوە کارگێڕان و بەڕێوەبەران لەسەرەوە وەک ملی شووشەیان لێ دێ. لێرەدا کە بەڕێوەبەری ناوەندی ناتوانێ کێشە پێچەڵپێچییەکان بێجگە لە کێشەی بچووکی تێکنیکی چارەسەر بکا. پێچەڵپێچی یان نابەڕێوەبەری لە خۆیدا دەبێتە هۆی هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی بەڕێوەبەری. بەڵام ئەگەر هاتوو هەر ڕێکخراوێک لە ڕادەبەدەر کەوتە ژێردەستی دەستەی بەڕێوەبەری و کارگێڕی ئەوە کاروبارەکانی ڕێکخراوەیی چەتیان تێ دەکەوێ. جێبەجێکردنی فەرمانی بێ ئەملا و ئەولا و بەڕێوەبەری ناوەندی کاریگەری نەرێنی لەسەر بەرهەمهێنان دەکەن. ئاکامەکە ئەوە دەبێ کە وزەیەکی زۆر بۆ بەرهەمهێنانێکی کەم بەفیرۆ دەڕوا.

**لە باتیی دەستە کارگێڕییەکان:**

وەک شێوازێک بۆ ئەوە پێچەڵپێچیی گەورە بەرەوپێش بڕوا، ڕێکخراوەکان هەتا ئێستا زۆر شێوازی جۆرەوجۆری فرەلایەنی دەسەڵاتی ناوەندییان تاقی کردووەتەوە. ژمارەیەک لە بزووتنەوە گەلییەکان دەستەی کارگێڕییان لەگەڵ گرووپگەلێکی بەرفراوانی هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ شێوازی دەستەی ڕاوێژکاری و گرووپگەلە پێوەندییەکان گۆڕیوەتەوە. ئەم جێگرەوە دانانەوە لە باتیی دەستەکانی کارگێڕی دەکرێ لەوەوە لێیان تێ بگەی کە ناوەندی دەسەڵاتداریەتی فرە ڕەهەندی کراون، واتە لەنێو ڕێکخراوێکدا لە باتی تەنیا دەستەی کارگێڕی ئەو دەستە و گرووپی فرەتر لە پرۆسێسی دانی بڕیارە گرینگ و چارەنووسسازەکانی نێو ڕێکخراوەکەیاندا بەشداری دەکەن.

ئەگەر هاتوو لە باتی بەڕێوەبەرییە ناوەندییەکان، ڕێکخراوە

پێچەڵپێچییەکان جێگەیان بگرنەوە، ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەو مانایە نییە کە دەسەڵات کەمتر دەبێتەوە. کاتێک ڕەهەندە ناختییەکان فرەلایەنی ناوەندی دەسەڵات دەربخەن، ئەوە دەسەڵاتی ڕێکخراوەیی لە تەواوییەتی خۆیدا لەنێو ڕێکخراودا زیاتر و زیاتر دەبێ: بەو شێوەیە هەم بڕیاری زۆرتر دەردەکرێ و هەم ڕاهێنانی زیاتری دیسپلینە ڕێکخراوەییەکان دەکرێ و هاوکات بەشداری لە دانی بڕیارەکان و بەهەمان شێوەش جێبەجێکردنی بڕیارەکان، ژمارەیەک زیاتر لەنێو ڕێکخراوەکاندا بەشداری دەکەن.

ئەگەر هاتوو هەستکردن بە بەشداربوونی زیاتر لە دەرکردنی بڕیاردا زیادی کرد ئەوە فەرمانبەری لە بڕیاریش بەهەمان شێوە زیاد دەکا. ئەمە هەم لە بزووتنە گەلییە دیمۆکراتیکەکاندا و هەم لە ڕێکخراوگەلێکی نادیمۆکراتی وەک گوگلیشدا Google وەڕاست دەگەڕێ. ئەو ڕێکخراوگەلە کە بە شێوەی ڕێبەری ناوەندی ڕێبەری دەکرێن هەمان هەل و شیانی بەرهەمهێنانی لەو چەشنەیەیان نییە.

کێشەی ڕێکخراوگەلە ڕێبەرناوەندییەکان ئەوە نییە کە دەسەڵاتی زیاتر بەرهەم دێنن، کێشەکە لەوەدایە کە ئەو چەشنە ڕێبەرییە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵات، ئەمەش نابێتە هۆی چارەسەری کێشەکان.

نیچە لە کتێبی "وەرگەڕانەوە"ی هەتاهەتایی" جێگرەوەیەکمان (ئەلتەرناتیڤ) لە باتی ڕوانگە ختییەکان لەسەر کۆمەڵگە و ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەییەکان پیشان دەدا. ڕەنگە ئاساییترین ڕوانگەی ختیی لەسەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەییەکان کاریگەریی سیاسی لەسەر دەستەڵاتداران بێت بە هۆی هەڵمەتەکان، ڕۆشنگەری و چێکردنی بیروڕا. لەگەڵ نیچە و تیۆری ناختی ئەو، ئێمە دەتوانین ئەو ڕوانگە باوە لەسەر چۆنیەتیی کارکردی کۆمەڵگە بگۆڕین و هەروەها بزانین کە چۆن کۆمەڵگە دەگۆڕدرێ.

***

سیاسەت وەک "وەرگەڕانەوە" وەکو بیرێکی کۆنەپارێزی دەچێت هەتا گۆڕانی سیاسەتی باو. بەڵام با وەبیری خۆمانی بێنینەوە کە "دووبارە" "سەرلەنوێ" لە شۆڕش و گۆڕاندا مانای "وەرگەڕانەوە" دەدا. لێرەدا بڕوانە پێشگری re لە شۆڕشدا re-in Revolution. من لێرەدا هەوڵ دەدەم نیشان بدەم "وەرگەڕانەوە" لە خۆیدا هەمان مانای گۆڕانی سیاسەت دەدا.

**"وەرگەڕانەوە" Recursive چییە؟**

"وەرگەڕانەوە" شتێکە کە خۆی سەرلەنوێ وەگڕ دەخاتەوە. وەک ئەوە مەحکەمەیەک خۆی مەحکەمە بکا، ماڵپەڕێک کە لینکی خۆی دادەنێت. زۆربەمان بە تێڕادیتوویییەوە وێنەیەکمان دیوە کە لەنێویدا وێنەیەکی بچووکی هەمان وێنە هەیە کە هەمیشە و دایم هەڵگری هەمان وێنەیە.

لەنێو پلانڕێژی کۆمپیوتەردا ""وەرگەڕانەوە"" کەرەستەیەکی ئاساییە لە پلانڕێژیدا. لێرەدا مەبەستی من پێوەندانی "وەرگەڕانەوە" لەگەڵ کۆمەڵگە و ئاڵوگۆڕی سیاسییدایە: با لێرەدا بیر لە پلانێک بکەینەوە کە بە ناوی "چەکداماڵین" ناسراوە. لە کۆتایی پلاندا فەرماندەر بەم شێوەیە باس لەسەر گەلاڵەی جێبەجێکراو دەکا: "ئەگەر چەکێک ماوەو لە کار نەخراوە. دەبێ پلانەکەمان سەرلەنوێ دووپات بکەینەوە هەتا دوایین چەک دادەماڵدرێت". لێرەدا "وەرگەڕانەوە" تەنیا شتێک نییە کە لە بازنەیەکدا بە خۆڕایی لە بۆشاییدا بە دەوری خۆیدا خول دەخواتەوە. پلان ڕەنگە هەزاران و ملیۆنان شتی وای تێدا بێت کە پێویست بێت هەموو جارێک کە پلانەکە جارێکی تر وەگەڕ بخرێتەوە و دووپات بکرێتەوە.

زۆر ئەنیستیتۆ، حکومەتەکان، پەرلەمانەکان، ڕێکخراوەکان و شەریکەکان "وەرگەڕانەوە"یین. ئەوان خۆیان دووپات دەکەنەوە و بەو شێوەیە خۆیان سەرلەنوێ چێ دەکەنەوە. ئەوان خۆیان "خۆیان" دووپات دەکەنەوە، ئەگەر هاتوو "وەرگەڕانەوە"ی ئەوان توندئاژۆیانە بوو، ئەوە ئیتر ئەوان لە

ڕوانگەی"وەرگەڕانەوە" دا "وەرگەڕانەوە"یی نین. ڕوانگەکان لەسەر سیاسەت و بەرهەڵستکاری کە وەک ڕوانگەی سەردەست لەنێو بزووتنەوەی بەرهەڵستکارییەکان، چالاکانی سیاسی و زانستی کۆمەڵناسی باوی هەیە "وەرگەڕانەوە" لە کیس دەدەن. لە باتی "وەرگەڕانەوە" ڕوانگەیەکی خەتی برەوی هەیە کە لەودا پێیان وایە هێز لە هەڵمەتە سیاسییەکاندا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بڕیاربەدەستان هەیە. وابیر دەکەنەوە هەروەک مۆتۆڕی ماشینێک هەرچەندە هەڵمەتەکان بە هێزتر بن، کاریگەری زیاتر دەبێت. سیاسەتی خەتی بە شوێن هەڵمەتی بەهێز و باندۆڕ و کاریگەری دەکەوێت. بەڵام سیاسەتی "وەرگەڕانەوە" لە باتیی ئەوە، جارێکی تر خۆی بەشێوەی زیرەکانە، بە گوڕ، ئەزموون وەرگرتوو و سەرنج ڕاکێشانە سەرلەنوێ دەژێنێتەوە.

### لە ئەرەستۆ وە هەتا مەسیحییەت و یەهوودی

"وەرگەڕانەوە" لەسەر دووالیزمی "کەرەستە" و "ئامانج" لە چەمکی پراکسیسی ئەرەستۆدا هەیە. پراکسیس ئەوەیە کاتێک کەرەستە لە خۆیدا دەبێتە ئامانج بۆ گەیشتن بە ئامانجێک.

وا وێ دەچێ عیسا یەکێک لەو کۆمەڵناسە یەکەمانە بێت کە بیری کەرەستە – ئامانجی خەتیی بە لاوە ناوە. "هەموو ئەو شتانەی کە ئێوە دەتانەوێ کەسێک بۆ ئێوەی بکات، دەبێ ئێوەش هەروەها بۆ ئەوانی بکەن" ئەمە ئەو شتەیە یاسا و پێغەمبەر دەیڵێن. بەپێی قسەی عیسا دەبێ خوێندنەوەیەکی گەڕانەوەییت بۆ یاسا هەبێت، ئامانج و کەرەستە لە خولانەوەیەکی بەردەوام بە دەوری یەکتریدان. یاسا لەو خولانەوەیەدا ڕەچاو دەکرێت. ڕەخنەی کۆمەڵگەی (پێغەمبەرییانە) هەم لە مەسیحییەت و هەم لە یەهوودیدا زۆر جاران گەڕانەوەیین، دووبارە سازکردن بە کرداری ئەنجامدان و جێبەجێکردن.

هەر دوو ئاین و هەڵمەتە سیاسییەکان لە گەڕانەوەی نەرینیدا چەق

دەبەستن. ئەوەی کە دووبارە ساز دەکرێتەوە تەنیا بەرهەڵستکارین و ئەوەی بەرهەڵستکاری لە دژی دەکرێت. لە میانەی پشتلێکردن و دژبەری، بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی خۆی لە گەڕانەوەیەکی دووبارەدا وەدەست دێنێتەوە. کە دژبەری خۆی لە دووبارە سازکردنەوە جوێ کردەوە، خودی دژبەری لەنێو بازنەی گەڕانەوەی گۆڕانی کۆمەڵگەییدا لەنێو دەچێت. دژبەری لە خۆیدا دەبێتە دووبارە سازکردنەوەی دەسەڵات بە هەموو لایەنە نەرێنییەکانیەوە.

## گاندی داهێنەری بەرهەڵستکاری گەڕانەوەیی

گاندی بەشێوەی گەڕانەوەیی لە بەرهەڵستکاری و ناتوندوتیژی تێگەیشت. تێگەیشتنی ئەو نزیکی کۆمپلێکس تیوریسییەنەکانە. ١٩٢٦ ئەو پێی وابوو کەرەستە و ئامانج پێوەندیی قۆڵ لەگەڵ قۆڵیان پێکەوە هەیە، ئەو دووانە لای یەک ڕاوەستاون و هەر دوو پێکەوەن. گاندی بەم شێوەیە ڕوانگەی خۆی دەردەبڕێت: "لە ڕوانگەی بەشێک لەو چارەسەرییانە کەم من وەپێشم خستوون، تۆ گەیشتوویتە ئەو قەناعەتە کە من هەموو کەرەستەیەکم بەکار هێناوە بۆ ئەوە بە ئامانج بگەم. کە من بەو شێوەیە بجووڵێمەوە، لە دژی سروشتی منە. من زۆر جاران لەم بارەوەم ڕوونکردنەوە داوە و هەروەها لە هەڵسوکەوتەکانیشمدا دەردەکەوێ کە کەرەستە و ئامانج پێکەوەن و وێکڕا وەپێش دەکەون".

لە دەیەی سییەکاندا گاندی لەوەش دەچێتە پێشتر. کەرەستە و ئامانج بە جۆرێک لێکگرێدراون کە لێک جیا ناکرێنەوە. دووالیزمی نێوان کەرەستە و ئامانج، خەتیبوونی نێوان ئەو دووانە دەڕووخێنێت و لە جێگەی ئەو، گەڕانەوە، دووبارە سازکردنەوەو خۆسازکردنەوە دێتە کایەوە:

"من لەو باوەڕەدام لە کۆتاییدا ئامانج و کەرەستە شەرت و مەرجی جەوهەری پێکەوە گرێیان دەدا".

..."بۆ من کەرەستە و کۆتایی چەمکی جەوهەرین، بە هەمان شێوەش

ناتوندوتیژی و ڕاستیش کۆتایی ئەوانن".

بۆچوونی وا ڕادیکاڵ لەلای گاندی دەبێتە هۆی ئەوە توندوتیژی لەوە کە خۆی ساز دەکاتەوە، گۆڕانی بەسەردا بێت. خۆسازاندنەوەی بەرهەڵستکاری ناتوندوتیژی دەکرێ بەهۆی کەسانی ترەوە ئەوەندە دووپات بکرێتەوە کە جێ پێ بە دەسەلات و سەرکوت لێژ بکا و جێگەی ئەوان بگرێتەوە. وەک لە ژێرەوە دەیبینین سەرکوت و دەسەلات بۆ خۆیان گەڕانەوەیین نەک ئەو سیستەمە گەورە کۆمەڵگەییانە کە بە سەر ئێمەوە حاکمن و لە زەینی ئێمەدا جێگەیان گرتووە.

## کۆمەڵگە وەک گەڕانەوەیی لە باتی هەڵسووڕاندن

هاوشان لەگەڵ کۆمەڵناسی خەتی و سەردەستی ئەو، کۆمەڵناسی گەڕانەوەش وەپێش کەوتووە. جۆن لاو John Law کۆمەڵناسی گەڕانەوەیی و ناخەتی بۆ نموونە چەمکی ئینتراکسیۆنیسمی سیمبۆلیک بەکار دەبا. "ئەم چەمکە باسی کۆمەڵگە و ڕۆشنگەری وەک پرۆسێسە 'وەرگەڕانەوەیی'یەکان دەکا"

کۆمەڵناسی گەڕانەوەیی بە گشتی توێژینەوە لەسەر سیستەمە کۆمەڵگەییەکانی وەک دەوڵەتە نەتەوەییەکان، کاپیتالیزم و بەجیهانیبوون یان ئیمپراتۆری دەکا.

کە گەڕانەوەی سەرلەنوێی بەرهەمهێنان لە پانتاییەکی وادا دووپات بکرێتەوە، ئەوە ئەو تێکەیشتنە دێتە گۆڕێ کە نەزمێکی گەورەی دەسەلاتداریەتی هەیە. تیۆری کۆمپلیستیتە نەزمە سەقامگرتووە گەورەکان لەگەڵ کردەوە ئاسایی و چکۆلەکان و ئەو پێوەندییانە کە لە نێوان دووپاتبوونەوەدا کۆمپلسیتیتەی چاوەڕوان نەکراو دەخولقێنن، ڕوون دەکاتەوە. کۆمپلیستیتە هەم نەزم و تێکەڵپێکەڵی و بێ نەزمی دەخولقێنێت. بەلام بێجگە لەمە نەزمی گەورە و لە سەرەوە حاکمبوونی نییە.

"نەزمـێکی کـۆمـەڵایەتی بوونی نـیـیـە، تـەنانەت لەگـەڵ زۆر هـەوڵدان لەم پێوەندییـەدا . لەولاشـەوە وێنای تایبـەتی من لە پێوەندییـە کۆمـەڵایەتییـەکان ئەوەیە کە وەرگەڕانەوەییە بەڵام نەک لە تەواوەتی خۆیدا کە پڕە لە ژمارەیەک نەزمی تێکەڵپێکەڵ و نەناسراو".

لە باتـی ئەوە کـاپیـتـالیـزم، دەوڵەتـان، سـەردەسـتـی جـێنسـی، ئاپـارتاید، بنەمـاڵـە، فـاشـیـزم، ڕاسـیـزم، کۆڵۆنیـالیـزم وەک سـیـسـتـەمـە گـەورەکـان کـە حـاکـمـیـیـەت دەکـەن و وڵات هـەڵدەسـوورێنن، ببـینین ئێـمـە دەتـوانین ئەوە دەرخـەین کـە چۆن کردەوە گـەڕانەوەییـە ئاسـاییـیـەکان و پێوەندییـەکان لە ژیانی ڕۆژانـەی ئێـمـەدا دووبارە سـاز بـکرێنەوە. ئەم دووبـارە سـازکـردنەوە ڕۆژانەییـیـانە لە مـیـانەی دووبارەکردنـەوەی دەنگ و ڕیتـمـەکـان و پێـوەندییـە کۆمپلێکسە چاوەڕوان نەکراوەکان وەبەرهەم دێن.

بۆ دەسـتـەیەکی بەرهەڵسـتکاری ئەمـە بەو مـانایەیە کـە سـیـسـتـەمـێکی نەبیندراو کە لە دژی خەبات دەکەی و دەیڕووخێنی، بوونی نییە. وەک ئەوە لە شەسـتـەکاندا باو بوو خـەباتکردن لە دژی "سـیـسـتـەم" وەک دژدەرکـەوتن لە دژی بای ئاش بوو.

زۆر گرینگە کە لە نێوان کۆمـەڵناسی گـەڕانەوەیی و ڕووانگەکـانی تر لە سـەر دووبـارە بەرهـەمـهـێنان، دووبارەکـردن، کـۆپیکردن و لاسـاییکردنەوە جـیـاوازی دابـندرێت. زۆر ڕوانـگەی بازنـەیی سـەرلـەنوێ سـارکـردنـەوە بە یـارمـەتـی لۆجـیـکی بـەرفـرە یان نـەزمـێکی ناوەنـدی ڕوون دەکـاتـەوە. دووبارەکـردنـەوەکـان هۆکـارێکی خـەتی دادەهێنێت. هـەر بەو هـۆیـەوەیە کـە گەڕانەوە لە کیس دەچێت.

### ماتریالیزمی گەڕانەوەیی دوور لە دوالیزم

گەڕانەوە یارمەتی ئێمە دەدا کە خـۆمان لە ڕوانگەی دوالیستی لەسـەر زمان و مـادە قـوتار بـکـەین. وەک دێلۆز Deleuze پێی وایە دوالیـزم دەبێتـە هۆی

ئەوە ڕوانگەیەکی پارانۆیدمان لەسەر جیهان لا پەیدا ببێت. زمان لەم ڕوانگە پارانۆیدەدا ڕاستییەکی مادی نوێنەرایەتی دەکا. هەر بۆیە ئێمە جیهانێکی زمانیی نا مادی و جیهانێکی فیزیکیمان لا دروست دەبێت. زمان دەبێتە کەرەستەی پارانۆیدی بەجیڤانۆک نیشاندانی مادەکان.

گەڕانەوە دەتوانێت نیشانمان بدات کە بەردەکان، وەرزەکان، هەڵپەڕکێ، مۆزیک و بەرهەڵستکاری لەگەڵن، بیر دەکەنەوە و ئاخافتن دەکەن. بیرکردنەوە ئەزموونی سوبجەکتیڤ لە جیڤانۆکیی دەرەوەیی جیهان نییە. وەک نموونە کورسییەک بە شێوەی گەڕانەوەیی سەرلەنوێ جارێکی تر وەک کورسی کەڵکی لێ وەردەگیردرێتەوە، کورسییەک ناوی "کورسی" سەرلەنوێ لێ دەنرێتەوە. جیهان لەگەڵ ئێمە مادەیی دەکرێتەوە لە میانەی خولی "وەرگەڕانەوە"یی خۆیدا، زمان بەشێکی گرینگە لە مادەیی کردنەوە.

ماتریالیزمی "وەرگەڕانەوە"یی من وەک باسەکەی یودید بویلەرس Judith Butlers دەچێ لەسەر ماتریالیزم لە Bodies that Matter ساڵی ٣٩٩١، و , och Undoing٧٩٩١Performative, Excitable Speech: A Politics of the .٤٠٠٢Gender,

ناخەتییە تیۆریسییەنەکان زۆرجار لە ڕوانگە دووالیستییەکانی خۆیان لە سەر زمان دەچەقن. ئەوان باس لەسەر جیهانی ئێمە هەم وەک لایەنی زمانی و هەم وەک لایەنی فیزیکی دەکەن. لەوان خراپتر ناخەتییە لەگەڵ خۆ ناکۆکە ماتریالیستەکانن کە لە ڕوونکردنەوەی زمان و مانادا ئیدالیستییانە هەڵوێست دەگرن. بەڵام لەنێو ئەوانیشدا کەسی تایبەت هەیە. جۆن لاو هەوڵی ئەوە دەدا کە دیسکۆرس وەک "وەرگەڕانەوە"یی، مادەیی و لەشیی تێ بگا:

"دیسکۆرس هەر دیسکۆرسە، لە دیسکۆرسدا هێماکان "وەرگەڕانەوە" پێک دێنن. ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە دەتوانین هێماکان لە ڕوانگە و

چێبوونەکاندا وەبینین کاتێک پرسیار لەسەر ئەوە بێت کە کارکردنی دیسکۆرسانەی ئەو هێمایانە لە خۆیاندا دەبن بە بەرهەم.

ئەمە تەنیا کۆمەڵێک بیرکردنەوەی خێرا بوون لەسەر ئەوە کە چۆن "وەرگەڕانەوە" ڕوانگەکانی ئێمە لەسەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەییەکان و بەرهەڵستکاری لە خەتە چاوەڕووان نەکراوەکان و سەرلەنوێ دروستکەرەوەکان دەگۆڕێ. چاوەڕێی ڕوانگەی تۆشم لەم بارەوە!

سەرچاوەکان:


John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 221.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 31.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 20.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003.
John Urry, Global Complexity, Polity Press,2003, p 122.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 20.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 90.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 10.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 111.
John Urry, Global Complexity, Polity Press, 2003, p 112.
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
Gandhis Collected Works vol 36, p 29, original 1926.
Gandhis Collected Works vol 42 p 269, original 1931.
Gandhis Collected Works vol 76, p 13, original 1939.
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994
John Law, Organizing Modernity, Oxford: Blackwell, 1994

## ئاوڕدانەوەیەک لە پۆستبەرهەڵستکاری

### بەرهەڵستکاری دەبێتە هۆی وشیاری نەک بە پێچەوانە

مـــاین دو بیـــران Maine de Biran (١٧٦٦-١٨٢٤) لە دووالیــزمی نێــوان هوشیـاری ناوەکی و جیـهـانی دەرەوە خـۆی دادەبڕی. جیـهـانی دەرەوە بەو شێوەیە نییـە کـە چۆن لە دەروبەرمـانەوە دەیبینـین یان وەک چۆن ئێمـە تێی دەگەین. بەو پێیە مـاین دو بیران، دووالیزم لە نێوان جیـهان و ئەزمـوونێکی سوبجەکتیڤ کە ئێمە لە جیهانمان هەیە بەجێ دێڵێ.

لە بیـر و فەیلەسـووفـیی مـاین دو بیران کـردەوەکـانی ئێمـە پێـوەندی بە ڕادەی تێگەیشتنی وشیاری ئێمەوە هەیە. ئەوە وشیاری نییە کە دەبێتە هۆی کردەوە بگرە ئەوە کردەوەیە کە دەبێتە هۆی وشیاری. تێگەیشتن دەبێتە هۆی کردەوە. تێگەیشتن دەبێتـە هۆی ئەوە ئێمـە کردەوە ئەنجام بدەین. بەو پێیـە کردەوە ناکەوێتە پێش تێگەیشتن.

لە خـوێندنەوەی پاول ریکۆرس لە ماین دو بیران ئەوە دەردەکەوێ کـە چۆن مان و بوونی ئێمـە لە بەرهـەڵستکاریدا مـانا دەدا[17]. "من" لە بـەرهـەڵستکاری نێوان جـەسـتـەکانی ئێـمـە و جـەسـتـەکانی ئەوان چێ دەبێ. لێرەدا نواندن لەسەر جیهانی دەرەوە و وێنەیەکی سوبجەکتیڤی ناوەکی جێگەی جیهانێکی دەرەکی دەگرێتەوە.

کـاتێک مـرۆڤ و دەوروبـەر بەرهـەڵسـتکاری دەکـەن ئێمـە ئەو شـیـانەمـان دەکـەوێتـە هـەوێڵ کـە وشـیـاری خـۆیی وەدەسـتـبـێنین. بـۆ مـاین دو بیـران

17. existing is resisting

خـۆبەخـاوەن دەرخـسـتن و بەرهەڵسـتکاری هەر کـامـە ڕۆڵـی سـەرەکی لە پێکهێـنان و شکڵگرتنی وشـیـای و "من"دا دەگێڕن. لێرەدا بەرهـەڵسـتکاری دەکرێ وەک کۆسپ بخوێندرێنەوە واتە کاتێک ماتریا و جەستەکان پێش بە بزووتنەوەکانی ئێمە دەگرن. ناکرێ بەبێ کۆسپ خۆ لـە شـتێک بە خـاوەن دەربخەی یان کاریگەری لەسەر دابنێی. لەو سۆنگەوە وشیاری لە جەسـتە و شتە جەستەییەکانەوە چێ دەبێ نەک بەپێچەوانە.

وشیارییـەکی ڕۆحی بوونی نییە. ڕوحییەتی تەواو دەکرێ ناوشیاریی بێت. ڕوح وەک مـاتریا نییـە، وشـیـاری لە جـەسـتـە ناگا. لە ڕاسـتـیدا ئەوە خـودی تێگەیشـتنە کـە وەک وشـیـاری تێ دەگـەیەنـدرێت. لە سـۆنگەی تێگەیشـتنی وەرگـرتن و زەحـمـەتی جـووڵان و گـۆڕان و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەیە کـە وشـیـاری دەبێتـە وشیاریی تەواو. هەر بەو پێیە وشـیـاری و جەسـتە لێک جیا ناکرێنەوە وەک لـە دوالیزمی ڕوح و مـاتریا، ڕوحیی و جیـهـانی و هـەروەها ناوەکی و دەرەکیدا هـەیە. ڕاستینەیەکی ڕوحی بوونی نییە کە لە مـەترییایی ڕاستینە جیاواز بێت.

### خۆبەخاوەن دەرخستن و بزواندن

بەهـۆی لێکدانەوە و ئانالیزی ماین دو بیران، "ریکۆر" نیشـان دەدا کـە غەم و شـادی، تـام و زەوق، بزواندن و خۆبەخـاوەن دەرخسـتنەوە پێکدێن[18]. "من" لە خودی "من"ەوە چێ نابێ بگرە لەوی ترەوە و لە دەوروبەرەوە سـاز دەبێ[19].

ئەگەر بێتو ڕوانگەی هـۆرشـێل Husserl لەسـەر ئەوی تر وەک کەسـێکی تر وەک "من" بـەولای تردا یـان سـەروژێر بخـوێنینەوە ئـەوە ئەوی تر جـێگەی

18. “its aptitude for feeling is revealed most characteristically in the sense of touch”

19. “that selfhood implies its own "proper" otherness ì for which the flesh is the support”

خودی "من" دەگرێتەوە. ئێمە وەک یەک نین، ئێمە کەسی ترین. بەو پێیە ئێمە دەبێ لە هوویەت و وەکیەکی وەک سەلماندنی هەم خۆمان و هەم ئەوانی تریش ماڵئاوایی بکەین.

لە ڕاستیدا زەحمەتی لە ئاخافتن و نووسینندایە کە دەربڕین و ناوەڕۆک وەبەرهەم دێنێ. بەرهەڵستکاری سیاسی، تێکست، دیالۆگ و ئاخافتن هەموو هێما نین بۆ دەربڕینێکی ناوەکی لەلایەن کەسی دەربڕەوە. کاتێک ئێمە قسە دەکەین یان بەرهەڵستکاری دەکەین ئەوە بەو مانایە نییە کە وێنەیەکی جیهانیی ڕاستینەی ناوەکی ئێمە دەردەخرێ. لێرەدا "من"ی ڕاستینە بە تەواوەتی دەرناکەوێ. بەرهەڵستکاری لە دژ بەرهەڵستکارییە کە دەربڕین و ناوەڕۆکی سیاسی دێنێتە ئاراوە. زەحمەتییەکان بۆ ئەنجامدانی چارەسەری سیاسی لە خۆیدا وشیاریی سیاسی وەبەرهەم دێنێ. وشیاری ناکەوێتە پێش گۆڕانە سیاسییەکان.

### سیاسەتی پارانۆیدی

بەهۆی بۆچوونەکانی ماین دو بیران ئەو شیانە پێکدێ کە خۆمان لە ڕوانگەی پارانۆیدی لەسەر سیاسەت، بەرهەڵستکاری، هەستەکان و پێوەندی دابڕین.

نێوەرۆک خۆی لە پشتەوە یان دوورەوە ناشارێتەوە. ناوەڕۆک و مانا لە ئاخافتن و ڕێککەوتنەکان ڕاست لە خودی ئاخافتنەکەدایە نەک بە دوور لەو، نەک لە کۆدێک یان لە ئامانجێک یان مەبەستێک. سیاسەت بۆ خۆی خودی سیاسەت دەکاتە ڕاستی. کە هاتوو سیاسەت کرا بە تاکتیک و ستراتیجی کە لەودا ئامانج و ئامراز توندئاژۆیانە لەیەک دابڕێن ئەوە ئەو سیاسەتە دەبێتە ناباوەڕی. بزواندنی دەستەکانمان و ئاخافتنەکانمان ڕەنگدانەوەی ئەو شتەن کە کاریگەری لە سەرمان داناوە. ئەوەی کە لە سەرمان

کاریگەریی داناوە، دەبێتە هۆی بەرهەڵستکاری[20].

لێرەدایە کە ماین دو بیران ماڵئاوایی لە ڕوانگەی باوی وێنەی جیهانی دەکا. جیهان نە لەبیر و نە لە وشیاریماندا ڕەنگدانەوەیان نییە. ئەم ڕوانگە باوەی وێنەی جیهانی هەمان شتە کە دێلوز Deleuze و گاتاریس Guattaris ناویان ناوە فەلسەفەی پارانۆیدی: جیهانی ڕاستی لە پشتەوەی ئەوەی ئێمە دەیبینین و تێی دەگەین خۆی حەشار داوە. ئەوەی ئێمە دەیبینین تەنیا وێنەیەکی ناڕوون و لێڵە لە جیهانی ڕاستی.

کاتێک گرووپەکان بەرهەڵستکاری دەکەن، کاتێک خەڵک بڕیارێکی هاوبەش دەدەن ئەوە کردەوەیەکی سیاسی ئەنجام دەدەن. سیاسەت هەوڵێکە بۆ چارەسەری کێشەکان و گۆڕانی ئەو کۆمەڵگە ئیدەئالەی ئێمە دەمانەوێ تێیدا بژین. هەر بۆیە سیاسەت بەدوور نییە لە کردەوە سیاسییە ڕۆژانەییەکانی ئێمە.

سیاسەت تەنیا لە میانەی هەوڵدانە سیاسییەکانی ئێمە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە سەرکەوتن یان تێکشکانی دەردەکەوێ. هەر لەو سۆنگەوە بەرهەڵستکاری تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیشتن بە ئامانج یان بڕیارێکی سیاسی. بەرهەڵستکاری لە خۆیدا بڕیار و ئامانجی سیاسییە. بەرهەڵستکاری هەوڵی گۆڕان و پێکهێنانی کۆمەڵگەی ئیدەئاڵ دەدا. هەربۆیە بەرهەڵستکاری ڕووبەڕووی خودی بەرهەڵستکاری دەبێتەوە.

لێرەدا ئێمە نزیکی ڕوانگەی گاندی دەبینەوە کە پێی وایە دەبێ ئامانج و ئامراز ببن بە یەک. ئەمە بەو مانایە نییە کە ساکارانە باوەڕ بەوە بکەین کە هەموو کردەوە سیاسییەکان دەتوانن بە تەواوەتی بگەنە ئامانجەکان. ئەمە بەو مانایەیە نییە کە ئیتر ئێمە ماڵئاوایی لە سیاسەت دەکەین. بگرە بەو مانایەیە کە بەرهەڵستکاری و تێکشکانی سیاسی هەروا بەردەوام دەبێ و

20. “Maine de Biran is therefore the first philosopher to have introduced ones own body into the region of nonrepresentative certainty”

هەربۆیەش دەبێ سیاسەت و کردەوەی سیاسی هەموو کاتێک دەبێ لە نوێکردنەوەدا بێت.

لە سیاسەتی پارانۆیدی و لە بەرهەڵستکاری پارانۆیدی، بڕیارە سیاسییەکان بۆ داهاتوو هەڵدەگیردرێن. تەنانەت لە سیاسەتی پارانۆیدیدا وابیر دەکرێتەوە کە ئەوە کەسانی ترە دەبێ کردەوە سیاسییەکان ئەنجام بدەن. ئامانجی سیاسی دەبێتە ئەوتیۆپی و شتێک کە لە ئێستادا بوونی نییە. هەر بۆیە لە سیاسەتی پارانۆیدیدا جیهان بە شێوەی خەتی دەبیندرێ: ئامرازێک لەنێو زنجیرە هۆکارگەلێک دەبێتە هۆی وەدیهێنانی ئامانجێکی دوورەدەست. بەڵام ئەم بیرکردنەوە خەتییە تەنیا تایبەت و هەلومەرجی تایبەتە. بەرهەڵستکاری گاندی لە باتی ئەوە لە سەر ئەوە بنیات نراوە کە ئامانج لە خۆیدا تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج. لە بەرهەڵستکاری گاندی هەموو ئێمە بە سیاسەتەوە خەریکین و تێوە دەگلێین. ئەمە سیاسەتێکە کە لە درێژەی ڕەوتی خۆیدا شیانی تێکشکانیشی بەدواوەیە. کاتێک سیاسەت دەبێتە بەرهەڵستکاری، کاتێک ماتریا دەبێتە بەرهەڵستکاری ئەوە ئەو شیانە پێکدێ کە نوێکردنەوە و بەرەوپێشچوون ڕوو بدا.

ئێمە چارەسەرییە سیاسییەکانی خۆمان دووپاتە دەکەینەوە و کەسانی تریش ئەم ڕاهێنان و دووپاتکردنەوانە ئەنجام دەدەن. لێرەدایە کە گۆڕانی سیاسی دێتە گۆڕێ. لە باتی سیاسەتێکی خەتی ڕاوەستاو لەسەر زنجیرە هۆکارگەل، زنجیرە لەگەڵ خۆڕاکێشان، ڕاهێنان و چەند پاتکردنەوەیە کە دەبێتە هۆی تێکەڵی و ڕاکێشان و بەرەوپێشچوون لەگەڵ یەکتری.

### لە خۆتەوە دەست پێ مەکە ئەگەر دەتەوێ جیهان بگۆڕی

ئەوە تەنیا وشیاری ئێمە و "ئێمە" نییە کە بەهۆی ئەوی ترەوە پێک دێ. بەپێی ڕیکویر سوبژە و ئاکتۆرەکانیش بەهۆی ئەوی ترەوە چێ دەبن. ئەوە

هەڵسوکەوتی ئەوی ترە کە دەبێتە هۆی هەڵسوکەوت و شکڵگرتنی ڕوانگەکانی من[٢١].

بە یارمەتی بیر و فەلسەفەی لێڤینا، ڕیکۆیر نیشان دەدا ڕاستینەی ئەوی ترە، هەمان ئەوی ترە. ناکرێ ئەوی تر بکرێ بە من یان هەویەتی من یان شتێکی لەو چەشنە، بەرهەڵستکاری، ماف، پشتگری و ئەخلاق لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە ئەوی تر هەروەک من بێ یان وەکو من بێ، بگرە ئەوی تر ڕاستینەی خۆی هەیە.

هەویەتی وەکیەکی و ئەو ڕوانگەیەی کە هەموو ئێمە وەک یەک دادەنێ و لە تای تەرازوویەک دەخا، لە خۆیدا بیر و ڕوانگەیەکی سەرەڕۆیانە و تۆتالیتەرە. ئەمە شیانی پێوەندییەکان لەنێو دەبا. ئەوانەی کە یەک تاکەهەویەتییان هەیە ناتوانن پێکەوە پێوەندییان هەبێ. لێرەدایە کە تەواوەتی جێگەی پێوەندی دەگرێتەوە[٢٢].

لەم سۆنگەیەوە دەتوانین ئەوەی بە ناوی چەمکی "وێژدانی خەراپ" دەکەوێتە بەر ڕەخنەی نیچە تێبگەین. وێژدانی خەراپ پێوەندی بە خودی منەوە هەیە، پێوەندی بە ڕادەی زیرەکی و لێهاتوویی منەوە هەیە پێوەندی بە پشتگری و یارمەتی ئەوی ترەوە نییە. بەپێی ڕیکۆیر خەراپترین ئەوەیە کە وێژدانی خەراپ جێگەی وێژدانی باش دەگرێتەوە. لە باتی پشتگری و هاوکاری ئەوی تر، مافدان بە خۆم و ئێگۆیسم پێش دەخرێ.

ئەو بۆچوونەی کە مرۆڤ دەبێ لە خۆوە دەست پێ بکا، یان ماف بە خۆی بدا، ئەو شیانە لەنێو دەبا کە ئەوی تریش بایەخی خۆی هەیە. ئەو بایەخەی

21. “the self-designation of the agent of action appeared to be inseparable from the ascription by another, who designates me in the accusative as the author of my actions”.

22. “Because the Same signifies totalization and separation, the exteriority of the Other can no longer be expressed in the language of relation”

کە لە منەوە یان لەوەی کە ئێمە وەک یەک واین سەرچاوە ناگرێ. ئێمە پشتگری لەوانی تر دەکەین لەبەرئەوەی ئەوان پێویستییان بەو پشتگرییە هەیە نەک لە بەرویژدانی باشی ئێمە یان لەبەرئەوەی بۆ خۆمان پێمان خۆشە. هەر لەو ڕوانگەیەوە سیاسەت ئەوەیە کە ئەو بڕیارە بدرێ کە کاریگەری لەسەر ئەوی تر یان هەموومان پێکەوە دەکا و هەربۆیە سیاسەت دەبێ بەهۆی هەمووشمانەوە بەڕێوە بچێ و پراکتیزە بکرێ.

سەرچاوەکان:


Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p 322.

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p 324

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p324.

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p326

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1996, p 329

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p 633

Paul Ricoeur, Oneself as Another, The University of Chicago Press, 1994, p 347

## هایدگەر و ئامرازگەلی لێکدانەوە

کاتێک ئێمە لەگەڵ شتگەلێک سەروکارمان پەیدا دەبێ و دەمانەوێ لەژێر ڕکێفماندا بن حەوجێ نییە حەتمەن ئەو شتگەلە لە وشیاریماندا هەبن بگرە ئەو شتگەلە بۆ خۆیان هەن. هەتا کەمتر بیر لە چەکوشلێدان بکەینەوە بە هەمان شێوەش ساناتر چەکوشەکان دەوەشێنین.

ئێمە لێرەدا بەهۆی ئامرازە لێکدانەوەییە بەناوبانگەکەی هایدگەر دەتوانین جیاوازی لە نێوان ئامراز و شتگەلدا دابنێین و بزانین شتەکان کەی لە وشیاری ئێمەدا هەن. کاتێک چەکوشێک بەکاردەبرێ، ئەو لەنێو دەستدایە و دوورە لە وشیاری[٢٣].

ئەوەی کە لای ئێمە بوونی هەیە ئەوەیە کە چەکوشەکە شکاوە یان ئەوە ئێمە نازانین بەکاری بەرین. لێرەدا کێشە و پێچەڵپێچییەک سەرهەڵدەدا. شتەکان لە خۆیان بەرهەڵستکاریی نیشان دەدەن و پێویستە ئێمەش بیریان لێ بکەینەوە. بەرهەڵستکاری ئامراز و ماتریا دەبێتە هۆی زەحمەتی.

وشیاری و بوون لە ناوەوە سەر هەڵنادەن بەپێچەوانە لە زەحمەتی شتەکانەوە وەدی دێن[٢٤].

لێرەدا چەکوش بەهۆی زەحمەتییەکانییەوە بۆ ئێمە بوونی هەیە[٢٥]. ئەمە بەو مانایەیە کە ئێمە لە میانەی زەحمەتییەکاندایە کە وشیاری لەسەر

23. “the hammer is ì ready-to-hand as equipment”
24. When we notice what is un-ready-to-hand, that which is ready-to-hand enters the mode of obtrusiveness
25. “present-at-hand”. “Only now are we given any access to properties"

ئامـراز و مـەتریا وەدەست دێنین. ئـەوەی کـە تەنیـا ئێـمـە بە قـووڵی تێی دەفکرین، ئەو کێشەیەیە کە پێویستمان بە چارەسەرییەکەی هەیە. ئەوەی کە بەو هۆیەوە دێتە نێو وشیاری ئێمەوە، زەحمەتییەکان، کۆسپەکان دەبنە هۆی ئەوە وشـیاری ئـەو شـیـانەی وەهەوێڵ بکـەوێ کە شـتـەکـان لە چوارچێـوە و جیهانی خۆیاندا ببینین.

ئەوەی کە کۆسپ و زەحمـەتی نییە لە وشیـاری ئێمـەدا جێگەی نابێتەوە و لە جیـهانی تایبەت بە خـۆیدایە. چەکوش و ئامرازێک کە ئێمە کەڵکیـان لێ وەردەگرین تەنیا لەنێو چوارچێوە و پێوەندییـەکانی خـۆیاندا مـانا دەدەن و دەکـار دەبردرێن. ئەوە ئەم چـوارچێوە و پێوەندییـانـەیە کە دەبنە جیـهـانی چەکوش.

لێکدانەوەی هایدگـەر لەسـەر چەکوش و کارکردی چەکوش دەکرێ لەسـەر لەشـەکانی ئێمەش وەڕاست گـەڕێ. بە هاویناندا من دانسی سـاڵسا دەکەم. ڕێ دەکـەوێ ئەو کـاتانەی کـە مـن بیـر لە هـەنگاو یان بزواندنی پێـیـەکـانم دەکـــەمـــەوە، ڕاست لـەو دەمـــانەدا دانســـەکـــەم لێ تێکدەچێ و ڕیتـــمی هەڵپـەڕکێکەم لێکدەپچڕێ. یەکەم ڕاهێنان و کۆرسی سـاڵسـام لەبیرە. ئەو کـاتانە بە وشـیـاری و لە ڕووی بیـرکـردنـەوە و پێـیـەکـانم دەجـوولاند. من دەمـەویست تێ بگەم و حـاڵی ببم کـە چۆن هـەنگاوەکـان هەڵدەگیـردرێن و سووڕانی سـاڵسا دەکرێ. بەڵام هەتا کـاتێک خۆم لە بیرکردنەوەی جووڵان و بزاوتنی هەنگاوەکـانم ڕزگـار نەکـرد ئـەوە فـێـری دانسی سـاڵسـا نەبووم. سـاڵسـا زانستێکی تاکییەتی نییە. سـاڵسا پێکەوە لەگەڵ کەسـانی تر، لەگەڵ مۆسیـقـا و لەگەڵ کەشوهەوای شـوێن دەکرێ، سـاڵسـا لە خـۆیدا تەنیـا لە جیهانی ساڵسادا مانا دەدا و دەکرێ.

شتەکان لەگەڵ یەکتری تێکەڵن، بەڵام هەرکامە و کارکردێکی خۆی هەیە و لەگەڵ ئـەوی تر و شتەکەی تر مانا دەدا. ئەم تێکەڵبوونە لەنێو یەکتردایە کە

"جیهان"ی فەلسەفی هایدگەر پێکدێنێ. لەو جیهانەدا جەستە یان شتی تاکییەتی بوونی نییە. ئەوان وەک ئەتۆم بوونیان نییە. هاوڕێ لەگەڵ بیری دێلووز دەتوانین بێژین کردەوەکان، لەش و جەستەکان و شتەکان پێکەوە دەبنە هۆی سازبوونی مولوکول و زەحمەتییەکان.

**ڕاستی لە تەنیشتمانەوە نییە**

هایدگەر سەری لەوە سوڕ دەمێنێ کە بۆچی فەیلەسووفێک دەبێ خۆی بە ئەرکدار بزانێ کە ڕاستی لە شێوازی هەبووندا بە ئێمە بناسێنێ. ئەم ڕوانگەی هایدگەرە دەکرێ ئاواش بخوێندرێتەوە کە دیسان ناکرێ ڕاستی لە وشیاری گرێ بدرێ و بوترێ وشیاری ڕاستی دەبینێتەوە. کە لە جیهان بژی و پێکەوە بژی پێش لە هەموو شتێک بەو مانایە کە خۆت لە ناوشیاریدا دێڵیتەوە.

کە پێکەوە کار بکەی، پێکەوە لە سیاسەتی گۆڕانی کۆمەڵگەدا بەشدار بی، پێکەوە بەرهەڵستکاری بکەی یان ئەوە هاموشۆ و تێکەڵیت پێکەوە هەبێ، هەموو ئەمانە پێویستییان زیاتر بە دوورەپەرێزی هەیە هەتا نزیکایەتی. سیاسەت، بەرهەڵستکاری و هاوبەشییەتی کاتێک کەوتنە سەر ڕەوتی ئاساییی ئەوە لە هەمان کاتدا وردە وردە دەبنە هۆی ناوشیاری و دوورەپەرێزی ئێمە لەوان.

لە کاتێکدا پێوەندییەکان بەباشی نەچنە پێش، شتەکان بشکێن و خەراپ بن و هاوبەشییەتی ئێمە ببێتە هۆی بەرهەڵستکاری ئەوە ناوشیاری لەسەر ئەو شتانە جێگەکەی لەگەڵ وشیاری دەگۆڕێتەوە.

سیاسەت تەنیا بەمانای وشیاری سیاسی نییە. بەرهەڵستکاری تەنیا بە مانای ڕاگوێزرانی زانیارییەکان لەسەر زوڵم و نەهامەتییەکانی جیهان نییە. بەڵێ ڕاستە کە ئێمە برە جارێک تووشی هەڵە دەبین و پێویستمان بە

ڕاستکردنەوەی هەڵەکان هەیە. لەو کاتەدا ئێمە بۆ ماوەیەک هەتا هەڵەکان ڕاست دەکەینەوە، وشیاری وەدەست دێنین و بەڵام دواتر کە هەڵەکانمان خستە پشتەوەی خۆمان جارێکی تر ئەوە تووشی ناوشیاری دەبین.

بزووتنەوە گەلی و جەماوەرییەکان و گرووپە بەرهەڵستکارییەکان هێندێک جار لە گرینگیدان بە زانیاری و لەو سۆنگەشەوە وشیاری زێدەڕۆیی دەکەن. ئەوان هەوڵ دەدەن خەڵکی بخەنە بەر ڕەهێڵەی زانیاری لەسەر هەموو کێشەکانی جیهان و ئەو کێشانەی کە ئێستا چارەسەرکردنیان لە شیان و توانای ئێمەدا نییە. لێرەدایە ئەوان بیر و فەلسەفەی هەرە گرینگی هایدگەر لەبیر دەکەن. سیاسەتێکی سەرکەوتوو ئەوە نییە کە ئێمە تەنیا وشیاری کاتی بە خەڵکی بدەین. وشیاری باشە بەڵام نابێ کاتی بێت. کاتێک ئێمە کۆسپمان دەکەوێتە ڕێ، کاتێک کێشەی سیاسیمان بۆ دێتە پێشێ و پێویستە بە ئامرازی سیاسی چارەسەری بکەین، ئەوە ڕاست لەو کاتانەدایە کە پێویستی بە وشیاری خۆی بەرجەستە دەکا. لێرەدا وشیاری لە ڕێگەی ئاکتۆرە سیاسییەکانەوە ناگوێزرێتەوە بگرە وشیاری لە ناخی خودی کێشەکانەوە یان بەرهەڵستکارییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.

### کار و چالاکی وەک بنەما بۆ بەرهەڵستکاری

ئامرازی لێکدانەوەی هایدگەر بە زۆری بۆ دابڕان لە هەبوون لە فەلسەفە و زانستدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام من لەو باوەڕەدام کە بەهۆی هەمان ئامرازی لێکدانەوەی هایدگەر دەتوانین خۆمان لە گرینگیدانی زێدەڕۆیانە بە زانیاری و تێکۆشانی سیاسی و بەرهەڵستکاری داببڕین. هەمان ئامرازی لێکدانەوەی هایدگەر پێویستە بۆ ئەوە پێداچوونەوەیەکیشمان هەبێ لەسەر وشیاری بۆ چێکردنی بیروڕای گشتی.

ئامرازێکی یەکجار گرینگ و پڕ بایەخ بۆ کاری سیاسی و بەرهەڵستکاری

کار و چالاکییە. چالاکی لە خۆیدا دەبێتە هۆی لە بیرچوونەوەی خودی زانیاری. چالاکی لە پلەی یەکەمدا بە مانای لە هەوێڵ خستنی زانیاری نییە بگرە ونکردنی زانیارییە. چالاکی زەین و بیر و وشیاری ئێمە لە هەبوون و زانیاریی دەپارێزێ.

لە پرۆسێسی گۆڕانی کاری سیاسیدا تووشی کۆسپ و کێشە دەبین، هێندێک جار هەڵە و کەموکوڕییەکانی ڕابردوو لە ڕاستکردنەوەی هەڵەکاندا یارمەتیمان دەدا. زانیاری دەبێتە وشیاری. بەڵام کاتێک کێشەکان چارەسەر بوون ئەوە وشیاری وردە وردە دادەتەپێ. واتە جارێکی تر ناوشیاری لە سیاسەتدا دەست پێ دەکاتەوە.

**هایدگەر: بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون**

لێکدانەوەی هایدگەر لەسەر مەودا و نزیکی، هەرە کەرەستەی باشە بۆ لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆڵ و گرینگیی ئینتەرنێت و مۆبایل بۆ بەرهەڵستکاری و چالاکییەکان. لێرەدا با کەمێک بە چاویلکەی هایدگەرەوە بڕوانین بۆ ئەوە زیاتر گرینگیی جیهانی دیژیتاڵمان لە چالاکی سیاسیدا بۆ دەربکەوێ.

کۆمپیوتەر، تۆڕی ئینتەرنێت، بڵندگۆ و پرۆگرامگەلی کۆمپیوتەری ئێستاش هەروەک چاویلکەکەی هایدگەر وان. کاتێک بەهۆی سکایپەوە (جۆرێک پێوەندی دیمەن و دەنگ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، وەرگێڕ) لەگەڵ هاوڕێم میکایل چالاکی مافی مرۆڤ کە لە وڵاتی گواتمالا لە شاری گواتمالا سیتی لە دەفتەرەکەی دانیشتووە و منیش لە دەفتەرەکەی خۆم لە هامارکولە (سوێد) پێوەندی دەگرم، هەمان تیۆری هایدگەر وەڕاست دەگەڕێ. من لە دەفتەری هامارکولە دانیشتووم. لە نێوان من و میکایلدا ٧ کاتژمێر مەودا هەیە. بەو حاڵەشەوە میکایل لە شاشەی کۆمپیوتەرەکەوە کە وێنەی میکایل

نیـــشـــان دەدا، زیاتر لـه منـەوە نزیکتـــرە. هـەروەها دەنگـی نـزیکتـــرە لەو بڵندگۆیەی بە کۆمپیوتەرەکەوە پەیوەست کراوە و دەنگەکە لەوێوە دێ.

ســاڵی ٢٠٠٥ من لە گـرووپێکی بەرهـەڵسـتکاری کـە تەیمانی فـابریکای چەکی ناوکی لە ئاڵدرماستۆنی ئینگلتەرا قرتاند بـەشداریم کرد. ئێمـە ١١ کـەس بووین سـەر بە ٥ نەتەوەیی جیـاواز. لە پشـتـەی تەیمانەکـە ئێـمـە بە شێوەی سیمبۆلیک نەمامی دارمێو و هەنجیرمان چاند. ئێمە گیراین بەڵام دوای ٣٦ سـەعات ئازاد کراین. لـە چاوەڕوانی مەحکەمەدا ئێمە گەڕاینەوە وڵاتەکانی خۆمان: ترینا بۆ ئوستراليا. توماس، مارتین و من بۆ گوتەنبۆرگ و ستۆکهۆڵم لە سوێد. ئەندامانی تری گرووپ بۆ هۆڵەندا، ئیرلەند و شاری جـیاوازی تری ئینگلتـەرا گـەڕانەوە. ئێـمـە لە ڕێگەی ئیمـایل و سکایپـەوە پێـوەندیمان دامـەزراند و لە پرۆتۆکـۆلی مـەحکـەمـە و چۆنیـەتیی بەرگـری لە خۆمـان قسەوباسـمان کرد. زۆرجار ڕێکدەکەوت کە من و تومـاس لە مایورنا و لە هامارکولە لە پشت شاشەی کۆمپیوتەرەکانمان دادەنیشتین و لە هەمان ڕێگای سکایپـــەوە دەمـــاندی کـــە تریناش لە ئوســتـرالیـا لـە پشــتـــەی کـەمـپـیـوترەکـەی دانیـشــتـووە. جـیـاوازییـەکـە ئەوە بوو کـە ئەو لـە کـاتی نانخواردنی بەیانیدا و ئێمە لە کاتی خۆئامادەکردن بۆ خەوتندا بووین. ئێمە هەرسـێکمـان پێکەوە قـسـەمـان دەکـرد و لـە دەنگوباسـی ئەندامـانی تری گرووپ و خۆ ئامـادەکاری بۆ مـەحکەمـە ئاگەدار دەبووین. هاوبەشـیـیـەتی، پشـتگیـری و هاوخـەمـیـیـەتی بۆ یەکتـری لە ڕێگەیەکی یەکـجـار دوورەوە کـە بەهۆی شاشەی کۆمپیوتەرەوە نزیک بووبووەوە، بۆ ئێمە مسۆگەر بووبوو.

بەپێی تیۆری هایدگەر شیانێکی زیاتر بۆ سیاسەتی ناوچەیی پێشهاتووە، لەوەی کە هـەتا ئێستـا ئێمـە زانیومـانە و پێی ئاشنا بووین. بەناوچەییبوونی سیـاسـەت و بەرهەڵستکاری هێندێک جار تەنیا تایبـەت بـووە بە ناوچە یان هـەرێمێکی دیاری کراو. بـەڵام ئەمە تەنیا حاڵەتێکی تایبەت بـە ناوچەییبوونە.

بەرهەڵستکاری لە میانەی ڕاهێنان، ئەزموونەکان و گێڕانەوەکانەوە، لە خۆیدا فرەلایەنی دەبێ. هەر لەو سۆنگەشەوە بەناوچەییبوونیش فرەلایەنی دەبێ. بەرهەڵستکاری لە خۆیدا لە ڕێگەی بەناوچەییبوونەوە تەشەنە دەکا و پەرە دەستێنێ.

کاتێک بەرهەڵستکاری بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە یان شێوازی بەجیهانیبوون بەخۆیەوە دەگرێ، ئەمە لە خۆیدا بەو مانایە نییە کە بەناوچەییبوون کز و لاواز دەبێ. بەپێچەوانە تەشەنەکردن دەبێتە بەناوچەییبوون و بەناوچەییبوون لە بەجیهانیبوونەوە زیاتر بەهێز دەبێ. هەربۆیە ئێمە ناتوانین بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون وەک دژبەری یەکتری دابنێین.

هەر لەو سۆنگەشەوە ناوچە و جیهانیش لە خۆیاندا دژبەری یەکتری نین. ئەوە تێکڕای ناوچەکان پێکەوەیە کە جیهان پێکدێنن. جیهان سندووقێک نییە کە شتەکانی تێدا جێگر بووە، جیهان سندووقێکە کە شتەکان لەگەڵ یەکتری پێوەندییان هەیە و جیهان پێکدێنن.

هایدگەر دوو لایەنی دژبەر ڕەت دەکاتەوە و لە ڕوانگەی تیۆری سیاسیی خۆیەوە وشیاری و بوون لەگەڵ یەکتری گرێ دەدا. هەروەها هایدگەر ڕوانگەی باوی خەتی لەسەر هۆکار و کارتێکەری ڕەت دەکاتەوە و وشیاری لە پێشەوەی کردەوە دادەنێ. ئەمە بە هیچ جۆرێک بەو مانایە نییە کە هایدگەر وشیاری و بوون لە پەراوێز دەخا. بوون و دوورایەتی، وشیاری و ناوشیاری بەشگەلی گرینگی بەرهەڵستکاری و تێکۆشان یان ئەکتیڤیسمن. بەڵام ئەو بیرە خەتییە سیاسییە کە زانیاری و وشیاری پێش لە کردەوە دادەنێ دەبێ لەگەڵ بیر و ڕوانگەیەک کە ڕوونی دەکاتەوە بەرهەڵستکاری سیاسی و گۆڕانی سیاسی چۆن وەدی دێن، جێگۆڕکێیان پێ بکرێ.

سەرچاوەکان:

Martin Heidegger, Being and Time, trans. J. Macquarrie, Robinson E.,Harper & Row, 1962, p 98

Martin Heidegger, Being and Time, Blackwell Publishing, 1962, p 200.

Martin Heidegger, Being and Time, Blackwell Publishing, 1962, p103

Martin Heidegger, Being and Time, Blackwell Publishing, 1962, p 200

G .Harman, "Technology, objects and things in Heidegger", Cambridge Journal of Economics, 2009, p 4.

## کەرنەڤاڵەکان وەک کۆمەڵگەی تایبەت

گێرت نیلسۆنی Gert Nilson سۆسیۆلۆج نیشان دەدا کە چۆن کەرنەڤاڵەکان لە سەدەکانی نێوەڕاستدا تەنیا لە کۆمەڵگەی فیۆدالیسم دانەبڕان بگرە کۆمەڵگەی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا. من بۆ خۆم کە لە هامارکولە (سوێد) دەژیم لە دوایین حەوتووی مانگی گوڵاندا سێ ڕۆژ پشوو وەردەگرم بۆ ئەوە لە کۆنترین کەرنەڤاڵی سوێددا بەشداری بکەم.

ئەم کەرنەڤاڵە بە کەرنەڤاڵی هامارکولە بەنێوبانگە. کاتێک من بۆ یەکەم جار لەم کەرنەڤاڵەدا بەشداریم کرد، ساڵەکانی حەفتا بوو و من گەنج بووم. چەند ساڵ دواتر لە هەشتاکاندا زۆر پێشتر لە کاتی دەسپێکی کەرنەڤاڵ لە مانگی فێڤریەدا زانیمان کە گرووپی شیلی لیندۆ Chile Lindo و گرووپەکانی هەڵپەڕکێ لە بولیڤیا بە جلوبەرگی هەرێمی خۆیانەوە لە مەیدان و باخچەکانی هامارکولە خەریکی پرۆڤە و ڕاهێنان بۆ بەشداری لە کەرنەڤاڵدا بوون. بۆ من هەر ئەو دەم کەرنەڤاڵ لە مانگی فێڤرییەوە دەستی پێ کردبوو و لە مانگی ئەڤریلدا بە توندی بەردەوام بوو. لە هاوینی هامارکولەدا کە زۆر کەس بێکارەو پشووی قوتابخانەی هەیە چە لەوە باشتر و گرفت چییە کە کەرنەڤاڵ لە هەموو هاوێندا درێژەی نەبێت؟

بەپێی گێرت نیلسۆن کاتێک لە سەدەی حەڤدەمدا، بارودۆخی ئابووری ڤێندیک لە ئیتاڵیا باش بوو زۆرجار کەرنەڤاڵ بۆ ماوەی نیو ساڵ درێژەی هەبوو. هەم بۆ چینی سەرەوەو هەم بۆ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە لە هەلومەرجی باشی ئابووری کەڵکیان وەردەگرت. کۆمەڵگەی کەرنەڤاڵی دەکرێ وەک کۆمەڵگەی فیۆدالی، بورژووایی و کۆمەڵگەی سارد بەراورد

بکرێ. ئەم کۆمەڵگەیانە شان بەشانی یەکتری هەموو تێکڕا لەنێو سندووقی گەورەی کۆمەڵگەی فیۆدالیدا دەژیان.

ژیانی کەرنەڤاڵی جیهانێکی تایبەت کە جیاواز بوو لە کۆمەڵگەی فیۆدالی و جیهانی سارد بە تایبەتمەندییە هیرارشی و ڕوانینە دوورەکانی پێکهێنا بوو. کەرنەڤاڵ جیهانێکی تری بە تایبەتمەندی ئازادی، هاوبەشییەتی، یەکسانی و پڕوزەیی کە هەموو جۆرە بەرهەڵستکارییەک بوو لە دژی ڕاوەستان، قەتیسماوی و کۆنەخوازی کۆمەڵگەی فیۆدالی هێنابووە ئاراوە. لە کەرنەڤاڵەکاندا خەڵکی بە یەکسانی و بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیرارشیی تەمەن، دەوڵەمەندی، پیشە و چین و توێژ هەڵسوکەوتیان دەکرد و دەجوولانەوە.

## کەرنەڤاڵەکان کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕی دادەمەزرێنن

کەرنەڤاڵەکان لە سێنێکدا بۆ چینێکی تایبەت کە لەودا جیاوازی تەواو لە نێوان نمایشکار و چاولێکەراندا هەبوو، بەڕێوە نەدەچوون. لە کەرنەڤاڵەکاندا هەموو وەک یەک بەشدار دەبوون و هەموو لە بەرانبەر یاسا و ڕێسای کەرنەڤاڵدا یەکسان بوون. کەرنەڤاڵەکان لە ڕاستیدا بۆ کاتی پشوو و حەسانەوە دوای زەحمەتییەکانی کار ساز نەدەبوون و وەک ڕۆژی ئیمڕۆ کە جەژنەکان بۆ هەمان مەبەست وەڕێ دەخرێن. بگرە کەرنەڤاڵەکان بۆ وەدیهاتنی ئامانجێکی ئیدەئال وەڕێ دەخران، ئەویش گۆڕان بوو.

کەرنەڤاڵەکان نیشانەی پرسیار و پرسی گۆڕانی لە کۆمەڵگەی سەقامگرتووی ئەو دەمدا کە لەودا ڕاستی مانای دەسەڵات و ئاکتۆریتە بوو، هێنایە گۆڕێ. بەپێی گێرت نیلسۆن لە نمایشێکی گرینگ و دووپات کراوە لە کەرنەڤاڵدا لابردن و وەلانانی سیمبۆلیکی پادشای کەرنەڤاڵ بوو. لە کەرنەڤاڵدا وێنەی گۆڕانەکان هەموو چەشنە و زۆرجاریش پارادۆکساڵ

بوون. له کـەرنەڤـاڵدا بەرزی و نەوی، ئـاوەز و شـێتی و دامـەزران و ڕووخـان تێکهەڵکێشی یەکتری دەبوون.

له کەرنەڤـاڵدا جێندەریش سـەری هەڵدا، پیـاوان لە جلـی ژنانـدا و ژنان لە جلی پیاواندا نمایشیان دەکرد. تەنانەت لە کەرنەڤاڵدا مەسەلەی چینایەتیش دەهاتە گۆڕێ؛ قـەشـە لە جلی سـواڵکەر و هـەژار لە جلی دەوڵەمـەندا خـۆیان نمایش دەکرد. ڕاسـتـە ئەمـە هیـرارشی کلێـسا، یان کـۆمـەڵگەی فیـۆدالی و سـیـسـتـەمـی کـاپیـتـالیـسـتی سـەروژێر نەکـرد بەڵام ئەم ڕۆڵ گـۆڕینـەوە لە کـەرنـەڤـاڵدا لە خـۆیدا نمایشـێکی پرۆتێـسـتـۆیی بوو لە دژی کـۆمـەڵگەی سەقامگرتووی ئەو دەم.

ئەمـە لە هـەمـان کـاتـدا بەو مـانایە نیـیـە کـە کـۆمـەڵگەی کەرنـەڤـاڵی بوو شـوێنێکی بەرهەڵسـتکاری دژکـردەوەیی لە بەرانبـەر کـۆمـەڵگەکـانی تر. کەرنەڤاڵ لە خۆیدا شتێکی نەرێنی نییە و دیاردەیەکی خوڵقێنەرانەی ئەرێنی بوو. لە کـەرنەڤـاڵدا خـەڵکی شـێوە ژیانی تـایبـەت بە خـۆیان هەبوو خـۆیان لە بەرانبەر و دژی کۆمەڵگەی تر دانەدەنا. کەرنەڤاڵ زۆرتر پرۆئاکتیڤ بوو هـەتا دژکردەوە و ریاکسیۆن، پاشبەرهەڵستکاری بوو هەتا بەرهەڵستکاری.

### زنجیرەی ڕاهێنان و لاساییکردنەوە هەتا بەڕێوەبەری ناوەندی و کاریگەری

کەرنـەڤاڵ لە نێوخۆ و بە تێکهـەڵکێشی جووڵانەوە و پراکتیکەکانی خـۆیی بە ڕاهێـنان و لاســاییکردنـەوە و تەشـــەنـەکــردن و بڵاوکــردنـەوە پێــشـکەوت. سۆسیۆلۆجی سەدەی هەژدەم گابریەل تارد ئەمەی وەک زنجیرەی ڕاهێنان و لاسـاییکردنەوە ناودێر کـرد. کـەرنـەڤـاڵ بە شـێـوەی ناوەندی و ڕێبـەری لە سەرەوە تووشی گۆڕان نەهات. کەرنەڤاڵ لە خۆیدا ناوەندی فرەلایەنیی کرد لە بـاتی ئەوە خــۆی ببـێ بە ناوەند و ڕێبــەری. هـەمــوو نـاوەندگــەلی وەک (مەیدانەکان، جەژنەکان، شێوازەکان و ساڵوەگەڕەکان)ی لێک نزیک کردەوە

و تێکەڵهەڵکێشی لەگەڵ کۆمەڵگەی فیۆدالی ناوەندە ساردەکان کرد. کەرنەڤاڵ لە باتی لە نێوبردنی نەزم و ڕێساکان ئەوانی فرەلایەنیی کرد. کەرنەڤاڵ کۆمەڵگەکانی زیندوو کردەوە و گەرمایی و ڕوحی وەبەردا کردن.

کەرنەڤاڵەکان سیستەمێکی وای پێکهێنا کە لەودا وزە و توانا، نەزم و ڕێسا، خۆڕاگری و بەسەرخۆدا زاڵبوون، پڕ بایەخی و بەپارێزبوونی لەگەڵ دڵفراوانی، هەست دەربڕین، هاوئاهەنگی و ئەڤین تێکەڵ بەبێ نەزمی کرد.

لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ کەرنەڤاڵەکان لە کزییان دا و زیاتر بوونە نمایشی بۆنەیی و کاتی. لە کەرنەڤاڵەکان، پارادەکان بەجێ ما کە بە شەقامەکاندا بۆ خەڵکی قەراخ جادەکان نمایشیان دەکرد. ئەو کەرنەڤالانە کە بۆ خۆیان کۆمەڵگەی تایبەتی خۆیان پێکهێنابوو لاواز بوون و لە نمایشی کورت و کاتی ڕۆژانەدا قەتیس مان. کەرنەڤاڵەکان لە کەرنەڤاڵی ئازادییەوە بوون بە کەرنەڤاڵی ڕۆژانی پشوو واتە لە کەرنەڤاڵی گشتی و خەڵکییەوە بوون بە کەرنەڤاڵی دەستە و تاقمی بچووک.

کەرنەڤاڵەکان بە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆیانەوە وەک کۆمەڵگەیەک بوون بە پاشکۆ و چاوگەی وزە لە کۆمەڵگەی فیۆدالی بۆ دەوڵەمەندەکان و دواتر لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستی بۆ کارمەندەکان.

بەو هۆیەوە کە بەشداربووانی پێشووی کەرنەڤاڵ ئێستا بۆ خۆیان سەرچاوەی داهات و تەمەشاچی و چاولێکەری کەرنەڤاڵن ئەوە کەرنەڤاڵ دەسەڵاتی پاراستووە یان لایەنی دەسەڵاتی گرتووە.

### گەڕانەوەی کەرنەڤاڵەکان

ئیمڕۆ کەرنەڤاڵ و شێوەی گەرموگوڕی لەو بابەتە کە وەک کەرنەڤاڵەکانی ڤینێدیکی سەدەی ١٧ی ئیتالیا دەچن، جارێکی تر سەریان هەڵداوە. گێرت نیلس لە لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجییانەدا نیشان دەدا کە لە کۆمەڵگەی

ئێستای کاپیتالستیدا تەنیا ٣٠ لە سەدی خەڵک پێویستییان بەکارکردن هەیە یان ئەوە ئێمە تەنیا پێویستمان بە ٣٠ لە سەدی وەختی کارکردن بۆ هەڵسووڕانی کۆمەڵگە هەیە. ئەو پارە زۆرەی کە ئیمڕۆ دەچێتە گیرفانی کۆمەڵێک سەرمایەدار یان لە کاری ناپێویستی بیرۆکراتی دەوڵەتی و شەریکەکان، بودجەی سەربازی و هوڵدینگەکاندا بەشی ئەوە دەکا کە تەنیا ٣٠ لە سەدی خەڵک کار بکەن. بەپێی گێرت نیلس بەو پارە زیادییە دەکرێ جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سنووری ٥٠ بە ٥٠ نرخی ژیانی لە ڤنێدیگی سەدەی ١٧دا. ئیتر خەڵکی ئێستا وەک ئەو دەم ماوەی ٨ هەتا ٩ مانگ لە کەرنەڤاڵەکاندا بتوانن بەشدار بن. ژیانێک کە خەڵکی ئیمڕۆیی تەنانەت خەونیشی پێوە نابینن، واتە ژیان لە جەژن و کەرنەڤاڵەکاندا.

ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە سنووری نێوان بەشداربوون یان تەنیا تەماشاچیبوون لە کەرنەڤاڵەکاندا نەمێنێ، سنووری نێوان کەمایەتی بەشداربووانی کەرنەڤاڵ و زۆرایەتی تەماشاچیدا نەمێنێ و پێچەوانە ببێتەوە واتە زۆرایەتی دەبێتە بەشداربووی کەرنەڤاڵ و کەمایەتی دەبێتە تەماشاچی. ئەمە لە خۆیدا دەکرێ لە بزووتنەوە بەرهەڵستکارییەکانیشدا بەهەمان شێوە ڕەنگ بداتەوە و لایەنی نەرێنی کە بەرهەڵستکاران هەموو کات لە کەمایەتیدان لەنێو بچێ.

**کەرنەڤاڵەکان و داهاتووی بزووتنەوە بەرهەڵستکارییەکان:**

- لەباتی ئەوە کۆمەڵگە و دەوڵەتی نەتەوەیی وەک هاوتای یەکتری دابنرێن، خودی کۆمەڵگە فرەلایەنی دەکرێ. لێرەدا ئیتر ناوەندێک نامێنێ کە لە دژی بەرهەڵستکاری بکرێ.
- لەباتی کۆمەڵگەیەکی داخراو، زۆر کۆمەڵگەی تر لە قەراخەوە ساز دەبن کە هەموو ئەوانە پێوەندیی چڕوپڕ و بەردەوامیان پێکەوە هەیە.

- لەباتی ئەوە ڕووی بەرهەڵستکاری لە ڕێبەرایەتی ناوەندی بێ و کاریگەری لەسەر ئەو بکا، کەرنەڤاڵەکان دەگەڕێننەوە نێو خودی کۆمەڵگە و کار و کاریگەری لەسەر فرەلایەنی کۆمەڵگە دەکەن.
- لەباتی ئەوە بەهۆی بەرهەڵستکاریی نەرێنی و کەمڕەنگەوە بە جۆرێک بوونی کۆمەڵگەی کاپیتالیستی و دەوڵەتی نەتەوەیی بسەلمێندرێ، لەنێو خودی کۆمەڵگەدا بە شێوەی کەرنەڤاڵی و فرەڕەهەندی نەزم و ڕێساکان بچەسپێندرێن. بۆچی لە "نا"یەکدا بژی لە کاتێکدا شیانی ئەوە هەیە لە کۆمەڵگەی ئیدەئال و بە دڵی خۆتدا بژی؟
- ...

سەرچاوە:

Gert Nilson, Ett. Tv. Tre. Det sociala livets grundfigurer, Korpen, Göteborg: 2008.

# بەشی دووەم

## پەر هەرەنگرێن لە بەردەم دادگایەکی سوێدیدا

تێبینی:

ڕۆژی یەکی ئەپرەیلی ساڵی ٢٠٠٩ پەر هەرەنگرێن و ئولا ڕۆدێر Ulla Röder لەسەر ئەوەی لە هەڵمەتێکی چەکداماڵیندا، کڵاوەیەکی ڕاداری تاقیکاری سەربازییان Saab Microwave بە چەکوش شکاندبوو مەحکەمە کران. ئەمەی خوارەوە پرسیارەکانی حاکم و وەڵامەکانی پەر هەرەنگرێنە.

* تۆ سەر بە کامە ڕێکخراوەیی؟

– گرووپەکەی ئێمە، ناوی ئێمەی ناوە هەڵبژێردراوانی ساب میکرۆڤاڤ پلۆگبیل Saab Microwave Blivande. ئێمەش خۆمان بە بەشێک لەو سەدان هەڵمەتە پلۆگبیلانییانە دادەنێن کە لە ساڵەکانی ٨٠وە دەستی پێ کردووە. پلۆگبیلییەکان بە چەکوشەکانیان چەکی ناوکی، فڕۆکەی شەڕکەر، هەلیکۆپتەر، فڕۆکەی یاسی سوێدی، چەکەکان و ژێرئاوییەکان دەشکێنن. ئێمە هەتا ئێستا بە ڕادەی ئەوەندە تەقەمەنی کە لە سەردەمی بەردینەوە هەتا دوایین شەڕ کە شەڕی عێراقە بەکاربردراوە، داماڵیوە.

پلۆگبیل لە نەریتی مەزهەبی جوولەکە، مەسیحییەت و ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە ئێمە دەڵێ چەکەکان بکەن بە نێڵی جووتکردن. ئەمە لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە نەرێنین و بەرهەڵستکاری دەکەین بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەمانەوێ چارەسەری پێش بخەین، گیانی مرۆڤەکان ڕزگار

بکەین و خواردن و شوێنی حەوانەوە بۆ خەڵکی دابین بکەین. گۆڕان تەنیا دژایەتیکردن و وتنی نا نییە بگرە تەشەنە بە کردەوەی باش و ئەرێنی بدرێ. لە میانەی زنجیرەی ڕاهێنان و چەند پاتەکردنەوەیە کە خودی کۆمەڵگە چێ دەبێ. لە ماوەی هەڵمەتی پلۆگبیلیدا سیمینارێکی لێکدانەوەییمان لە سەر فەلسەفەی دولۆز پێکهێنا. دولۆز لە باتی نەرێنی و تەنیا بەرهەڵستکاری گرینگی بە داهاتوو و خوڵقاندن دەدا.

* دەتانەوێ بە چ بگەن و ئامانجتان چییە؟

– ئامانج ئەوەیە چەند گیانێک ڕزگار بکەین و جۆری هەڵمەتەکەمان کاریگەرییەکی ئەرێنی وا دابنێ کە ژمارەیەکی زۆرتر لە خەڵکی هەمان هەڵمەت ئەنجام بدەن. ئولا رۆدێر لە دانیمارک و من ڕۆژی ٢٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨ چەکوشمان لە کڵاوەی ڕاداری تاقیکاری سەربازی دا و هەروەها ڕۆژی ٢٤ی ژووئەنی هەمان ساڵیش خودی بینای تاقیکاریمان چەکوشکاری کرد. ئێمە ئەمە وەک هەڵمەتی پلۆگبیلی ناودێر دەکەین کە چەکەکان دەتوێنینەوە و لە جێگەیان نێڵی جووت ساز دەکەین.

هاوکات ئامانجێکی تری ئێمە بوو کە ئەو بێدەنگییەی بە سەر گرووپەکانی هاوپشتی و بزووتنەوە گەلییەکان لەسەر کڵاوەی ڕاداری تاقیکاری سەربازی هەبوو، بشکێنین.

* ئێوە چۆن ئامادەکاری ئەم هەڵمەتەتان کرد؟

– ئێمە ڕاهێنانی ئەوەمان کرد لە هەر چەشنە بارودۆخێکدا خۆ لە توندوتیژی دوور بگرین. ئێمە ئەو بەرپرسایەتییەمان لای خۆمان پەسند کرد کە هەڵمەتە پلۆگبیلییەکەمان بە هێوری و ئارامی بەڕێوە بچێ و تێکەڵ بە هیچ جۆرە ترس و هەڕەشەیەک نەبێ. ناتوندوتیژی تێڕوانین یان باوەڕ نییە بگرە لە دوای ڕاهێنانێکی زۆر لە جەستەی مرۆڤدا جێگە دەگرێ. هەربۆیە

ئێمە دەبێ هەموو کات و دایم ڕاهێنانی بەرهەڵستکاری و ناتوندوتیژی بکەین.

بێجگە لەوە، ئێمە بەر لە هەڵمەتەکەمان لە سیمیناری لێکدانەوەی دولۆز فەیلەسووفی فرەنسایی سەبارەت بە خولْقاندن و داهاتوو لە شاری گوتەنبۆرگ بەشداریمان کرد. لەژێر کاریگەریی نیچە و سپینۆزا، فەلسەفەی داهاتوو لەلایەن دولۆز بناغەی دانرا. ئێمە هەموو کات و دایم لە خولْقاندندایین و بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێین. ئێمە داهاتووانی دیمۆکراسی و یەکسانین. ئێمە ناتوانین بڵێین دەسەڵاتداران یەکسانی و دیمۆکراسی دەخولْقێنن بگرە ئەمانە بەرهەمی کار و خەباتی چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەن. ئێمە دەبێ بەشێک بین لە دیمۆکراسی و یەکسانی و بەرهەڵستکاری بکەین کاتێک مەحکەمەکان، شەریکە گەورەکان و حکوومەتەکان لە شەڕ و کوشتاردا بەشداری دەکەن.

* ئێوە بۆچی ئەم شێوازەتان بەکار هێنا؟

– ئەگەر بێتو هەژماری ئەو ئینسانانەی بەهۆی حکوومەتەکان و شەریکە گەورەکان دەکوژرێن لەگەڵ ئەوانەی کە بەهۆی ئەو ڕێکخراوانەی بە نێوی تیرۆریست و جینایەتکار لەناو دەبرێن و دەکوژرێن، بەراورد بکەین، ئەوە دەبینین هەژماری کوژراوەکانی حکوومەت و شەریکەکان زۆرترە. فەرمانبەری لە جەنایەتکارەکان، ڕێکخراوەکان هەروەک مافیاکانی مادەی هۆشبەر یان ساب میکرۆڤاف لە خۆیدا بەشداریکردنە لە کوشتنەکان. لە جێگەی ئەوە و فەرمانبەری لەو ئینسان کوژانە، ئێمە فەرمانبەری لە ماف و مافپەروەری دەکەین. کاتێک مەحکەمەکان تاوان و کوشتنەکان دەپارێزن وەک ئەرک دەکەوێتە سەر شانی ئێمە کە بەرهەڵستکاری بکەین و یەکسانی و ماف بپارێزین.

# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ پەر هەرەنگرێن

سیاوەش گۆدەرزی

* پەر، بەو پێیەی تۆ، یەکێک لە خەباتگێڕانی ناسراوی نافەرمانی مەدەنیت و هەتا ئێستا هەر لەو بارەوە ٩ کتێبت نووسیوە و هەر لەسەر بەشداریی ڕاستەوخۆ لە هەڵمەتەکانی نافەرمانی مەدەنیدا بۆ ماوەی ١٥ مانگ لە ئەمەریکا زیندانی کراوی، با لە پێشینەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەست پێ بکەین و بزانین سەرچاوەی بیری خەباتی نافەرمانی مەدەنی بۆ کێ و لە کوێ و چ کاتێکدا دەگەڕێتەوە؟

– خەباتی نافەرمانی مەدەنی ئەوەیە کە بە شێوەی فەرمی و کراوە، یاسا بن پێ بکرێ. هەوڵەکە ئەوەیە هەڵەیەک ڕاست بکرێتەوە، ئەو هەڵە دەتوانێ سەرکوت، یان مافخوراوی یان هەر شتێکی تر بێت، بەڵام بەبێ ئەوە توندوتیژی بەکار ببرێ. واتە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لەسەر بنەمای ناتوندوتیژی دامەزراوە، وەک ئەوە گاندی باوەڕی پێ بوو و لە خەباتی دژی کۆلۆنیالیستی لە هیندستاندا بەکاری هێنا.

نافەرمانی مەدەنی وەک چەمک دەگەڕێتەوە بۆ نووسەری باکوری ئەمەریکا، هێنری دەیڤید تۆرێۆ لە سەدەی هەژدەمدا. ئەو پێی وابوو حکوومەت لە خۆیدا مەترسیدار نییە. مەترسی و کێشەکە لە هاوکاری و فەرمانبەری هاووڵاتییەکانی ژێر فەرمانبەری ئەو حکوومەتەدایە. تۆرێۆ دەیوت پتەوترین بنەمای زوڵم و زۆر و ناحەقی و گرینگترین کێشە لە بەردەم

ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەییەکاندا، ئەو مرۆڤانەن کە سەرەڕای ناڕازیبوون و دژبەری لە باری بیروڕاوە لەگەڵ دەوڵەت هێشتا فەرمانبەری لە دەوڵەت دەکەن و لە بەردەم دەوڵەتدا سەر هەڵنابڕن و فەرمانبەری دەکەن. تۆرێۆ باوەڕی بەوە هەبوو، ئەگەر تەواوی ئەو کەسانەی کە لە باری بیر و بۆچوونەوە لە دژی حکوومەتن، ئەگەر هاتبا و دژبەری و بەرهەڵستکارییەکەیان بخەنە بواری پراکتیکەوە، ئەوە دەتوانرا بۆ نموونە پێش بە شەڕی ئەمەریکا لە دژی مێکزیکۆ بگیردرێ. تۆرێئۆ لەو سەردەمەدا خەباتگێڕێکی گەورە و ئاشتیخوازێکی کەم وێنە بوو کە لە دژی شەڕی ئەمەریکا لە دژی مێکزیکۆ هەڵوێستی وەرگرت. لەبەرئەوەی تۆرێئۆ باش دەیزانی کە ئەو پارەیەی لەو بەناوی زەکات دەستێندرا، لەلایەن دەوڵەتەوە لە سەرکوتی ئیندیانەکان و هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ سەر مێکزیکۆ کەڵکی لێ وەردەگیرا، ئەو لە دانی زەکات خۆی بوارد و هەر بەهۆی سەرپێچیکردن لە دانی زەکاتیش خرایە زیندان. واتە ئەو بە نافەرمانی خۆی لە دژی شەڕی مێکزیکۆ هەڵوێستی وەرگرت.

دواتر خەباتی نافەرمانی مەدەنی لەلایەن بزووتنەوەی ژنان بۆ وەدەستهێنانی مافی دەنگدان لە ئەمەریکا و زۆر وڵاتی تر کەڵکی لێ وەرگیرا. گاندی لە کۆتایی سەدەی ١٩دا لەگەڵ بیری دەیڤید تۆرێۆ ئاشنا بوو و لە خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی کەڵکی وەرگرت، گاندی چەمکی ناتوندوتیژی بە خەباتی نافەرمانی مەدەنییەوە زیاد کرد، واتە نەک تەنیا دەبێ لە ناوتوندتویژی کەڵک وەرگیردرێ بگرە ناتوندوتیژی وەک ئەرک ڕەچاو بکرێ. بێجگە لەمە گاندی نافەرمانی مەدەنی و چارەسەری پێکەوە گرێ دا واتە نافەرمانی مەدەنی دەبێ هاوکات چارەسەریش لەگەڵ خۆیدا بێنێ. لە ڕێپێوانە بەناوبانگەکەی گاندی ناسراو بە "ڕێپێوانی خوێ"، کاتێک هیندستانییەکان بە مەبەستی لە ژێرپێ خستنی یاسا کۆلۆنییەکانی ئینگلیز بۆ خۆیان دەستیان کرد بە

هەڵێنجێنانی خوێ لە دەریا، گاندی خودی کەرەستەی کردە ئامانج. ئامانج دژایەتی لەگەڵ هەڵێنجانی خوێ لەلایەن ئینگلیزەوە بوو، بەڵام ئەوان لە دژی هەڵێنجانی خوێ نەبوون ئەگەر لە خزمەتی بەرژەوەندیی هێندستاندا بێت هەربۆیە ئەوان بۆ خۆیان خۆییان هەڵێنجا و نافەرمانی مەدەنی و چارەسەریان پێکەوە لە یەک کاتدا ئەنجام داو کەرستە و ئامانج لە خەباتی نافەرمانی مەدەنیدا بوون بە یەک.

* باشە پێناسەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی چییە و پرەنسیپەکانی ئەم خەباتە کامانەن و بە گشتی خەباتی نافەرمانی مەدەنی لەسەر کامە بنەما دانراوە و ئامانج لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی چییە؟

- نافەرمانی مەدەنی پێش هەموو شتێک دەبێ ئەم تایبەتمەندی و پرەنسیپانەی هەبێت: نافەرمانی مەدەنی کردەوەیەکی کراوەی فەرمییە، واتە ڕوون و ئاشکرا و بە ئاگەداری بەڕێوە دەچێ و هیچ چەشنە نهێنی و دوورەپەرێزی تێدا نییە. نافەرمانی مەدەنی لەسەر بنەمای بەکارنەهێنانی توندوتیژی دامەزراوە. کردەوەی نافەرمانی مەدەنی، کردەوەیەکی نایاساییە کە لەودا یاسایەک، فەرمانێک یان بڕیارێک لەژێر پێ دەخرێ. ئامانج لە نافەرمانی مەدەنی، ئامانجێکی گشتی کۆمەڵگەیی یان کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە، لە نافەرمانی مەدەنیدا وەئەستۆگرتنی ئاکامە کەسییەکان یەکجار گرینگ و پڕ بایەخن. کەس لەژێر بەرپرسایەتی ئەو نافەرمانییەی ئەنجامی داوە هەڵنایەت. زۆرجار خەباتی نافەرمانی مەدەنی ئاکامەکەیەتی کە بەرهەم و دەستکەوتی دەبێ.

بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەرکی خەباتکارانەمان بەئەنجام بگەیەنین دەبێ بە سەر ترسدا سەربکەوین و خۆمان لە ترس ڕزگار بکەین. ئەمە لە خۆیدا شەهیدپەروەری نییە ئێمە دەبێ مەحکەمە و سزا بکەینە بەشێک لە دیالۆگ

لەگەڵ دژبەرەکانمان. بۆ گەیشتن بەمەش پێویستمان بە هێزی فیزیکی نییە. تەنیا شتێک کە بۆ گەیشتن بە مە پێویستە زاڵبوونی سایکۆلۆجی بەسەر خودایە. ئەم نەترسی و ئازایەتییە دەتوانرێ پێک بێ ئەگەر مرۆڤ بە تەواوەتی تێبگا کە ڕاستی و ناتوندوتیژیی چ مانایەک دەدەن. سزا بەشێکی گرینگە لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی. ترس لە ئاکامە کەسییەکان پێشمان دەگرێ کە پێش بەتوندوتیژی بگرین و کۆمەڵگەیەکی یەکسان پێکبێنین. ئامرازی شکاندن و سەرکەوتن بەسەر ترسدا بە شێوەیەکی پارادۆکساڵ وەرگرتنی ئاکامەکانی نافەرمانییە یانێ پەسند و وەرگرتنی سزا. زیندان لە پێش هەموو شتێکدا بۆ کەسانێکە کە لەوێ دانانرێن. کاتێک هاووڵاتییەک ئەوەی پێی ڕاستە بەبێ لە بەرچاوگرتنی مەترسیی سزا ئەنجامی دەدا، ئەوە دیواری زیندانەکانن کە دەڕووخێندرێن. ئەگەر چی زیندان لە مانا فیزیکییەکەیدا هەر لە جێی خۆی دەمێنێ. زیندانییەکان وەک سیمبۆل لە زیندان دەمێننەوە بەڵام مانای سیمبۆلیکی کارکردیان لە دەرەوەی زیندان دەگەیەننە خەڵکی. زنجیری ڕاستەقینەی پێمان، ترسی کەسیی ئاکامی کردەوەکانمانە لە کاتی لەژێر پێ خستنی یاسادا. ئەم ترسە تەنیا ترسێکی سایکۆلۆجی نییە. بگرە زنجیری پێمان پێش هەموو شتێک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە. پێکهاتنی ئەم جۆرە زنجیرانە لەگەڵ یەکتری جیاوازی هەیە.

وەک وترا خەباتی نافەرمانی مەدەنی شەهید پەروەری نییە. ئەوە خودی ئازار نییە کە هێز دەدا. زۆر کەس بە ئاسانی ماوەی زیندان تێدەپەڕێنن. هێزی نافەرمانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە مرۆڤ بە سەر ترس لە ئازار و زەجردا سەردەکەوێ. میکانیزم لە خودی زاڵبوون بەسەر ترسدایە. هەر ئەمە وامان لێ دەکا و ناچارمان دەکا کە شیانەکان وەبینین و لە کاتی پێویستدا کەڵکیان لێ وەرگرین. بۆ ئەوە سزا کاریگەری خۆی هەبێ دەبێ ئێمە خۆمان بۆ خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. خەباتی نافەرمانی مەدەنی هەموو کات بە

کراوەیی دەکرێ. ئامانج ئەوەیە کە ئەم خۆکۆنترۆڵکردنە نەمێنێ و کەسانی تر هان بدرێن کە هەمان شت بکەن و بەسەر ترسدا زاڵ بن. ئامانج لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی ئەوەیە کە کولتوورێک چێ بکرێ کە لەودا هاوولاتییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێش بە نایەکسانی و توندوتیژی بگرن و بۆ گەیشتن بەم کارەش ترس و سزا کۆسپیان بۆ دروست نەکا.

وەک نموونە لێرەدا دەتوانین باسی ئالڤین ئەو ژنە سویدییە بکەین کە بە مەبەستی تایبەتی چوونە زیندانی هەڵبژاردووە. ئێستا ئالڤین لە سوێد لە زینداندایە. ئەو بۆ ئەوە لە زیندانە کە بەرهەڵستکارییەکی هاوبەش لەنێو بەندییەکاندا دژ بە مافخوراوی ئەوان دروست بکا.

* باشە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆری تەواو بە سەر کۆمەڵگەدا زاڵە یان شەڕیان تێدایە و هەموو دەنگێکی نارازی و بەرهەڵستکاری بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ، وەک نموونە کوردستان، خەباتی نافەرمانی مەدەنی چ کارکردێکی هەیە و بە چ شێوەیەک لە ئەم شێوازە خەباتە کەڵک وەرگیرێ؟

- بۆ نموونە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە کاتی شەڕدا بەکار دەبرێ. خەڵک لە ڕێگەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی بەشداری لە شەڕدا ناکەن و ناچنە سەربازی. ئێمە وەک بزووتنەوەی پلۆگبیل یان نێڵی جووت، بە شێوەی جۆرەوجۆر لە دژی شەڕ ڕادەوەستین. یەکێک لە شێوازە بەرچاوەکانی ئێمە، شکاندنی چەک یان چەکداماڵینە. سیمبۆلی خەباتی ئێمە لە کارەکانمان و هەموو شێوازەکانی خەباتماندا ڕەنگ دەداتەوە. واتە تواندنەوەی چەک و گۆڕاندنی بۆ جووتی نێل کەرەستەیەک کە بەرهەمی بۆ مرۆڤایەتی هەیە نەک کەرەستەیەک کە ئینسانی پێ دەکوژرێ. ئێمە لە فابریکای چەکسازی یان لە پایەگای چەک و تەقەمەنی بە چەکوشەکانمان چەکەکان دەشکێنین و لە

کـاریان دەخـەین. هەر بەهـۆی ئەو کـارانەشـەوە دەگـیـردرین و زیندانی دەکرێـین. من بۆ خۆم کاری چەکدامالّین و چەکشکاندنم لە پرشـینگی دوو لە فلۆریدا لە ئەمـەریکا ئەنجـام دا و هەر بەو هـۆیەوەشـەوە ٨ سـالّ زیندانم بۆ بڕدرایەوە، بـەڵام دوای ١٥ مـانگ مـانەوە لە زیندان لە ئەمـەریکا دەرکـرام. دیارە من بە تـەنیا نـەبووم، ئێـمـە ئەو هـەڵمـەتـەمـان بە ٨ کـەس ئەنجـام دا و ڕۆکێتی پرشینگی دوومان لە کار خست.

ئەگەر بەردەوامی لە خەباتی نافەرمانـی مەدەنیدا هەبێت و خەڵک چالاکانە لەم خەباتەدا بەشداری بکەن، ئەوە کامە دیکتاتۆر و ملهۆڕە ناتوانێ خۆی لە بەرانبـەر خـەباتی خـەڵکیدا ڕابگرێ. بـۆ نموونە لە سـەردەمی دیکتـاتۆری شـیلیدا بۆ ڕووخـانی دیکتـاتۆری لە خـەباتی نافـەرمـانی مـەدەنی کـەڵک وەرگیرا. پرسەکە ئەوەیە ئێمە چیمان دەوێ، بۆ نموونە دیمۆکراسیمان دەوێ یـان ئازادیی بەیان؟ یان ئـەوەی دەمـــانەوێ پێی بگەین، بـۆ گـەیشتن بـەو مـەبەسـتـانە کـەسـانێک دەکـەونە زیندان و تـەنانەت ئەشکەنجـەش دەکـرێن. نموونە یەکجار زۆرە لە دیکتـاتۆرییـەکەوە بۆ دیکتـاتۆرییـەکی تر لە خـەباتی نافـەرمـانی مـەدەنی کـەڵک وەرگیـراوە. وەک دەسـپـێک ئەوەیە کە کـەسـانێک هەبن و جورئەتی ئەنجـامدانی خـەبـاتی نافەرمـانی مـەدەنییـان هەبێت. وەک نموونـە لە وڵاتـی ئەرجـەنتین لە دەیەی هـەشــتـاکـانی ســەدەی ڕابردوودا کـۆمـەڵێک ژنان بـە ناوی دایکانی شـێت لـە مـەیدانێک لە بۆینس ئایرس کـۆ دەبوونـەوە و داوای دیاربوونـی چارەنووسـی کـــــوڕ و کــــچــــە بـێ سەروشـوێنەکانییان دەکرد کە لەلایەن حکوومەتـی دیکتاتۆری ئەرجەنتینەوە بێ سـەروشـوێن کـرابوون. ئەوان هەمـوو حـەفـتـەیەک کـۆدەبوونەوە و ئەم کارەیان بە بەردەوامی ئەنجامدا هەتا وای لێهات کە داواکاری ئەوان وردە وردە تەشـەنەی کرد و خەڵکی تری لێ ئاگەدار بوو و بەوان پەیوەست بوون و یاسـای نیـزامی ئەو کـاتی ئەرجـەنتـینیـان لەژێر پێ خـست و مـەترسی و ریسکیـان قبـووڵ کرد. لێرەدا هەمـان کاریش دەکرێ لە کوردسـتـان بکرێ.

دەبێ زیاتر بیر لەلایەنی ئەرێنی ئەو کارە بکەی کە تۆ بەرانبەر بە دژبەر دەی کەی، بیر لەوە بکەوە کە بە کامە ئاکام و ئامانج دەگەی؟ چیت دەوێ کە بیگۆڕی؟ ئەگەری ئەوە هەیە گرووپە بچووکەکەی ئێوە زیاتر و زیاتر بن، ڕەنگە حەوجێ بەوە بکا هەموو حەوتوویەک و هەموو مانگێک هەمان هەڵمەتی خەباتی نافەرمانی مەدەنی دووپات بکرێتەوە. گرینگ لە خەباتی نافەرمانی مەدەنیدا بەردەوامییە، لە چەند کەسێکەوە دەست پێ دەکا و زۆرتر و زۆرتر دەبێ و بە هەموو لایەکدا تەشەنە دەکا. گرینگ ئەوە نییە خەباتی نافەرمانی مەدەنی شوێن لە سەر دەسەڵاتداران دابنێ، گرینگ ئەوەیە زیاتر تەشەنە بکا و خەڵکێکی زۆرتر وشیارانە بەشداری بکەن. لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بگوێزرێتەوە و پەرە بگرێ. لە دواییدا دەسەڵاتداران کۆنترۆڵ لە دەست دەدەن و لەو لاشەوە خەڵک بە ئامانجەکانییان دەگەن.

لە سەرەتادا تەنیا ژمارەیەکی کەم ئەو جورئەتەیان هەیە خەباتی نافەرمانی مەدەنی ئەنجام بدەن، ڕەنگە ئەوانیش زیندانی بکرێن. بەڵام هەردەم لە خەباتی نافەرمانی مەدەنیدا دەبێ بیر لە کاری داهێنەرانە و خوڵقێنەرانە بکرێتەوە و ئەوە کارەکان بەرهەمیان هەبێت.

بۆ نموونە ئەندامانی کورد لە پەرلەمانی تورکیا بە مەبەستی لە ژێرپێنانی یاسای قەدەغەبوونی زمان لەنێو پەرلەماندا بە کوردی قسەیان کرد، لێرەدا ئامانج و کەرەستە لێک گرێدراون. ئەوان لە هەمان کاتدا بە کوردی قسەیان کرد کە لە خۆیدا هەڵمەتێک بوو لە هەمان کاتیشدا بە ئامانج گەیشتن. لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەکرێ بۆ زۆر مەبەست بۆ نموونە خەبات لە دژی هەڵاواردنی مەزهەبی یان ئازادی مەزهەبی و یان قەدەغەکاریی زمان کەڵک وەرگیردرێ. بۆ نموونە لە دژی قەدەغەکاری پەروەردەی زمانی کوردیی دەکرێ لە ڕێگەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە پەنا قوتابخانە

دەوڵەتییەکاندا قوتابخانەی ئەڵتەرناتیف قوتابخانەی کوردی بکرێتەوە. ڕەنگە ئەم کارە گرتن، زیندان، ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتنیشی بەدوادا بێت بەڵام خەبات خەباتە و قوربانی دەوێ، لە شەڕی گەریلایشدا قوربانی هەیە، بەڵام ئەوە هەیە لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی هەژماری قوربانییەکان هەموو کات کەمترن.

لە خەباتی نافەرمانی مەدەنییدا سەبر و پشوو درێژی گرینگە زۆرجار ئامانج و بەرهەم زوو وەدی نایەن، بەڵام بەردەوامی خەبات حەتمەن بەرهەمی دەبێ، بۆ نموونە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵمەتێکی نافەرمانی مەدەنیدا بەسە مەحکەمەیەک لە تورکیا دەنگێکی کوردی بسەلمێنێ ئیتر ئەمە لە مەحکەمەیەکەوە بۆ یەکێکی تر تەشەنە دەکا و لە درێژخایەندا شوێن لەسەر سیستەم دادەنێت و ئاڵوگۆڕی بەدوادا دێت. خەباتی نافەرمانی مەدەنی زۆر جار لە درێژەماوەدا بەرهەم دەدا.

* لەسەر خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە باکوری کوردستان لە میدیاکانی ڕۆئاوادا بێدەنگی دەکرێ. دەزانین میدیای ئیمرۆی جیهانی قورسایی لەسەر ڕەنگدانەوە بە توندوتیژی داناوە، یانێ ئەوەندە باس لە توندوتیژی دەکرێ و هەواڵ و دەنگوباسی لەو پێوەندییەدا نیشان دەدرێ، ئاوڕ لە هەوڵی ئاشتیخوازانە و بۆ نموونە خەباتی نافەرمانی مەدەنی نادرێتەوە، باشە لە هەلومەرجێکی ئاوادا خەباتی مەدەنی چۆن بتوانێ ڕەنگ بداتەوە و جێ پێیەک بۆ خۆی لە میدیادا وەدەست بێنێ؟

– هەموو هەڵمەتێکی خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەبێ سەربەخۆ لە کاریگەری میدیایی بەڕێوە بچێ. نابێ خەباتی ڕزگاریخوازی بە میدیاوە ببەسترێتەوە. ڕزگاری لە سەرەوەڕا وەدەست نایە، نە لەلایەن میدیا و نە لەلایەن حکوومەتەکانەوە. ڕزگاری لە خوارەوەڕا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی

تر لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر دەگوێزرێتەوە. خەباتی نافەرمانی مەدەنی گرێدراو لە تەک ناتوندوتیژی و دیالۆگ لەو شێوازانەی تری خەبات کە دوژمنی قورس و قایم بۆ خۆ چێ دەکا، زۆر کاریگەرترە. ئەوە لە میدیاکانی ڕۆئاوادا خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە کوردستان ڕەنگ ناداتەوە بە بڕوای من کێشەی گەورە نییە، کوردەکان بۆ خۆیان خاوەن میدیای خۆیانن و لە میدیای خۆیان کەڵک وەردەگرن. هەڵمەتەکانی خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەبێ لە دەرەوەی میدیا بن، ئەگەر میدیا باسی کرد ئەوە چ باشتر بەڵام نابێت قەت بە میدیاوە ببەسترێتەوە، خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەبێ ڕاستەوخۆ لە خەڵکەوە بۆ خەڵک بگوێزرێتەوە.

* لە نێوان ڕۆژەکانی ٢٠ و ٢٥ی سێپتەمبەردا هەڵمەتی نەچوونە قوتابخانە لەلایەن منداڵانی کورد لە باکوری کوردستان ئەنجام درا، بۆچوونی ئێوە لەسەر ئەو شێوازە خەباتە چۆنە؟

– لە پێوەندی لەگەڵ بایکۆتی نەچوونە قوتابخانە بە بڕوای من دەبوا لە پەنای بایکۆت یان حەفتەی دوای بایکۆت، پێکەوەنانی قوتابخانەی سیمبۆلیکی کوردی وەڕێ بخرابایە، واتە لەو کاتەدا منداڵانی کورد ناچنە قوتابخانە هاوکات دەچنە قوتابخانەیەکی سیمبۆلیکی کوردی و لەوێ دەرسی کوردی دەخوێنن. ڕەنگە ئەمە زیندان و گرتنی بە دواوە بێت بۆ مامۆستایان بەڵام بەردەوامی لەسەر ئەم کارە دەتوانێ ئاڵوگۆڕی قووڵ لەگەڵ خۆیدا لە درێژماوەدا بێنێ.

* تۆ کاتی خۆی لە هەشتاکاندا لە هەڵمەتێکی نافەرمانی مەدەنیدا لە ئەڵمانیا بەشدار بووی و فرۆکەییەکی شەڕکەر کە بە تورکیا فرۆشرابوو و قەرار بوو بگوێزرێتەوەو بێگومان لە شەڕی کوردستاندا بەکار دەهێندرا، تێکشاند، دەکرێ باسی ئەو

هەڵمەتە بکەی؟

– لە کۆتایی هەشتاکاندا کاتێک من لە ئەمەریکا پاش ١٥ مانگ زیندانی لەوێ دەرکرام و گەڕامەوە سوێد، زانیم کە گرووپگەلێکی پلۆگبیلی، لە ئەورووپا نین و تەنیا چەند کەسێک لە ولاتانی وەک ئەڵمانیا و هۆڵەندا تێکۆشانییان هەیە. من پێوەندیم بەوانەوە کرد و گەلاڵەی هەڵمەتێکمان لە ئەڵمانیا دارشت. لە فرۆکەخانەیەکدا لە ئەڵمانیا فرۆکەییەکی شەرکەر کە بە تورکیا فرۆشرابوو، بە چەکوشەکانمان شکاند و لە کارمان خست. ئەو فرۆکەیە بە تورکیا فرۆشرابوو کە ئەرتەش لە دژی کوردان بەکاری بێنێ. ئامانجی ئێمە لە تێکشکاندنی ئەو فرۆکە شەرکەرە ئەوە بوو کە لە دژی شەری تورکیا لە کوردستان رابوەستین. دەزانین سازکردنی هەر فرۆکەیەکی شەرکەر ٥ هەتا ٦ ساڵی دەوێ و ئێمەش بەو کارەمان لانی کەم هێچ نەبێت ناردنی ئەو فرۆکەمانە بۆ ٥، ٦ ساڵ وەدوا خست.

* تۆ لە پەنای وانەوتنەوە، سازکردنی کۆنفرانس و سیمینار و وەرێخستنی کۆرسی نافەرمانی مەدەنی، دیسان لە بەشداریکردنی بە کردەوە لە هەڵمەتەکانی نافەرمانی مەدەنیدا بەشداری، تکایە باسی تێکۆشانەکانی ئەم دوایانەی خۆت و هاوڕێیانی ترت لە هەڵمەتەکاندا بکە؟

– من هەتا ئێستا بۆ خۆم دوو نارنجۆکهاوێژ یان بازووکام شکاندووە، دۆستەکانمان لە گرووپەکەی ئێمە تەیارەی یاس و تەیارەی ڤینگ کە هەر دوو سوێد سازی دەکا و تەیارەی شەرکەرن شکاندووە و لە کارمان خستووە. ئێستا سوێد لە هەوڵی بەرفراواندایە کە ئەو تەیارە شەرکەرانە بە هەموو جیهان بفرۆشێ. هەر ئەم هاوینە دوو دانە لە دۆستەکانمان "ئانیکا سپالدا" و "مارتین سمێدییەباک" ژمارەیەک بازووکای سوێدییان تێکشکاند.

ئێستا دەوڵەتی سوێد ژمارەیەکی زۆر لەم نارنجۆکهاوێژانە دەفرۆشی و لە زۆربەی شەڕەکانی جیهاندا بەکار دەبرێ. "ئالڤین" دۆستێکی تر کە ئێستا لە زینداندایە و چەند حەوتوویەک دەبێ لەوێیە، تۆپێکی دوورهاوێژی شکاندووە. "هانس لیاندەر" و "پیا" دوو چالاکوانن کە لەبەر تێکشکاندنی تەیارەی شەڕکەری یاس ئێستا لە زینداندان و ساڵێک زیندانییان بە سەردا سەپێندراوە. بە گشتی مەحکەمە لە سوێددا بۆ تێکشکاندن و لە کارخستنی تەیارە ساڵێک زیندانی دەدا و بۆ تێکشکاندنی چەکی تریش چەند مانگێک. لە ڕاستیدا سوێد دەوڵەتێکی کریمیناڵە لە پێوەندی لەگەڵ فرۆشتنی چەکوچۆڵدا. ئەگەر ئێمە ڕێژەی حەشیمەتی سوێد لە بەرچاوبگرین، سوێد لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تردا، هەرە زیاتر چەکوچۆڵ دەفرۆشێ. چەکوچۆڵی سوێد لە هەموو شەڕەکانی جیهاندا بەکار دەبرێن. دەبینی کە سوێد وڵاتێکی وا باشیش نییە کە زۆرکەس پێیان وایە. بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژەی فرۆشی چەکوچۆڵی سوێدی زۆر زیادی کردووە. ئێستا گرووپەکەی ئێمە کە پێشتر لە شکاندنی چەکوچۆڵ لە وڵاتانی وەک ئینگلتەرە و هی تر بۆ نموونە لە شکاندنی ژێردەریایی ناوکییدا کاری دەکرد، ئێستا زۆرتر تێکۆشانەکانی گواستووەتەوە بۆ سوێد. لە ساڵی ٢٠٠٠وە ڕێژەی فرۆشی چەکوچۆڵی سوێدی زۆر زیادی کردووە، هەر بەو پێیە ئێمەش تێکۆشانەکانی چەکداماڵینمان لە سوێد زیاد کردووە.

لایەنێکی تری تێکۆشانی ئێمە یارمەتیدانی پەنابەرە، ئێمە وەک گرووپەکەمان لە دژی شاردنەوەی پەنابەرین، ئێمە هەموو کارەکانمان ئاشکرا و کراوەیە بەڵام لە بارێکی تردا یارمەتیی پەنابەر دەدەین. ئێمڕۆ ئەوروپا دیوارێکی بە دەوری خۆیدا کێشاوەو ناهێڵێ پەنابەر بێتە ئەوروپا. کاری ئێمە ئەوەیە کە کارئاسانی بۆ هاتنی ئەوان بکەین و بەو شێوەیە یاسای دژەپەنابەر بە یارمەتیدانی پەنابەر بخەینە ژێر پێ. لە ڕێگەی کڵێسا یان سەندیکای جۆرەوجۆر شوێنی مانەوە بۆ ئەوان دابین دەکەین واتە لە

باتی دەوڵەت کە ئیزنی مانەوە بەوان نادا ئەوە ئێمە بۆ خۆمان ئەو ئیزنە دەدەین. ئێمە چاوەڕێی حکوومەت ناکەین هەتا ئیزنی مانەوەی ئەوان بدا بگرە لە ڕێگەی کڵێسا و سەندیکاوە ئیزنی مانەوە بەوان دەدەین، هەتا وردە وردە پرۆسەی جێگربوونی ئەوان لە سوێد جێبەجێ دەبێ.

* وەک دوا پرسیار دەکرێ باسی کتێبەکانت بکەی؟

– من زۆرتر ئەو کتێبانە دەنووسم کە بەکردەوە بەکار دەبرێن. هەموو کتێبەکان لەسەر خەباتی نافەرمانی مەدەنیین. خەباتی نافەرمانی مەدەنی بۆ خۆی دیاردەیەکی نوێیە لە ئەورووپا، پێشتر لە ئەمەریکا و دواتر لە هیندستان بەهۆی گاندییەوە بەکار هاتووە. کتێبەکانی من زۆرتر ڕێنوێنیی خەباتی نافەرمانی مەدەنین، لەسەر مژاری وەک لێپرسینەوەی پۆلیس، مەحکەمە و زیندان دەنووسم. خەباتی نافەرمانی مەدەنی خەباتی بەکردەوەیە دەبێ ئەوەندە دووپات بکرێتەوە هەتا هەم فێری بی و هەم بەکاری بەری. خەباتی نافەرمانی مەدەنی وەک سالسا یان هەڵپەڕکێی کوردی وایە بە خوێندنەوەی تیۆری فێری نابی دەبێ ڕاهێنانی خەباتی نافەرمانی مەدەنی بکرێ، زۆر شێوازی تەکنیکی جۆرەوجۆری بەرهەڵستکاری پرۆڤە بکرێ. دیسان سەرلەنوێ ڕاهێنان بکرێ و هەمدیسان بکرێ. هەربۆیە کتێبەکانی من زۆرتر ڕێنوێنین نەک تیۆری. من هەتا ئێستا ٩ کتێبم نووسیوە کە هاوکات وەرگێڕدراونەتە سەر ٤ زمانی تریش. دوایین کتێبم، ناوی "خەباتی نافەرمانی مەدەنی: دیالۆگێک" کە لەو کتێبەدا زۆرتر باسی هەڵە و کەموکوڕییەکانم لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی کردووە و چۆن ئەوە لەو هەڵە و کەموکوڕییانە ئەزموون وەربگرین و لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە داهاتوودا دووپاتیان نەکەینەوە.

پرۆفایل، پەر هەرەنگرێن کێیە؟

پەر هەرەنگرێن یەکێک لە دامەرزێنەرانی بزووتنەوەی بەکارنەهێنانی توندوتیژییە لە سوێد. هەم وەک نووسەر، هەم وەک لێکۆڵەر و هەم وەک خەباتکاری بەکردەوە کەسایەتییەکی ناوبەدەرەوەی سوێدییە. دوکتۆرای لە سۆسیۆلۆجی هەیە. لە ساڵی ١٩٨٤وە لە تێکۆشانەکانی بزووتنەوەی بەکارنەهێنانی توندوتیژی لە گۆرەپانی نێونەتەوەییدا بەشداری کردووە. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبەر تێکۆشانی دژ بە دروستکردنی رۆکێتی پرشینگی دووی چەکی ناوکی لە فلۆریدا بۆ ماوەی ١٥ مانگ زیندانی کراوە. لە کۆتایی هەشتاکان فرۆکەیەکی شەرکەر کە قەراربوو لە ئەڵمانیاوە بگوێزرێتەوە بۆ تورکیا و لە شەری کوردستاندا بەکار ببرێ، تێکشکاندووە. هەتا ئێستا ٩ کتێبی نووسیوە کە دوایین کتێب ناوی (خەباتی نافەرمانی مەدەنی: دیالۆگێکە). یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی "رێنمایی خەباتی نافەرمانی مەدەنی" لەلایەن سیاوەش گۆدەرزی، رێکخەری ئەم چاوپێکەوتنە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و لە سوێد چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

# بەشی سێیەم

## پێناسه و بنەما و شێوازەکانی ناتوندوتیژی

سیاوەش گۆدەرزی

کاتێک مەهاتما گاندی لە ئەفریقیای باشور دەستی بە هەڵمەتە ناتوندوتیژییەکانی لە دژی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز کرد، ئەو هێشتا لەسەر چەمکی ناتوندوتیژی بە تەواوەتی ساق نەبوو. لە پێشدا چەمکێکی بە ناوی بەرهەڵستکاری ئەرێنی یان بەرهەڵستکاری پاسیف passive resistance بەکار هێنا کە ئەو چەمکەش لە خۆیدا پێشتر لە ئەدەبیاتی بەرهەڵستکاری ژنان لە بەریتانیای مەزنی ئەو سەردەمەدا وەرگیرابوو. دواتر گاندی لە باتی ئەوە، چەمکێکی بە ناوی ئاهیمسا Ahimsa کە لە زمانی سانسکریتا مانای ناتوندوتیژی دەدا، بەکار هێنا. وشەی ئاهیمسا لای گاندی تەنیا مانای ڕووت و قووتی ناتوندوتیژی نەدەدا هاوکات ئاهیمسا بۆ گاندی بێجگە لە مانای بەرهەڵستکاری لە بەرانبەر سەرکوت و توندوتیژی، مانای ئەڤین و ڕێز بۆ هەموو مرۆڤ بوو.

### چەمکی ناتوندوتیژی لای گاندی

چاوگی خەباتی نافەرمانی مەدەنی دەگەڕێتەوە بۆ هێنری دەیڤید تۆریۆ، قەشە و نووسەری بەنێوبانگ لە باکوری ئەمەریکا، لە سەدەی هەژدەمی هەزارەی ڕابردوودا. کاکڵی بیری فەلسەفی تۆریۆ ئەوە بوو کە دەوڵەت و دەسەلاتدار لە خۆیاندا مەترسیدار نیین. مەترسی و کێشەی هەرە گەورە، هاوکاری و فەرمانبەری هاوولاتییەکانی ژێر فەرمانبەری دەوڵەت و دەسەلاتدارانن. قایمترین بنەمای زوڵم و زۆر و ناحەقی و گرینگترین کێشە

لەبەردەم ئاڵوگۆڕە کۆمەڵگەییەکاندا، ئەو مرۆڤانەن کە سەرەڕای ناڕازیبوون و دژبەری لە باری بیروڕاوە لەگەڵ دەوڵەت، هێشتا فەرمانبەری لە دەوڵەت دەکەن.

مهاتما گاندی وەک دووەمین بیرمەندی خەباتی نافەرمانی مەدەنی بە هەمان ڕێچکەی تۆریۆدا باوەڕی بەوە هەبوو کە دەسەڵاتی دەسەڵاتداران بەستراوەتەوە بە هاوکاری و فەرمانبەری تەواوەتی هاووڵاتییان. لەم بارەوە گاندی دەڵێ: " ئەگەر تەنیا خەڵک تێگەیشتبان کە فەرمانبەری یاسا ناڕەواکان کارێکی نامرۆڤانەیە، ئەوە کامە ملهوڕ و دیکتاتۆر هەیە نەیدەتوانی زۆڵم و زۆر لەوان بکا".

گاندی وەک بیرمەندێکی تری خەباتی نافەرمانی مەدەنی لە زۆر بواردا لە نوێبوونەوە و بەرەوپێشچوونی خەباتی مەدەنیدا ڕچەشکێنی کرد و بە کەڵکوەرگرتن لە بودیسم، هیندویسم و هەلومەرجی هیندستان گۆڕانکاری بە تایبەت لە شێوازی خەباتی نافەرمانی مەدەنیدا پێکهێنا.

**گاندی و ناتوندوتیژی**

گاندی چەمکی ناتوندوتیژی بە خەباتی نافەرمانی مەدەنییەوە زیاد کرد. گاندی لەو باوەڕەدا بوو نەک تەنیا دەبێ لەناتوندتویژی وەک شێوازی خەبات و بەرهەڵستکاری کەڵک وەرگیرێ بگرە دەبێ ناتوندوتیژی وەک ئەرک ڕەچاو بکرێ.

لەبەرئەوەی گاندی بە خەباتکاری پاسیفیست ناوبانگی دەرکردووە، زۆر جار بە هەڵە خوێندنەوە لە ڕوانینی گاندی لەسەر چەمکی ناتوندوتیژی و پاسیفیست دەکرێ. گاندی چەمکی "بەرهەڵستکاری پاسیڤ" کە هەتا ڕادەیەک هەمان مانای "بەرهەڵستکاری ناتوندوتیژی" دەدا، بەکار دەبرد و ڕەنگە هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەم بەهەڵە تێگەیشتنە. ناتوندوتیژی

هێندێک جار به هەڵه لەگەڵ پاسیفیزمدا وەک هاوتای یەکتری دادەندرێ. ناتوندوتیــژی لەلای گــاندی تەنیــا دوورەپەرێزی له توندوتیــژی نیــیــه. ناتوندوتیژی ئەوه نییه وەک له مەسیحییەتدا دەگوترێ بۆ پێشگری له توندوتیژی ئەگەر زللەیەکیان لێ دای ڕووت وەرگێڕه هەتا زللەیەکی تر لەو لایەی ترت بدەن، بگره ناتوندوتیــژی به مــانای بەشــداریی چالاکــانه له نەهێشتنی توندوتیژی و خەبات له دژی توندوتیژییه. گاندی زۆرجار باسی ئەوەی کردووه که دەبێ ئێمه وەدوای کاکڵ و ناوکی گرفتەکاندا بکەوین و هۆکاری گرفتەکان ببینینەوه. هاوکات ناتوندوتیژی به مانای ترسنۆکی و ڕاکــردن له بەرانبــەر توندوتیــژیدا نیــیــه. گــاندی دەیوت خــەباتکارێکی ناتونوتیژی جەستە نا بگره ڕوحی دەکاته لەمپەر له بەرانبەر هەڵوێستی دیکتاتۆراندا و تەنانەت حازره لەم ڕێگەیەشدا گیانی له دەست بدا.

ڕاسته گاندی داهێنەری چەمکی بەرهەڵستکاری ناتوندوتیژی بوو، بەڵام هاوکات گاندی به کەڵکوەرگرتن له پاشخانی مەزهەبی بودیسم چەمکێکی تر به ناوی ســاتیــاگــراها داهێنای. بەپێی چەمکی ســاتیــاگــراها نایەکسانییەکان و بەکارهێنانی توندوتیژی دەبنه کۆسپ بۆ ئەوه ئێمه نەگەین به ڕاستییەکان. هەره پلەی بەرزی توندوتیژی که کوشتنه بەو مانایەیه که بەشێکی تەواو له ڕاستیش دەکوژرێ و ئێمه بۆ هەموو کات بەو ڕاستییه ناگەین. ئەگەر ئێمه باوەڕمان بەوه هەبێ که هەموو کەسێک لەلایەن خۆیەوه هەڵگری جۆرێک له ڕاستییه، کەوابوو پڕ مەترسیدارترین دژبەرەکانیشمان هەڵگری ڕاستین، هەربۆیه دەبێ بۆ دەرکەوتنی ڕاستی دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ دژبەر بکرێ. هەر لەسەر هەمان ڕێچکه گاندی پێی وایه ئێمه وەک ئینسان له هەڵه و کەموکوڕی بێبەری نین و هەموو ئینسانەکان تووشی هەڵەو بەلاڕێداچووندا دەبن، هەربۆیه و لەو سۆنگەشەوه کەس ناتوانێ شەرعییەت به توندوتیژی بدا. لێرەدا جێگەی سەرنجه گاندی له چەمکی "دوژمن" کەڵکی وەرنەدەگرت بۆ ئەوه شەرعییەت به توندوتیژی

نەدا و هاوکـــات باوەڕیشی بە بوونی دوژمن نەبوو، ئەو پێی وابوو لێک تێنەگەیشتن دەبێتە هۆی سازبوونی دژبەر و ماف پێشێلکار. کاتێک چەمکی دوژمن فڕێ بدرێ، ئەوە دید و بۆچوونی کوشتنی فیزیکیش لەنێو دەچێ و هەر ئەمە ئەو شیانە دێنێتە گۆڕێ کە دیالۆگ و پێکەوە دانیشتن لە نێوان دژبەرەکاندا، پێک بێت. ئامانجی خەباتی نافەرمانی مەدەنی کە دژ بە سەرکوت و بندەستی گەلێک بەڕێوە دەچێ لە هەمان کاتدا بەو مانایە نییە کە جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست دەکرێ بگرە بەو مانایەیە کە پردێک بۆ دیالۆگ، پێکەوە دانیـــشتن، ڕێکەوتن و دواتریش پێکەوە ژیان دروست دەبێت.

گاندی پێی وابوو هەمـوو ئێـمـەی مـرۆڤ یەکین. هەر لەو سـۆنگەیەوە بەکارهێنانی توندوتیـژی لە دژی کەسێک لە پلەی یەکەمدا بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی ئەو کەسە بۆخۆیە کە توندوتیژی بەکار هێناوە. لێرەدا ئەو کـەســەی توندوتیـژی بەکارهێناوە لە ڕاسـتـیـدا بۆ خۆی قوربانی توندوتیژییە. هەر ئەمەش دەبێ ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوە توندوتیژی بەکار نەیەت. بەکارنەهێنانی توندوتیژی لایەنی ڕێزگرتنی مرۆڤیش نیشان دەدا، واتە مرۆڤ لەبەر ڕێزگرتن لە خۆ و پلەی ئینسانی مرۆڤ توندوتیژی کە لە دژی خودی ڕەگەزی مرۆڤ بۆ خۆیەتی بەکار نابا.

گاندی لەو بڕوایەدا بوو کە بەهۆی توندوتیـژییـەوە مرۆڤ تووشی زام و ناسۆری جەستەیی نا بگرە ڕۆحیش دێت، چ ئەو کاتەی دژ بە توندوتیژی دەجوولێتەوە، چ ئەو کاتەی مرۆڤ ڕێگە بە توندوتیژی دەدا، یانێ لە هەموو هەلومەرجێکدا وەک کاریگەری توندوتیژی زەحمەتی و ئازار تووشی مرۆڤ دەبێ. بەڵام گاندی هاوکات پێی وابوو هەمان ئەو ئازار و زەحمەتییە کە لە جەستەوە دەگاتە دڵ و ڕوح و لەوێوە مرۆڤ بەهۆی هەمان ئازار پەی بە ڕاســتی دەبا. واتە زام و برین باوەڕی مـرۆڤ قـایمتـر دەکـا. تەنانەت

هەڵدەکەوێ کە مرۆڤ لە پێناوی دژایەتیکردن لەگەڵ توندوتیژی و قووڵبوونەوەی باوەڕی، گیانیشی بەخت بکا. واتە ئاکامی زام و برینی توندوتیژی باوەڕێک لە مرۆڤ چێ دەکا کە ئیتر مرۆڤ توندوتیژی پەسند نەکا

**پێناسەی ناتوندوتیژی:**

دیارە ناتوندوتیژی پێناسەیەکی تاقانەی نییە و چەمکی ناتوندوتیژی خوێندنەوەی جیاوازی لێ دەکرێ. بۆ نموونە کەسێکی وەک ستێلان ڤینتاگێن، لێکۆڵەرەوە و خەباتگێڕی ناتوندوتیژی پێی وایە چەمکی ناتوندوتیژی بەرانبەرە لەگەڵ دوو وشە "بێ توندوتیژی" بەعەلاوەی "دژی توندوتیژی". ئەمە بەو مانایەیە لە هەمان کاتدا مرۆڤ لە توندوتیژی کەڵک وەرناگرێ لە دژی توندوتیژیش خەبات دەکا. نووسەر و خەباتگێڕانێکی تری سوێدی وەک ئانیکا سپاڵدە و پێلە ستریندلوند لەو باوەڕەدان ناتوندوتیژی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە توندوتیژی و نایەکسانییەوە هەیە. کاتێک ناتوندوتیژی مانا دەدا کە ریسک و مەترسی بۆ سەر ئاکتۆرەکانی بەشدار لە خەباتی ناتوندوتیژیدا هەبێت. گێنە شارپ، لێکۆڵەرەوەی ئەمەریکی سەبارەت بە ناتوندوتیژی لەو بڕوایەدایە کە شێوازی ناتوندوتیژی لە خۆیدا دەبێ شێوازێک بێت بۆ گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی. واتە بەر لەوەی دەوڵەت یان دەسەڵاتداران بتوانن هەموو دەسەڵاتی نابەجێی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن ئەوە خەڵک لە ڕێگەی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژیی خۆی دەکاتە کۆسپ لە ڕێگەی ئەوان و بەشێک لەو دەسەڵاتە دادەبڕێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ خەڵکی.

مەهاتما گاندی لە توندوتیژی تەنیا وەک شێواز یان میتودێک نەیدەڕوانی. گاندی خوێندنەوەیەکی مەزهەبییانەی بۆ ناتوندوتیژی هەبوو، واتە ناتوندوتیژی هێز و وزەیەکی وای هەیە دەکرێ کاریگەریی لەسەر دڵ و

دەروونی خەڵکی دادەنێ و لە جێگەی توندوتیژی ئەڤین و خۆشەویستی لە دڵی مرۆڤدا جێگە بگرێ. گاندی دەیوت کاتێک لەگەڵ دژبەرەکەت ڕووبەڕوو دەبی هەوڵ بدە لە ڕێگەی ئەڤین و خۆشەویستییەوە بە سەریدا زاڵ بی، چونکە لە غەیری ئەوەدا ناتوانی کاریگەریی لەسەر دژبەرەکەت دابنێی.

**بنەماکانی ناتوندوتیژی:**

یەکەم؛

توندوتیژی بەکار مەبە. ناتوندوتیژی بەو مانایەیە کە دژ بەرەکەت چ لە بواری فیزیکی و چ لە بواری ڕوحییەوە بریندار دەکەی تەنانەت ئەگەر لە خۆپاراستنیشدا بێت. هێندێک خەباتگێڕی ناتوندوتیژی تەنانەت بێجگە لە مرۆڤ لەم کاتەگۆڕییەشدا جێگە بۆ ئاژەڵیش دێڵنەوە. گاندی دەیوت زۆر شت هەیە کە من لە پێناویدا بمرم بەڵام هیچ شتێک ئەو بایەخەی نییە کە من لە پێناویدا توندوتیژی بەکار بەرم. بەبەکارهێنانی توندوتیژی دژبەریش توندوتیژی بەکار دەبا و بەو شێوەیە توندوتیژی تەشەنە دەکا. هەربۆیە یەکەم پرەنسیپ ئەوەیە کە دەگوترێ ڕاگرتنی توندوتیژی لە منەوە دەست پێ دەکا.

دووەم؛

لە نێوان مرۆڤ و شتدا جیاوازی دادەنرێ؛ واتە کردەوەی پڕخراپ زۆر هەیە بەڵام مرۆڤی زۆر خراپ کەم هەیە. بۆ نموونە لە خەباتی ناتوندوتیژی لە دژی شەڕ یان داگیرکەریدا، خەبات لە دژی سیستەم و ئەنیستیتۆی شەڕخواز دەکرێ نەک لە دژی پۆلیس و سەربازەکان وەک مرۆڤ. ئاکامی ئەمە ئەوە دەبێ کە بە ڕێز و حورمەتەوە سەیری هەموو ئینسانەکان بکرێ. وەک نموونە خەباتگێڕانی ناتوندوتیژی لە کاتی هەڵمەتەکانییاندا بە ڕێز و حورمەتەوە لە پۆلیس و سەربازەکان نزیک دەبنەوە و تەنانەت لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە گوڵ و شیرینی پێشوازییان لێ دەکرێ.

سێیەم؛

ئامانج و ئامراز لێک جیانین؛ لە ڕوانگەی ناتوندوتیژییەوە دەگوترێ مرۆڤ بەهۆی شەڕ و توندوتیژییەوە ناگا بە ئاشتی و ئاشتی سەقامگیر نابێ. توندوتیژی کارتێکەری لەسەر مرۆڤەکان و کولتوورەکان دادەنێ و توندوتیژی دەبێتە هۆی توندوتیژی تر. ئەمە لە ئەزموونی زۆر وڵاتاندا دیتراوە. ئەو وڵاتانەی بەهۆی شەڕی گەریلاییەوە وەک خەباتێکی بەجێ و مەشروع ڕزگار کراون، دواتر هەمان حکوومەتی نوێی بەدەسەڵات گەیشتوو توندوتیژی لە دژی هاووڵاتییانی خۆی بەکار هێناوە. ئەگەر هاتوو بزووتنەوەیەک بەهۆی خەباتی ناتوندوتیژییەوە هاتبێتە سەر دەسەڵات ئەوە شانسی زۆرتر هەیە کە ئەو دەسەڵاتە توندوتیژی بەکار نەبا و پێشوەچوونێکی ئاشتیخوازانە لەو وڵاتەدا پێش بکەوێ. کاتی خۆی مارتین لووتێر کینگ خەباتکاری بەنێوبانگی ئەمەریکایی دەیگوت: خەباتی ناتوندوتیژی ئەوە لە ئێمە دەخوازێ کە بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانجی ئاشتیخوازانەدا کە هەمانە، کەرەستە و ڕێگەی ئاشتیخوازانە و دوور لە توندوتیژی بەکار ببەین.

چوارەم؛

کرۆک و ناوکی کێشەکان ببیندرێن نەک ڕووکەش و دیوی دەرەوەی کێشەکان. هەر لەم سۆنگەیەوە لە خەباتی ناتوندوتیژیدا هەموو کەس وەک ئەرک دەکەوێتە سەر شانی کە بۆ پێشگرتن بە توندوتیژی لەلایەن خۆیەوە هەوڵ بدا. ناتوندوتیژی تەنیا شێوازێکی خەبات لەنێو شێوازەکانی تردا نییە بگرە ویستێکە بۆ تێگەیشتن لە توندوتیژی و چاوگ و کاکڵی پرسگرییەکان. ئەمە بەو مانایەیە کە ناتوندوتیژی لە خۆیدا خەباتێکە لە دژی نایەکسانی و بێعەدالەتی. گاندی لەو بڕوایەدا بوو بۆ ئەوە لە هیچ کات و ساتێکدا لە توندوتیژی وەک ئامرازی گەیشتن بە ئامانج کەڵک وەرنەگیردرێ دەبێ

ڕۆشنگەری و بڕوای ناتوندوتیــژانە هەبێ. کــە ئەمــە هەبوو بێــلایەنی و پاسـیڤبـوون نامێنێ و مرۆڤەکـان لە بەرانبـەر نایەکسـانی و توندوتیـژیدا بێـدەنگ نـابن. گـاندی پـاسـیـڤـبـوون، بێـلایەنی و دەسـتـەوەسـتـانی لە بەکارهێنانی توندوتیژی پێ خراپتر بوو.

### شێوازەکانی ناتوندوتیژی

شـێـوازەکـانی خـەباتی نافـەرمـانی مـەدەنی یەکـجـار زۆرن و پێ بەپێی پێـشـوەچوونـەکـانیش شـێـوازی نوێی خـەبات زیاتر دەبن. گـینە شـارپ لێکۆڵەرەوە لە خـەباتی ناتوندوتیـژی لە کـتـێـبی هەڵمـەتە سـیـاسـیـیـە ناتوندوتیژییەکاندا کە ساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە ١٩٨ شێوازی جیاجیای دەسـتنیشـان کردووە. لێرەدا پێداچوونەوەیەکـمان دەبێ بە شـێوازەکـانی ناتوندوتیژی لە ٣ کاتەگۆری جیاوازدا:

یەکەم، خۆپیشاندان و قەناعەت پێکردن

خۆپیشاندان؛

خـەڵکی بە کـۆبوونەوە و ڕێپێوان لە شـەقامـەکان لە بەرانبـەر کـێشـەیەک هەڵوێست دەگرن و نارەزایەتی دەردەبڕن. زۆرجار خۆپیشـاندانەکان هاوکات لە زۆر شــاردا یان لـە زۆر وڵاتدا بەڕێوە دەچن. لـە دژایەتی لـەگــەڵ شــەڕی ئەمەریکا لە عێراق لە ڕۆژی ١٥ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٣ لە یەک کاتدا لە ٨٠٠ شاری جۆرەوجۆری جیهان خۆپیشاندان بەڕێوە چوو.

واژۆکردنی لیستی بەرهەڵستکاری؛

هێندێک جــار هەڵوێســتـێکی ســیــاسی دەبێــتــە هـۆی نارەزایەتی و بەرهـەڵسـتکاری لە شـێـوازی واژۆ کـۆکـردنەوە و بڵاوکـردنەوەی لیـسـتی بەرهەڵستکاری.

هەڵمەتی لێدانی وارگە؛

ئەمە شێوازێکە لە دەستبەسەرداگرتن کە لە دەیەکانی هەشتا و نەوەدا زۆر برەوی پەیدا کرد. تێکۆشەرانی نافەرمانی مەدەنی لە کاتێکی دیاریکراودا لە پەنای ئەو شوێنەی کە لە دژی بەرهەڵستکاری دەکەن، کەمپ یان وارگە لێ دەدەن و لەوێ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەژین. یەکێک لە کەمپە بەنێوبانگەکان، کەمپی ژنان لە بنکەی چەکی ناوکی گرینهەم کامن -Green ham Common لە ئینگلستان بوو لە دژی تەشنەکردنی چەکی ناوکی.

دووەم، هاوکاری نەکردن

بایکۆت؛

سەرپێچی لە کڕینی شتومەک یان ئەنجامدانی ئەرکێک وەک شێوازێکی نارەزایەتی بەرانبەر بە هەڵوێستی شەریکەیەک، ئەنیستیتۆیەک یان دەوڵەتێک. لە سەردەمی ئاپارتایدا سەرپێچی لە کڕینی شتومەکی دەوڵەتی ئاپارتایدی ئەفریقیای باشوور کاریگەرییەکی زۆری دانا. لە پێشدا کۆڕ و کۆمەڵەکان، دواتر شەریکە و دامەزراوەکان و هەرە دواتریش دەوڵەتان لە بایکۆتی ئاپارتایدا بەشدارییان کرد و بەو شێوە حکوومەتی ئەفریقیای باشوور بەچۆکدا هات.

مانگرتن؛

مانگرتن یانێ سەرپێچیکردن لە کارکردن. یان کۆبوونەوە لە شوێنێکی تایبەت و مانگرتن لەوێ. بۆ نموونە لە میانەی ڕاپەڕینی فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٧دا کرێکارانی فەلەسیتنی بە کۆمەڵ مانیان لە کارکردن لە ئیسرایل گرت و ئەمەش زەربەیەکی قورسی لە ئابووری ئیسرایل دا کە کاری هەرزانی لە فەلەستینییەکانەوە دەکەوتە هەوێڵ. لە ڕۆژی ٢٤ی مارسی ئەم ساڵ، پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی دەتەپە لە چوارچێوەی خەباتی نافەرمانی

مەدەنیدا مانگرتنی دانیشتنیان لە هەموو باکوری کوردستان و تورکیا ڕاگەیاند کە ئێستاش درێژەی هەیە.

سەرپێچی یان خۆبواردن لە هاوکاریکردن؛

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا دوکتۆرە نەرویجییەکان بە مەبەستی دژایەتیکردن لەگەڵ هیتلەر و ناسیزم، لە جێبەجێکردنی پلانی کاری نازییەکان خۆیان بوارد. ئەگەرچی ئەو دوکتۆرانە ڕەوانەی وارگەکانی بەدیلگیراوانی شەڕ کران بەڵام ئەوان لە سەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوام بوون و ئاخرەکەی حکوومەتی نازی ناچار ما ئەوان لە وارگەکان بگەڕێنێتەوە.

نەچوونە سەربازی؛

یەکێک لە شێوە ئاساییەکانی خەباتی نافەرمانیی مەدەنی، سەرپێچی ویژدانی و خۆبواردن لە چوونە سەربازییە. خەڵک لە ڕێگای خەباتی نافەرمانی مەدەنی بەشداری لە شەڕدا ناکەن و ناچنە سەربازی و بەم شێوەیە لە دژی شەڕ ڕادەوەستن. نەچوونە سەربازی دەبێ بە شێوەی کراوەو فەرمی بێت و ئامانج لە چوونە سەربازی ڕاگەیەندرێ و لە بەرانبەر ئەم سەرپێچییەشدا کە ئاکامەکەی سزا و ڕەنگە چوونە زیندان بێت، پەسەند بکرێ. دیارە لە ڕابردوودا و لە زۆر بەشەکانی کوردستاندا خەڵکی کورد لە دژایەتی لەگەڵ شەڕدا نەچوونەتە سەربازی و بەو شێوەیە بەشداریان لە شەڕی دژ بە کورد نەکردووە. بەڵام ئەم سەرپێچییە لە کوردستاندا بێجگە لە باکوری کوردستان نەبێ ناکەوێتە چوارچێوەی نافەرمانی مەدەنی چوونکە سەرپێچی لە چوونە سەربازی بە نهێنی کراوەو قەد لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی مەدەنی دژ بەشەڕدا ڕێکنەخراوە.

سێهەم، هەڵمەتە ڕاستەوخۆكان

بەربەستكردن؛

بەربەستكردن یانێ ئەوە ڕێگە لە شتێک بگیردرێ یان بەربەست بكرێ. بۆ نموونە لە لایەن خەباتكارانی مەدەنی جوولەكەوە ڕێگە بەو شۆفلانەی ئیسرایل دەگیردرێ كە خانوویەک دەڕووخێنن یان خانوویەكی نوێ لە خاكی فەلەستین ساز دەكەن. بەلەمە چكۆڵەكان لە ئوسترالیا ڕێگای كەشتییەكانی هەڵگری چەكی ناوكی بۆ لەنگەرخستن لە بەندەرەكان بەربەست دەكەن. مەلاوانان پێش بە باركردنی زبڵی وزەی ناوكی دەگرن. هەروەها لە هەرێمەكانی سوندسڤاڵ و بوهویسلەن لە سوێد چالاكانی لێرەوارپارێز باوەش بەدارەكاندا دەكەن و ناهێڵن شەریكەكان بیانبڕنەوەو سرووشت تێكبدەن. كەمئەندامانی سەر چەرخ، ڕێگای هاتوو چۆی ئەو قاوەخانە و چێشتخانانە بەربەست دەكەن كە هەلومەرجی پێداچوونە ژوورەوەی كەمئەندامانیان ڕەچاو نەكردووە. ئەمانە هەموو شێوازەكانی بەربەستكردنن كە بە زۆری لە ئەوروپا كەڵكیان لێوەردەگیردرێ.

دەستبەسەرداگرتن؛

بەو مانایەیە كە خەباتكارانی مەدەنی دەست بەسەر جێگایەكدا دەگرن كە لەو شوێنە كاروبارێكی ڕووخێنەر لە ڕۆژەڤدایە. یەكێک لە گەورەترین دەستبەسەرداگرتنی ئاشتیخوازانە لە سەحرای نێڤادا ئەنجام درا كە لەوێدا تاقیكردنەوەی بۆمبی ناوكی دەكرا. لە ماوەی دە ڕۆژدا لە مارسی ١٩٨٨ لانیكەم ٢٠٦٥ كەس لە دەستبەسەرداگرەكان، دەستبەسەر كران. لە ئەمەریكای لاتین و باشووری ئەفریقا بێ ماڵ و بێ زەوییەكان دەست بەسەر زەویدا دەگرن. یان خانووبەرەی تێدا ساز دەكەن یان كشتووكاڵی تێدا دەكەن.

خۆ قەڵخانکردن؛

لەو هەرێمانەی شەڕ هەیە، خەباتکارانی ئاشتیخواز بۆ پێشگرتن لە شەڕ لەشی خۆیان دەکەنە قەڵخان و دەیانهەوێ بەو شێوەیە پێش بە شەڕ و توندوتیژی بگرن. هەر ئێستا دەیان گرووپی ئەوروپایی و ئەمەریکایی بۆ پێشگرتن لە دووبارە دەستپێکردنەوەی شەر لە نێوان ئەرتەشی مێکزیکۆ و گەریلاکانی ئەرتەشی ڕزگاریخوازی چیاپاز لە هەرێمی چیاپاز جێگرن و بە نۆرە قەڵخانی تر جێگەیان دەگرێتەوە.

چەکداماڵین؛

شکاندنی چەک بە شێوەیەکی کراوەو هاوکات پەسەندکردنی ئاکامەکەی کە مەحکەمەو زیندانە. لە کۆتایی هەشتاکاندا گرووپێکی پلۆگبیلی، لە فرۆکەخانەیەکدا لە ئاڵمان فرۆکەیەکی شەڕکەر کە بە تورکیا فرۆشرابوو، بە چەکوشەکانیان شکاند. ئەو فرۆکەیە بە تورکیا فرۆشرا بوو کە دواتر ئەرتەش لە دژی کوردان بەکاری دێنا. لەم هەڵمەتە خەباتگێری سوێدی پەر هەرەنگرێن بەشدار بوو.

**شێوازەکانی خەباتی ناتوندوتیژی لە باکوری کوردستان**

لە باکوری کوردستان لە مێژە لە خەباتی نافەرمانی مەدەنی کەڵک وەردەگیردرێ و هەتا دەچێ و زیاتر ئەم شێوازە خەباتەش تەشەنە دەکا. هەڵمەتەکانی دایکانی ئاشتی، هەڵمەتی دژی شەڕ بە ناوی قەڵغانی زیندوو، هەڵمەتی نەچوونە سەربازی، هەڵمەتەکانی خۆناساندن بە مەحکەمە و وتنی بێژەی بەڕێز ئۆجالان، هەڵمەتی بایکۆتکردنی ڕێفراندۆم، هەڵمەتی نەچوونە قوتابخانە و هەڵمەتی بە کوردی قسەکردن لە مەحکەمەکانی تورکیا و لە ئاستی بەرزیشدا لە پارلمانی تورکیا هەموو شێوازەکانی خەباتی نافەرمانی مەدەنین.

**هەڵدانی خێوەتی چارسەری دیمۆکراتیک؛**

هەڵمەتێکی تری  نوێ خەباتی مەدەنی کە لەگەڵ پیرۆزباییەکانی نەورۆزی ٢٠١١ لە باکوری کوردستان دەستی پێ کرد، هەڵدانی خێوەتی چارەسەرییە کە لە لایەن دایکانی ئاشتییەوەیە وەڕێخراوە. ئەم هەڵمەتە هەتا ئێستا پشتگیرییەکی قایمی لە لایەن خەڵکەوە لێکراوە. ڕۆژی ٢٠ی مارس بە سەدان هەزار کەس لە پیرۆزبایکەرانی نەورۆز لە شاری ئامەد بە مەبەستی پشتگری لە دایکانی ئاشتی بەرەو خێوەتەکانی چارەسەری ڕێپێوانی ئاشتیخوازانەیان ئەنجامدا و لەگەڵ ئەوەی پۆلیسی تورکیا توندتوتیژی بەکار هێنا و ١١٤ کەسی لە خۆپیشاندەران کە لە نێو ئەواندا ٩ منداڵ دەبیندران، دەسبەسەر کرد، بەڵام ئێستاش هەڵدانی خێوەتەکانی چارسەری بەردەامن. ئەم هەڵمەتە نوێیەی دایکانی ئاشتی لە هەڵمەتی دایکانی ئارژانتینی دەچێ کە لە نێوەڕاستی ساڵەکانی ٨٠دا هەڵمەتێکی لەو چەشنەیان لە مەیدانێک لە بۆینس ئایرس بەڕێوە برد. دایکانی ئارژانتینی کە خۆیان وەک "دایکانی شێت" ناودێر کردبوو داوای دیاربوونی چارەنووسی کور و کچە بێسەروشوێنەکانیان دەکرد کە لە لایەن حکوومەتی دیکتاتۆری ئارژانتینەوە بێسەروشوین کرابوون. ئەوان هەموو حەفتەیەک کۆدەبوونەوەو ئەم کارەیان بە بەردەوامی ئەنجامدا هەتا وای لێهات کە داواکاری ئەوان وردە وردە تەشەنەی کرد و خەڵکی تری  لێ ئاگادار بوو و بەوان پەیوەست بوون وئاخرەکەی دەسەڵاتداریەتی سەربازی ئەو کاتی ئارژانتینیان ناچار کرد کە مل بۆ داخوازییەکانیان ڕابکێشێ.

لێرەدا دوو نموونەی تر لە شێوازی خەباتی نافەرمانی لە باکوری کوردستان دژ بە شەڕی ئەرتەشی تورکیا لە کوردستان دەخرێنە بەر سەرنج:

هەڵمەتی قەڵغانی زیندوو؛

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا لەکۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP (ئەم پارتە قەدەغە کرا و ئێستا پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی بەدەپە لە جێگەی دامەزراوە) بڕیار درا لە چوارچێوەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی ڕێپێوانێکی گەورە بە ناوی قەڵخانی زیندوو بە مەبەستی دوو ئامانج پێکبێت، یەکەم؛ ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەرانبەر ئوپراسیۆنەکانی سوپای تورکیا و دووەم؛ پشتگری لە چارەسەری سیاسییانەی پرسگری کورد. ڕێکەوتی دەسپێکردنی ئەم ڕێپیوانە ڕۆژی ٤ی ژانڤییە دیاری کرا و بڕیار درا زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە باژێر و ناوچەکانی باکوری کوردستانەوە ڕوو لە چیای جودی بکەن، شوێنێک کە ئەو دەم بووبووە مەیدانی شەڕی نێوان هێزەکانی حکومەت و گەریلاکان.

ڕۆژی ٤ ژانڤییە ١١٠ قەڵغانی زیندوو لەبارەگای دەتەپە لە ئێزمیر لە کاتێکدا نزیکەی هەزار کەس لە نوێنەرانی دەتەپە، پارتی ڕەنج، پارتی دیموکراتی سۆسیالیست و پارتی ڕەنجی سۆسیالیست پشتگیریان بۆ چالاکوانان کرد بەرەو شاری ئامەد و لەوێوە بۆ بۆتان وەڕێکەوتن. هاوکات هەزاران کەس لە هەکاری، گەڤەر، ئەردەهان، قارس و سێرتەوە بەرەو شەرناخ کەوتونە ڕێ. قەڵغانانی زیندووی هەکاری کە ٥٠٠ کەس دەبوون، هەمان ڕۆژ لە بەردەم بارەگای دەتەپە کۆبونەوە تا بەرەو بۆتان وەڕێکەون. پارلمانتاری کورد حەمید گەیلانی کە بۆ خۆی لە نێو دەستەی قەڵخانی زیندوودا جێ دەگرت بەر لەوەی بەرەو بۆتان وەڕی بکەوێ وتی ئێمە لە پێناو ئاشتی و برایەتی گەلاندا بەرەو بۆتان دەکەوینە ڕێ. لە گەڤەریش ٢٠٠ قەڵغانی زیندوو هەمان ڕۆژ بەرەو بۆتان وەڕێکەوتن. ئۆزداڵ ئوچەر پەرلەمانتاری پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دەدەپە، هەمان ڕۆژ هاوڕێ لەگەڵ ٤٠٠ قەڵخانی زیندووی تر لە شاری وانەوە بەرەو ئامەد وەڕێکەوتن.

ڕۆژی ٥ی ژانڤییە هەزاران قەڵغانی زیندوو لە کاتێکدا لە ئامەد لە نێو ئاپۆرای خەڵکیدا کە ژمارەیان لە هەزاران کەس زێدەتر دەبوون، پێشوازیان لێکرا و بەرەو بۆتان و هەرێمەکانی ئۆپەراسیۆن وەرێکەوتن و لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا گەیشتنە ناوچەی شەرناخ. لەوێش لە ناوچەی جزیری شەرناخ لە لایەن زیاتر لە ٢٠ هەزار کەسەوە بە چەپڵەڕێزان و دروشم وتنەوە پێشوازیان لێکرا. هاوکات هەزاران کەس لە هەر چوارلای باکوری کوردستان و تورکیا بەرەو بۆتان، کەوتنە ڕێ و ٦ی ژانڤییە گەیشتنە دەربەندی قەسرۆک، ئەو شوێنەی کە ئۆپراسیۆنەکانی سوپای تورکیای لێ ئەنجام دەدرا.

لە قەسرۆک، کاروانی پەرلەمانتار، شارەدار و بەرێوەبەرانی دەتەپە، لە لایەن سەدان کەسەوە بە ئامادەکاری پێشوەخت بە وتنەوەی دروشم پێشوازییان لێ کرا. سەرۆکی گروپی دەتەپە لە پەرلەمانی تورکیا ئەحمەد تورک، وتەیەکی پێشکێش کردو وتی: " ئێمە بۆ کۆتایی هێنان بە ئۆپەراسیۆنەکان، پەراوێز کردنی قۆناغی شەڕ و بۆ دەست پێکردنی پرۆسەیەکی دیموکراتیانە، ئەم ڕێپێوانەمان ئەنجام داوە. هۆی هاتنی ئێمە بۆ ئێرە ئەوەیە کە گەلی کورد خوێن و فرمێسک رشتنی ناوێ، ئێمە وەک دەنگی ئاشتی بۆ دەستپێکردنی قۆناغێک کە ئیتر بۆمب نەتەقێنرێ و ئۆپەراسیۆن ئەنجام نەدرێ، ئەم هەوڵانە دەدەین و ئەمەش داخوازێکی دیمۆکراتیکە. هەڵمەتی قەڵخانی زیندوو ئاخرەکەی دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆژی ٦ی ژانڤییە بە چەپڵەو گۆرانی و گۆڤەندی ١٠ هەزار کەس کۆتایی هات.

هەڵمەتی نەچوونە سەربازی؛

هەروەها لە ماوەیساڵی ٢٠١٠دا لە چوارچێوەی خەباتی نافەرمانی مەدەنی و وەفادارمانەوە بە پرینسیپەکانی ئەم شێوازە خەباتە، ژمارەیەک جەوانی کورد لە باکوری کوردستان بۆ دژایەتی کردن لە شەڕی داسەپاوی

دەوڵەتی تورک بە سەر کوردا سەرپێچیان لە چوونە سەربازی کردوو ئەم بڕیارەی خۆشیان بە شێوەیەکی ئاشکرا بە ئاگاداری بیروڕای گشتی لە کوردستان، تورکیا و جیهان ڕاگەیاند. گرووپێکی ١٤ کەسی لە جەوانی کورد لە ئەزمیر بە شێوەیەکی ئاشکرا سەرپێچی خۆیان بۆ چوونە سەربازی ڕاگەیاند و هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەڵمەتە هەر لە ئەزمیر ژمارەی ١٠ جەوانی تر بەو گرووپەوە زیاد بوون و ئەوانیش بە شێوەیەکی فەرمی خۆیان خستە پاڵ بزووتنەوەی سەرپێچی لە چوونە سەربازی کە لە لایەن ناوەندی کولتوری میزوپوتامیا لقی ئەزمیرەوە ڕێکخرابوو. قادر یلماز وتەبێژی جەوانی کورد کە سەرپێچی لە چوونە سەربازی دەوڵەتی تورک دەکەن لە کونفرانسێکی چاپەمەنیدا ڕایگەیاند: ئێمە ئەم کارە بە مەبەستی بەشداری نەکردن لە شەڕ و چوون بۆ نێو ئەرتەشی تورکیا دەکەین و داوا لە جەوانانی تری کورد دەکەین کە هەمان هەڵوێست وەربگرن و نەچنە سەربازی. بزووتنەوەی دژی چوونە سەربازی کە لە لایەن ئێمەوە ڕێکخراوە تەنیا تایبەت بە کورد نییە و داوا لە هەموو جەوانان لە تورکیا دەکەین لە هەر گەل و نەتەوەیەک بن و سەر بە کامە ئایین و دین بن با ببن هەڵوێستی دژ بە شەڕی خۆیان بنوێنن و بە نەچوونە سەربازی بەشداری لە شەڕی دەوڵەتی تورکیادا نەکەن.

سەرچاوەکان:

Mahatma! eller Konsten att vända världen upp och ner av O'Yeah, Zac

Mina experiment med sanningen av Gandhi, Mohandas Karamchand

Gandhi, M .K .Non violent resistance .New Yor .1985.

ڕێنمایی خەباتی نافەرمانی مەدەنی، پەرهەرنگرێن وەرگێرانی بۆ کوردی سیاوەش گۆدەرزی

http://www.ickevld.se/ Martin Smedjeback

## بۆچی ناتوندوتیژی و بنەماکانی خەباتی مەدەنی لە کوردستان؟

سیاوەش گۆدەرزی

ڕووداوەکەی ڕۆژی ١٧ی فێڤریە و ڕۆژەکانی دواتر لە سلێمانی و هەڵەبجە و گیانلەدستدانی نزیک بە دە کەس لە خۆپیشاندەر و پۆلیس و بریندار بوونی دەیان کەسی دیکە، پێش لە هەموو شتێک هەبوونی کولتوورێکی توندوتیژیی سەلماند، کە تان و پۆی کۆمەڵگەی ئێمەی هەروەک کۆمەڵگە شەڕلێدراو پاشکەوتووەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیووە. ئەم ڕووداوانە سەلماندی کولتوورێکی توندوتیژی بە بێ ئەوەی خۆمان پێی بزانین و زۆرجاریش پێی لێبنێین، لە ناخ و دەروون و مێشکی ئێمەدا جێگربووە، کە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، چەکدار و بێچەک، خۆپیشاندەر و خۆپیشاندەر لەدژکراو، مافدار و بێماف هەر کامەیان بە پێی قورسایی خۆیان لە ڕووداوەکاندا لەم کولتوورە توندوتیژییەدا بەشدارن و بەهەمان شێوەش لە ئاستی کوشتن و لە نێوچوونی ئینسانەکاندا بەرپرسیارن. لە ڕوانگەی خەباتی مەدەنییەوە بۆ وەدەستهێنانی مافەکان، بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و یەکسانتر، هەم بەردبارنکردن و هەمیش گوللەبارانکردن بەشێکن لە کولتووری توندوتیژی. توندوتیژی لە خۆیدا توندوتیژییە و کەم و زۆری ڕادەی بەکارهێنانی توندووتیژی و کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی بە هۆی ئامرازی جیاواز شتێک لە ناخی خودی توندوتیژی ناگۆڕێ. ئەو عەقڵییەتەی بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێک بەرد دەهاوێژێ، بینایەک دەسووتێنێ، پۆلیسێک بە بەرد بریندار دەکا یان دەکوژێ لەگەڵ ئەوەی چەکی بەدەستەوەیەو بە ناوی پاراستنی یاسا و ڕێسا تەقە دەکا و خەڵک دەکوژێ

و بریندار دەکا، ئەمانە هەموو هەڵگری هەمان عەقڵییەتی توندوتیژین تەنیا لە ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژیدا لێکجیاوازن.

باشووری کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کوردیدا، تەجرووبەیەکی نوێی بەڕێوەبەری دیمۆکراتیکی لەرزۆکە لە ناوچەی شەڕلیدراو و جێ کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. دوای ڕووخانی سەدام حوسەین لە ساڵی ٢٠٠٣دا باشووری کوردستان تازە لە ژێر باری شەڕی نێوخۆیی نێوان کوردەکان بۆ خۆیان (تەنانەت خۆپیشاندەر و گۆڕانخوازانی ئێستاش تێیدا بەشداربوون) و هەروەها شەڕی داسەپاوی سەدام حوسەین پشتی ڕاست کردەوە. لە کوردستاندا کولتوورێکی توندووتیژی کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ لەمەوبەر و شەڕی درێژخایەن لەم ناوچەیەدا، هەر لە پارتە سیاسییەکەیەوە بگرە هەتا تەنانەت ئەو ڕێکخراوانەش کە بانگەشەی خەباتی مەدەنی دەکەن، زاڵە. چوونکە ئەمە کێشەیەکی کولتوورییە و کێشەی کولتووریش نە بە زمان و ئاخافتن و نە بە یەکدوو ڕۆژیش بنەبڕ ناکرێ. بۆ سەلماندنی ئەمەش بێجگە لە توندووتیژی ڕۆژانە لە بەرانبەر ژناندا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەر لەم ساڵانەدا زۆرجار هەڵکەوتووە کە توندوتیژی نەک تەنیا لە لایەن پارتە کوردییەکان یان پۆلیسی حکوومەتی هەرێم بەڵکوو لە لایەن بەرهەڵستکار و خۆپیشاندەرانیش بەکار هاتووە، نموونەوەی هەرە نوێی توندوتیژیش لە باشووری کوردستان ڕووداوەکانی شاری سلێمانی و هەڵەبجەن.

لە سەرەتای هەزارەی سێهەمدا تەنانەت لە وڵاتانی ئەورووپایی بەکاربردنی توندوتیژی لە کاتی خۆپیشانەکاندا کەم و زۆر بەردەوام بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆپیشاندانە یاساییەکان هەم لە لایەن دەسەڵاتداران و هەم لایەن مێدیاکانەوە وەپشت گوێ دەخرێن. هەر بۆیە زۆرجار بەکارهێنانی توندوتیژی باشترین ڕێگا بووە بۆ دەستڕاگەیشتن بە مێدیا.

چوونکە میدیاکان بەشێک بۆ سەرەنجڕاکێشانی زیاتری خەڵکی کە دەگەڕێتەوە بۆ قازانجی پارە و بەشێک بۆ ئەوە توندووتیژی لە پێشچاوی خەڵکی بکەوێ و خەڵکی لێی ببێزرێ، قورسایی و فۆکۆسی هەواڵ و دەنگوباسەکان دەخەنە سەر بڵاوکردنەوەی توندوتیژی. هەر ئەمە وای کردووە کە لە خۆپیشاندانەکاندا توندوتیژی نیشان بدرێ و بەو شێوەیە تێن و گوڕی زیاتر بە خۆپیشاندانەکان بدرێ هەتا ئەوە لە لایەن میدیاکانەوە زیاتر سەرەنجی بدرێ و باشتر ڕەنگ بداتەوە. ئەگەرچی هەر لەو سۆنەگەیەوە میدیاکان سەرنجی زیاتر بە توندوتیژیەکان دەدەن و توندوتیژییەکان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام خودی ئەمە بووە بە هۆی ئەوە بیروڕای سیاسی گشتی لە دژی ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە هەڵبگەڕێتەوە. کاتێک خەڵکی ئاسایی لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینێ کە چۆن سامانی گشتی دەسووتێندرێ، چۆن پۆلیس دەکەوێتە بەر لێدان، ئەوە سیمپاتی بۆ لای پۆلیس پەیدا دەبێ و بە پێچەوانەش خۆپیشاندەرانی توندوتیژی بەکاربەر بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە ئامانجی خۆپیشاندانەکانیان چەندە ڕەوان یان نا، بێزراو دەبن. لە ڕاستیدا ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەوروپا توندوتیژیان تێدا بەکار هاتووە لەخۆیاندا بوونەتە دژی خۆیان و بە پێچەوانە هیچکامە لە ئامانجەکانی خۆپیشاندانەکان وەدینەهاتوون.

بۆ ئەوە لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکاندا، توند و تیژی بەکار نەبرێ، بە پێی بنەماکانی بیرۆکەی ناتوندوتیژی دوو هۆکاری بنەڕەتی هەیە؛ یەکەم کردەوەو دووەم ئەخلاق. گاندی وەک یەکێک لە گەورە بیرمەندانی بزووتنەوەی ناتوندوتیژی لەو بڕوایەدابوو کە خەباتی ناتوندوتیژی لە خەباتی تێکەڵ بە توندوتیژی کاریگەرترە. بە کردەوە شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی گاندیش لە هیندووستان سەرکەوت. بێجگە لەوە، وتەیەکی کلاسیک و لە مێژە وتراوە؛ توندوتیژی، توندوتیژی بەدوودا دێ. دەکرێ لە ڕوانگەی

ئەخلاقیشەوە لایەنگری لە خەباتی ناتوندوتیژی بکرێ. ئەگەر هاتوو ئەوەمان لا پەسەند بێ کە ئینسان بایەخی بێ کۆتایی هەیە ئەوە هاوکات دەبێ ئەوەمان پەسەند بێ کە هەر تاقە مرۆڤێک هەر وەک دوو یان هەزار مرۆڤی تر پێکەوە بایەخی بێ کۆتایی و جۆرەوجۆریان هەیە. کەواتە لایەنگرانی بەکارنەهێنانی توندوتیژی یەکەم لە بەر ئەخلاق و بایەخی مرۆڤ و دووەم لە بەر ئەوە توندوتیژی هیچ چارەسەرییەک لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ بەڵکوو کێشەکان بگرە قورستر و ئاڵۆزتر دەکا، لە بنەڕەتەوە وەک پرەنسیپ دژی بەکارهێنانی توندوتیژن. ئەوانەی لایەنگری توندوتیژین پێیان وایە. بۆ نموونە دوو کەس بایەخیان لە تاقە کەسێک زیاترە و هەر بۆیە دەکرێ کەسێک بکرێتە قوربانی بۆ ئەوە دوو کەس یان زیاتر لە کۆمەڵگەدا ڕزگاریان ببێ. بەڵام وەک گوترا وەک ئەخلاق و پرەنسیپی ئینسانی، گیانی تاقەکەسێک هەروەک گیانی هەزار کەسی تر بایەخی هەیە و نابێ هەوڵ بدرێ هیچ گیانێک و هیچ مرۆڤێک بکرێتە قوربانی.

ئەڵبەت ئەوە بگوترێ کە لەلایەن لایەنگرانی ناتوندوتیژییەوە، ناتوندوتیژی تەنیا نەبەستراوەتەوە بە هۆکارە پراکتیکی و ئەخلاقییەکان، بەڵکوو ناتوندووتیژی لە خۆیدا بنەمایە بۆ خەباتی نافەرمانی مەدەنی و بەدوور لە توندوتیژی. لەبەر ئەوە خۆپیشاندانەکان و کارکرد و ئاکامی ئەوان دەبێ لەچوارچێوەی ئەخلاقدا جێبگرن، دەبێ باوەڕ و متمانەی خەڵکی بە خۆپیشاندەران دروست بکرێ. ئەگەر هاتوو توندوتیژی لە خۆپیشاندانا بەکار هات، لە بەر ئەوە خەڵک بۆ خۆی تێیدا زەرەرمەند دەبێ، ئەوە متمانەیییەک دروست نابێ.

ناتوندوتیژی بە شێوەیەکی ئاسایی یانێ بەبێ توندوتیژی یان خەبات لە دژی توندوتیژی. کاتێک بۆ نموونە لە خۆپیشاندانا دەگوترێ کردەوەکان ناتوندوتیژین، ئەمە لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەم پۆلیس و هەم

بەشداربووانی خۆپیشاندان هەست بە ئارامی و دوور لە شڵەژان بکەن. بە پێچەوانەش کردەوەی توندوتیژی شوێنەواری ڕۆخێنەری فیزیکی و سایکۆلۆجیی بەدواوە دەبێ و خودی وشەی توندوتیژی دەبێتە هۆی پێکهێنانی شڵەژان و دەستاپەچەبوون و لە ئاکامدا هاتنە ئارای توندوتیژی. تەنانەت لە لایەن لایەنگرانی ناتوندوتیژییەوە بێجگە لە بەردەفڕکێ و پەلاماری فیزیکی، ڕاکردن، قیڕاندان و دەنگ بەرزکردنەوە لە کاتی خۆپیشاندانداندا وەک کردەوەی هاندەرانە بۆ توندوتیژی چاویان لێ دەکرێ و ئەو نموونانە دەکرێ ببنە هۆکار بۆ پرۆڤۆکاسیۆن و خۆتێوەگلاندنی پۆلیس و هەمدیسان هاتنە ئارای توندوتیژی.

توندوتیژی لەنێو بزووتنەوەی ناتوندوتیژیدا بەو مانایەیە کە کەسێک لەباری فیزیکی و سایکۆلۆجییەوە بریندار یان زەرەمەند دەکرێ و ئەو کەسە بۆ ساڕێژبوونەوە قۆناغێکی سەختی بە سەردا تێدەپەڕێ. نارەزایەتی لە خەباتی مەدەنیدا هەموو کاتێک دەبێ لەدوو بەرەدا ئەنجام بدرێ. بەرەی یەکەم خەباتێکی سیاسییە لە دژی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا و بەرەی دووەم خەباتێکە لە دژی خودی توندوتیژی لە نێوەوەی گرووپ و کۆمەڵگەدا.

هێندێک جار ئەو پرسیارە دەکرێ کە دەبێ جیاوازی لە نێوان توندوتیژی لە لایەن دەسەڵات و توندوتیژی لە لایەن خەڵکەوە دابنرێ و ناکرێ هەر دوو توندوتیژی بە یەک چاو سەیر بکرێن. کێشەی بنەڕەتیش ڕاست لە نێوەرۆکی ئەم پرسیارەدایە کە نیشان دەدا ئێمە هێشتا لە ناتوندوتیژی نەگەیشتووین و هێشتا کاریگەری خەباتی ناتوندوتیژیمان بۆ دەرنەکەوتووە.

کاتێک من باسی توندوتیژی دەکەم، بۆ من توندوتیژی لە تەواوەتی خۆیدا توندوتیژییە. بە شێوەیەکی ڕوونتر مەبەست عەقڵییەتی توندوتیژییە واتە توندوتیژی وەک کولتور، کەم و زۆری ڕادەی بەکارهێنانی توندووتیژی و کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژی بە هۆی ئامرازی جیاواز، چەک، دار، بەرد و

چەقۆ شتێک لە ناخی خودی توندوتیژی ناگۆڕێ. هاوکات جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەوەی گۆیا توندوتیژی سیاسییەو بە هۆی دەسەڵاتەوە ئەنجام دەدرێ و ئەوەی ناسیاسییەو بە هۆی خەڵکییەوە پێک دێ. توندوتیژی و هەروەها ناتوندوتیژی هەر دوو کردەوەگەلێکی بە تەواو سیاسیین. تەنیا جیاوازی لە ئامانجی وەدیهاتوودا هەیە، واتە ئامانجێک بە هۆی توندوتیژییەوە وەدەست دێ، کورتخایەنە، زەرەرمەندە و لە نێوچوونی سەروماڵی تێدایە بەڵام ئامانجێک کە بە هۆی ناتوندوتیژییەوە وەدەست دێ، چارسەری ڕیشەییانەیە، درێژخایەنە و دوورە لە کوشتن و ماڵوێرانی....

هەڵبژاردنی شێوازی ناتوندوتیژی هاوکات هیچ پێوەندییەکی بە ئایدۆلۆجی و ڕوانگەی جیاوازی سیاسییەوە نییە. ناتونوتیژی تەنیا شێوازی سیاسی هەڵبژاردنی گەیشتن بە ئامانج و مەبەستە. ئیمڕۆ لایەنگرانی ناتوندوتیژی لە جیهان لە نێو هەموو چین و توێژە سیاسییەکان لە نێو خەباتگێڕانی نەتەوەیی، مەزهەبییەکان، فیمینیستەکان، پاسیفیستەکان، لیبراڵ و ئانارشیستەکان و کۆنەپارێزەکان هەن. ئەوەی لە سلێمانی لە ڕۆژەکانی یەکەمی خۆپیشاندانەکاندا بیندرا، دووربوونی لە کولتورێکی سیاسی ناتوندوتیژی بە بیروباوەڕی جیاواز لە تەواویەتی خۆیدا لە باشووری کوردستان نیشاندا. ئیسلامییەک بە هۆی عەقڵییەتی توندوتیژییەوە حوکمی جیهاد دەردەکا و لە لایەکی ترەوە تەنانەت خەباتکارێکی مەدەنیش، چەکی گەرمی دەستی بە چەکی ساردی بەرد دەگۆڕێتەوەو پێیوایە شێوازێکی مەدەنی هەڵبژاردووە.

ناتوندوتیژی لەگەڵ ئەوەی شێوازێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسییە هاوکات ڕوانگەیەکی ئینسانیشە لە سەر مرۆڤ و بایەخی مرۆڤ. توندوتیژی هاوکات تەنیا دووربوونی ڕاستەوخۆ لە توندوتیژی لە کاتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییدا نییە بەڵکوو لە خۆیدا شێوازێکە لە

بەرهەڵستکاری و خەبات کە لە دژی خودی توندوتیژیش ڕادەوستێ و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دەدا و لە ستراتیجی خۆیدا دایدەنێ کە توندوتیژی وەک کولتور بڕەوێنێتەوەو جیهانێکی بەدوور لە توندوتیژی بە ئامانج دەگرێ.

ناکرێ باشووری کوردستان و وڵاتانی باکوری ئەفریقا و عەرەبی لە بەر هەلوومەرجی سیاسی جیاواز بەراورد بکرێ بەڵام دیسان ڕاستییەک لە میسر هەبوو و ئەویش گرنگی دان بە خەباتی دوور لە توندوتیژی بوو. ڕاستە ئێمە لە ڕێگەی میدیاوە ڕەنگە زیاتر توندوتیژییەکانمان لە سەرهەڵدانی میسردا دیبێ بەڵام لایەنێکی تری گرینگ کە لە لایەن میدیاکانەوە چاوپۆشی لێکرا و کەمتر کەوتە بەر سەرنج خەباتی ناتوندوتیژی خەڵکی میسر بوو. ئەو میلیۆنان میسرییەی کە بە شێوەی هێمنانە و بەدوور لە توندوتیژی شەو و ڕۆژ لە مەیدانی ئازادی قاهیرە مانەوە، ئەوە ئەوان بوون حوسنی موبارەکیان ناچار کرد بڕوا نەک ئاگرتێبەردان و سوتاندنی مڵکی گشتی و بنکەی پارتی NDP لە قاهیرەو کوشتاری زیاتر لە ٣٥٠ کەس لە لایەن هێزە تایبەتییەکانی موبارەکەوە. میسر و تونێس دوایین نموونەی شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی نەبوون، هەر لەم دە ساڵەی دواییدا، خەباتی مەدەنی و بەدوور لە توندوتیژی توانیویەتی لە زۆر وڵاتانی جیهاندا ئاڵوگۆڕی گەورەی سیاسی پێک بێنێ وەک سێربستان، گورجستان، ئۆکرانیا و لبنان ئەگەریش نەگەڕێینەوە بۆ هەڵوەشانەوەی گەورەترین دەسەڵاتی ناوکی جیهان، یەکەتیی سۆڤیەتی بەبێ ئەوەی شەڕی ناوکیش ڕوو بدا.

ئێمە لە کوردستان و لە ناڕەزایەتییەکاندا کە داواکاری سیاسی و گۆڕانمان لە سیستەمی بەڕێوەبەری حکوومەتی هەرێمدا دەوێ، دەبێ وەک پرەنسیپ ٣ شت بە بنەما بگرین: پرەنسیپی یەکەم ئەوەیە کە هەموو جۆرە

ناڕەزایەتییەک لە سەر بنەمای بەکارنەهێنانی توندوتیژی وەڕێبخەین. دووەم ناڕەزایەتی مەدەنی وەک کردەوەیەکی کراوەی فەرمیی ببینین، یانێ بە ئاشکرا و بە پێشچاوی مێدیا و خەڵکەوە ناڕەزایەتی ئەنجام بدەین و هەر لەو سۆنەگەیەوە دەبێ لە بەرانبەر هەموو ئاکامی ناڕەزایەتییەکاندا خۆمان بە بەرپرسیار بزانین و و لە ژێر باری هیچ ئاکامێک کە ناڕەزایەتییەکانمان بە دوای خۆیدا دێنن، هەڵ نەیەن و خۆمانی لێ بێ خاوەن نەکەین و هەڵەکان نەخەینە ئەستۆی ئەم و ئەو. ئایا ئیمرۆ کێ لە بەرانبەر توندوتیژییەکان و کوشتنی هاووڵاتیان لە سلێمانی و شارۆچکەکانی تری سلێمانی بەرپرسیارە؟ پرەنسیپێکی سێهەمیش ئەوەیە کە ئامانج لە ناڕەزایەتی دەربڕین، ئامانجێکی گشتیی ئەخلاقی، ئینسانی، کۆمەڵایەتیی و نەتەوەیی بێ، نەک قازانج و بەرژەوەندی کەسەکان و گرووپەکان و ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەجینداو ئامانجی شاراوەی دەستەو گرووپی سیاسی. لێرەدا قازانج و بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگە بە ڕوونی و شەفافییەتەوە لە باشووری کوردستان دەبێ بکەوێتە سەرەوەی قازانجە کەسیی، ناوچەیی، شاریی و هەرێمییەکان.

بۆ ئەوە کولتووری ناتوندوتیژی لە کوردستانی ئێمەش پەرە بگرێ و خەڵک هەموو داخوازێک تەنانەت لابردنی کامە دەسەڵاتدار و ملهۆڕ هەیە با ببێ بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و هێمنانە بێنێتە گۆڕێ ئیمرۆ کاری کولتووری و ڕۆشنگەری لە سەر ناتوندتوتیژی وەک نان و ئاوو هەوا بۆ ئێمە پێویستە.

چارەسەری بنەڕەتی کێشەکانی کوردستان، لە فیشەک و لە بەردا نییە، بەڵکوو لە ڕێپێوان و مانگرتنی هێمنانە و درێژەدان بە دیالۆگ و گفتگۆدایەو ئەمەش تەنیا بە خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی مسۆگەر دەبێ.

پاشکۆ

## کامە مارکس؟

سیاوەش گۆدەرزی

تێبینی:

ئەم نووسینە لە پێشدا لە شێوەی پرسیار و وەڵامدانەوە لە لایەن ماڵپەڕی دەنگەکان لە وتووێژێکدا لەگەڵ من بۆ دۆسیەی مارکس ئامادە کراوە و بڵاو کراوەتەوە. من لێرەدا هاتووم جارێکی تر ئەو وتووێژەم لە شێوەی وتارێکدا دارشتووەتەوە.

پێم وایە کامە کۆمەڵگە لە جیهان هەبێت، ناتوانێ دەستبەرداری فەیلەسووفەکانیی بێت. جا ئەو فەیلەسوفە هەر ڕوانگەیەکی هەبێت چ چەپ یان ڕاست، هێور یان توندئاژۆ کە لە قۆناغگەلیکی دوور و درێژدا کاریگەری لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە دانابێت. مارکس یەکێک لەو فەیلەسووفانەیە. مارکس فەیلەسووفێکە کە ئێستاش پاش ١٣٠ ساڵ هێشتا زیندووە. کێشەکە لە ڕاستیدا لە مارکس، مەرگی مارکس، یان لە ڕۆژەڤ کەوتنی مارکس نییە کێشەکە هی ئێمە کە خوێندنەوەی قووڵمان لە سەر مارکس نییە یان بە واتایەکی تر مارکس وەک چوون بووە، نەناسیوە.

بە شێوەیەکی گشتی ئیمڕۆ وتارو بابەتی نوێ بە چاک یان بە خراپ لە سەر مارکس لە ئەدەبیاتی سیاسی و باسی ئاکادیمی کوردیدا زۆر کەمە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەر لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژئاوا زۆر لێکۆڵینەوەی سەرنجڕاکێش لە سەر مارکس نەک تەنیا لە سەر تیۆری و فەلسەفەی مارکس بەڵکو لە سەر ژیان و بەرسەرهات و لایەنە شاراوەکانی ژیانی مارکس بڵاو کراوەتەوە، کە ئێمەی کورد دوور و نزیک لێیان بێ ئاگاین.

مارکسی فەیلەسووف، کۆمەڵناس و ئابووریناس لای ئێمە تەنیا مارکسی نێو کتێب و گۆڤاری پارتە کۆمۆنیستەکان بووە ئەویش نە لە ڕێگای تێکستە ئۆرجیناڵەکانی مارکسەوە بەڵکوو لە ڕێگەی وەرگێرانی عەرەبی، فارسی و تورکییەوە، ئەو سەرچاوانەش کە لە دەستی دووەمدا هاتوونەتە لای ئێمە لە سەرچاوەی زمانی ڕووسی و پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کە مارکسێکی تایبەت و جیاواز لە مارکسی ڕاستییان نیشان دەدا، وەردەگێڕدراون. پێ بە پێی بەهێزی یان لاوازی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێگەی ئەوانیشەوە پارتە کۆمۆنیستەکانی لای ئێمە ڕۆژێک مارکس لە ئاسمان بووە و ڕۆژەکەی تریش ڕەجم کراوە.

لە ڕاستیدا هەر ئەم نەناسینی مارکس و مارکسیسم بووە کە مارکسیستی کورد، جاری واهەبووە وەرگەڕاوەتەوە سەر دین، جارێکی تر چووەتەوە جلی مەلایەتی و ژن مارەبڕین و جاری واهەیە گەڕاوەتەوە سەر ڕەچەڵەکی عەشیرەتی خۆی و بووە بە خێڵەکی و عەشیری، یان تەنانەت کەسێک لە سەرۆکی پارتێکی کۆمۆنیستەوە، وەرگەڕاوەتە سەر دەروێشی ئەمەریکا و یان بووە بە ئێرانی و شاپەرەست. بە گشتی کومۆنیستە کوردەکان هەروەک کۆمۆنیستەکانی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات بە شەو و ڕۆژێک لە کۆتاییی هەشتاکاندا بوونەوە بە ناسیۆنالیست و هێندێک جار شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرەست.

لە ڕۆژئاوا ئەگەرچی بە پێی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان باس و خواسیش لەسەر مارکس ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە بەڵام قەد لە قورسایی مارکس وەک فەیلەسووف، کۆمەڵناس و ئابوریناس بە تایبەتی لە زانکۆکان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا کەم نەکراوەتەوە. لەم ساڵانەی دوایدا لە سەردەمێک کە لە کوردستان کۆمۆنیست و مارکسیستی دوێنێ بوونەتە ئەمریکی و چەپڵە لێدەری سیستەم و بازاڕی کاپیتالیستی لە هەولێر و

تەنانەت لە لقەکانی بەشی ئینسانی و کۆمەڵناسی زانکۆکانیشدا خەبەرێک لە مارکس نییە، شەوپۆلێکی نوێی نووسینی هەمە بابەت و ئاکادیمی نە تەنیا لە لایەن مارکسناسانی ئاکادیمی و نوێ مارکسیستەکانەوە بەڵکوو لە لایەن نوێ لیبراڵەکانیشەوە نووسراون.

سڤێن ئێریک لیدمان Sven-Erik Liedman مارکس ناسی گەورەی سوئێدی و پرۆفیسۆر لە مێژووی بیردا، ساڵی ٢٠٠٣ بەشێکی زۆری تێکستە ئورجیناڵەکانی مارکسی وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی و بڵاوی کردەوە. لیدمان لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەنووسێ: ڕووخانی سۆڤیەت گەورەترین خزمەتی بە مارکس کرد، چوونکە مارکسی بیریار، کۆمەڵناس و فەیلەسۆفی لە دەستی مارکسیست و سیاسەت ڕزگار کرد. هەر بۆیەش پێویستە لەمەبەدوا مارکس وەک چۆن هەبووە بناسرێ نەک وەک ئەوە چۆن مارکسیستەکانی پاش مارکس، بە هەڵە مارکسیان بە ئێمە ناساندووە.

لێرە لە ڕۆژئاوا مارکس نە تەنیا لە ناوەندی ڕۆشنبیری و زانکۆکان بەڵکوو لە هەموو شوێنێک و لە لاپەڕەی ڕۆژنامە ئاساییەکانیش دەکەوێتە بەر باس. تەنیا دە ساڵ لەمەوبەر بوو، کاتێک ڕادیۆی BBC دەیەوسیت گوێگرەکانی مەزنترین بیریاری هەزارەی تێپەڕبوو هەڵبژێرن و هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕاپرسییەکی لە نێو گوێگرەکانیدا کرد، ئاکامی ڕاپرسییەکە ئەوە بوو کە کارل مارکس پلەی یەکەمی وەدەستهێنا و وەپێش ئێنیشتاین و نیۆتۆن کەوت. لە ڕاستیدا وەک لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز ساڵی ١٩٩٧ لە وتارێکی دوور و درێژدا جۆن کاسیدی John Cassidy، ئابووریناس و ڕۆژنامەڤان نووسیبووی، "مارکس گەڕاوەتەوە". بەڵی مارکس نەتەنیا نەمردووە بەڵکوو جارێکی تر گەڕاوەتەوە و مارکس ئێستاش لە ڕۆژەڤدایە. پرۆفیسۆر ولفگانگ لیئۆنهارد Wolfgang Leonhard لێکەڵەرەوەی مێژووی کومونیزم و خاوەنی کتێبی "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوا" پێیوایە مارکس

ئیـمـڕۆ زیندووتره هەتا ڕابردوو. ئیـمـڕۆ مـارکس لە هەمـوو کـاتێکی تر زیندووترەو پێشگوتن یان تیۆرییە فەلسەفی و ئابوورییەکانی ئەو لە ژیانی ئاسـایی و ڕۆژانەی خـەڵکی ڕۆژئاوادا ڕەنگ دەداتەوە. مـارکس لە سـەدەی نۆزدەمـدا بـەو ئاکـامـە گـەیشت کـە ئابووری هەر وڵاتێک کـارتێکەرییـەکی ژیانیی لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە دادەنێ.

بێکاری، ئاوسانی ئابووری، مانگرتن و خۆپیشاندان لە سـەر نایەکسـانی کار و بەرهەمی کار لە ئیمڕۆی سیستەمی کاپیتالیزمی ڕۆژئاوادا نموونەی هەر ئەو گـرفـتـانەن کـە کـاتی خـۆی مـارکس باسـی کـردبوون. مـارکس لەوباوەڕەدا بوو کـە سـەرمـایە سنوور ناناسێ و سنووره نەتەوەییـەکـان دەبڕێ. ئەم وتنەی مـارکس دەکـرێ ڕاست بەو مـانایە بێ کـە مـارکس پێشگوتنی بەجیهانیبوون یان گلۆبالیزمی ئیمڕۆی کردبێ بەو جیاوازییە کە ئیمڕۆ چەمکی وەک کرێکار، سەرمایەدار و شێوازی بەرهەڵەستکاری لەگەڵ یەکسانی کار زۆر جیاوازی لەگەڵ سەردەمی مارکس هەیە. لە سەر مارکس چۆن قەزاوەت دەکرێ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەو یەکێک لە فەیلەسووفە گرینگەکانی جیهان لە سەد ساڵی ڕابردوودا بووە و ئیمڕۆش لە دیسیپلینە ئاکادیمییەکان لە سیاسەت، کۆمەڵناسی، دینناسی و ئابووریدا دەخوێندرێ و لە هەر شـوێن و وڵاتێکیش بە وەلاوەنانی مـارکس ئەو دیسـیـپلینانە لاواز دەبن.

کێشە لە ڕۆژهەڵات و کوردستان ئەوەیە کە جیاوازییەک لە نێوان مارکس وەک فـەیلەسـووف وکۆمـەلناس و مـارکسی سیاسی و مـارکسـیست نییـە. لەگـەڵ ئـەوەی پارتـە چەپ و سـۆسـیـالدیمۆکـراتەکـان کـە بـە بۆچوونە سیـاسییـەکـانی مـارکسـەوە گرێدەردرێن بەپێی ئاڵوگۆڕە سیـاسییـەکان پێگەیان قورس یان لاواز دەبێت بەڵام مـارکس ئێستـاش جێگەیەکی قورسی لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا هەیە. ئەمە لاوازی و کەمایەسییەکە کە لانیکەم دەبێت

له زانکۆکانی کوردستان قەرەبوو بکرێتەوە. وەک لە خوێندنەوەیەکی مێژوویشدا دەبینن لە ماوەی ئەم ١٣٠ ساڵەدا مارکس لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕاوەو خوێندنەوەی جیاوازی لێکراوە. بەڵام تیۆری ماتریالیزمی مێژووی وەک بناغەی بیری مارکس یەکێک لە باسە جیی باس و مناقشە ئاکادیمییەکان بووە هەر لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی "داس کاپیتاڵ" هەتا ئیمرۆ. بۆ نموونە یەکەمجار چەمکی "مارکسیست" فرەنساییەکان دایانهێنا، دواتر ژمارەیەک سۆسیالیستی فرەنسایی بۆچوونەکانی خۆیان وەک مارکسیستییانە ناودێر کرد. مارکس بۆ خۆی دەیگوت: ئەوەی کە بە تەواوی لە سەری ساقم ئەوەیە کە من بۆ خۆم مارکسیست نیم. ئەمەش نیشان دەدا هەر لە هەوڵەوە دوو مارکس هەبوو، مارکسی کۆمەڵناس، ئابووریناس و لێکۆڵەرەوەو مارکسی چالاکی سیاسی. لە ساڵەکانی ١٨٩٠دا ناوی مارکسیسم جێگەی خۆی لە ئەدەبیاتی سیاسیدا قایم کرد. لە ڕاستیدا لە دوای مردنی مارکس لە ساڵی ١٨٨٣ مارکس ناسرا نەک لە سەردەمی ژیانی خۆیدا. کەواتە دەکرێ بووترێ بە مردنی مارکس بوو کە مارکس زیندوو کرایەوە.

لەگەڵ ئەوەی مارکس قەد لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا نەمرد و لە ڕۆژەڤ نەکەوت بەڵام لە ساڵەکانی ٨٠ وردە وردە نزیکبوونەوە لە مارکسیسم لە کزی دا، لە لایەک سۆڤیەت کەوتبووە نێو قەیرانێکی هەمەلایەنە و لە لایەکی تر کۆمەڵگەی کاپیتالیستی خۆی لە ژێر قەیرانی نەفتی حەفتاکان پشتڕاست کردبووەوە و کاپیتالیزم لە هەموو کاتێک وەک سیستەمێکی بەهێز و سەقامگرتوو دەهاتە بەر چاو. لە کۆتایی هەشتاکان، ساڵەکانی ١٩٨٩ تا ٩١ سۆڤیەت ڕووخا، ئەمەش نزیکایەتی لە مارکسی جارێکی تر لە بیروڕای گشتیدا کز و لاواز کرد. سڤێن ئێریک لیدمان مارکسناسی سوێدی لەم بارەوە دەڵێ: بە شێوازێکی پارادوکساڵ ئەوە تیۆری مارکس نەبوو کە بوو بە هۆی دروستبوونی یەکەتیی سۆڤیەتی یان دواتر ڕووخانی

لەلایەکی ترەوە بە هەمان شێوەش سەرهەڵدانی سیستەمی سۆسیال دیمۆکراسی و چاکبژی ڕۆژئاوا دیسان لەگەڵ ئەوە حاشا لە کاریگەری مارکسیسم ناکرێ بەڵام لە سەر بنەمای بیری مارکس دانەمەزرا.

ئەمن بۆ ئەوە گرینگی مارکسی کۆمەڵناس لە زانکۆکان و یەک لەوان لە داهاتووی زانکۆکانی کوردستاندا دەربخەم، بە شێوەیەکی کورت لێرەدا ئاورێک لە کۆمەڵناسی مارکسیستی لە زانکۆکانی سوێددا دەدەمەوە. لە کاتێکدا ڕابردووی بەشی سۆسیۆلۆجی لە زانکۆکانی ئاڵمان، ئینگلیس و فرەنسا دەگاتە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ بەڵام مێژووی جێکەوتنی سۆسیۆلۆجی وەک بابەتێکی سەربەخۆ لە سوێد دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی چلەکان لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی، ئەو کاتەی تۆرگنی سەرگەشتێت Torgny Se-gerstedt کە پرۆفیسۆری فەلسەفەی بەکردەوە بوو، لە سۆسیۆلۆجیدا دوکتورای کرد و بوو بە یەکەم سۆسیۆلۆجی سوێد. لە سەرەتاوە لە لایەن بەشەکانی تری زانکۆ وەک سیاسەت و ئابووری دژایەتییەکی قورسی بەشی سۆسیۆلۆجی کرا. هەرلە دەسپێکی سۆسیۆلۆجی لە سوێد، شەقڵی مارکس و مارکسیسم بەو ئەنیستیتۆیەوە دیار بوو، دواتر لە ساڵەکانی شێستدا هەر هەموو ئەنیستیتۆی سۆسیۆلۆجی لە زانکۆی ئوپسالای سوێد کەوتە دەستی نوێ مارکسیستەکان و و ئەوان لەو بڕوایەدا بوون تەنیا مارکس و مارکسیسمە کە دەتوانێ کۆمەڵگەی کاپیتالیزم شی بکاتەوە، واتە تەنیا تیۆری مارکسە کە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کاپیتالیستی دێتەوە. لەو ساڵانەدا بوو کە کۆمەڵناسەکانی تر کە وەک بنەمای هزری هاودەنگی مارکس نەبوون وەک دورکهایم، تۆنیوس، پارێتۆ و ماکس ڤێبر بە لاوە نران و وەک کەرەستەی خوێندن لە کۆمەڵناسی فڕێ دران. بەو حاڵەشەوە کەسانێکی توندئاژۆی مارکسیست ئەوەیان لا پەسەند نەبوو، بۆ نموونە کەسێکی وەک یۆران تێربرونس لە نامەیەکی دوکتورا کە ساڵی ١٩٧٤ داینا ئەو تێزەی وەپێشخست کە ئەنیستیتۆی سۆسیۆلۆجی پاڵی وە

بورژوازی داوەو هەر بۆیە دەبێ ئەنیستیتۆی سۆسیۆلۆجی دابخرێ. دوای مارکسیسم شەپۆلی فیمینیستی لە ئەنیستیتۆی سۆسیۆلۆجی دەستی پێ کرد و لەم دوایانەشدا پێ بە پێی فیمینیزم، نوێ لیبرالیزم لە سۆسیۆلۆجی سەریهەڵدا بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت مارکس وەک یەکێک لە کۆمەڵناسە کلاسیکەکان دەخوێندرێ و وەک ماتریالی خوێندن چەند بەشێک لە "داس کاپیتاڵ"ی مارکس و هەموو کۆمەڵناسە نوێ مارکسیستەکانی ئەوروپا و ئەمەریکاش لە پەنا مارکسدا دەخوێندرێن لانیکەم لە زانکۆی ئوپسالا یەکێک لە زانکۆ ناسراوەکانی سوێد.

دوای رووخانی سیستەمی سۆسیالیزم و ودەرکەوتنی تێزی "کۆتایی مێژوو" لەلایەن فۆکۆیاماوە مردنی مارکسی فەلسەفیی هاتە گۆرێ. ئێستا ٢٠ ساڵ لەو ریکەوتە تێدەپەرێت. نەک مێژوو کۆتاییی نەهات بەڵکوو مارکس دیسان هەر لە رۆژەڤدایە. تەنانەت خوێندنەوە پۆستمۆدێرنیستییەکان وەک کۆتایی "چیرۆکە مەزنەکان" نیشانەی پرسیاری گەورە گەورەی لە سەر دەنرێت. لە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیدا مودێرنیتە ئەگەرچی رادیکاڵتر بووەو ئاڵوگۆری بەرچاوی لە هەموو بوارەکاندا بە خۆیەوە بینیوە بەڵام هەروا درێژەی هەیە. بەو پێیە هەتا سیستەمی کاپیتالیزم هەبێت هەتا فاکتۆرە کاری و ئابوورییەکان رۆڵی گەورە لە گۆرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بگێرن، ئەوە مارکس و تیورییەکانی مارکس هەر لە جێگەی خۆیاندا دەبن.

سیستەمی سۆڤیەتی تێکچوو بەڵام لەم لاوە دوای تێپەربوونی ٢٠ ساڵ، سیستەمی کاپیتالیستی ئێستاش لە قەیراندا دەژی. لێرەدا پاشخانێک بۆ سەرهەڵدانی مارکسیسم و پێکهێنانی سۆسیالیزم لە سۆڤیەتی پێشوو پێویستە. بیروباوەری مارکس لە سۆڤیەت هەر لە هەوەڵەوە چەواشە کرا و کەڵکی خراپی سیاسی لێوەرگیرا. روزا لوگزامبورگ ریبەری شۆرشگێری

سوسیالیستەکانی ئاڵمان هەمیشە لە نێوان مارکسیسم و لینینیسمدا جیاوازیی دادەنا و دەیگوت ئەگەر بێتو بۆچوونەکانی لنین بکەونە بواری پراکتیکییەوە ئەوە دەوڵەتێکی پۆلیسی دروست دەبێ. ڕاست ئەو پێشبینییەش وەڕاست گەڕاو ستالین هەمان دەوڵەتی پۆلیسی ئەگەر هەموو بۆچوونەکانی لینینیشی ڕەچاو نەکربێ، بە ناوی مارکس کەمتر و لینین زۆرتر دامەزراند. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا مارکس بۆ خۆی، خۆی بە مارکسیست نەدەزانی، ئەوە لینین بوو کە مارکسی بە مارکسیست دادەنا نەک مارکس بۆ خۆی. لە ڕاستیدا هەر لە سەرهەڵدانی تیۆرییەکانی مارکسەوە خوێندنەوەی جیاواز لە نێوان خودی مارکس و دواتر ئەو کەسانەی خۆیان بە مارکسیست دەزانی هەبوو. مارکسیستەکان یان باشترە بڵێین لینینیستەکان لە مارکس پێغەمبەرێکیان دروست کرد، کە تیۆرییەکانی وەک ئایاتی ئاسمانی نەگۆڕ بوون، سەرەڕای ئەوە بنەمای تیۆری مارکس واتە ماتریالیسمی مێژووی لە سەر بناغەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دامەزرابوو و مارکس بۆ خۆی باوەڕی قووڵی بە گۆڕان هەبوو لە هەموو شەرت و مەرجێکدا. بەڵام دەربڕینەکانی مارکس ئەویش نەهەمووی بەڵکوو ئەو بەشەی لینینیزم بە قازانجی خۆی بەکاری دێنا نەگۆڕ و پیرۆز بوون.

بێجگە لەوە خودی مارکس تەنیا مارکسێک نەبوو مارکسی گەنج هەبوو بە بۆچوونە ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕییەکانی مارکسی پیر و ئەزموون دیتووی خاوەن کاپیتاڵ هەبوو، دواتریش مارکسێکی تر هەبوو کە بە نووسینی مانیفیستی حیزبی کۆمۆنیست، باوەڕی بە شۆڕشی جیهانی و لە بن دەرهێنانی ریشەی کاپیتالیزم بوو. مارکس بۆ خۆی کەسێک بوو زۆر وەسواس و یەکجار سەختگیر لە دەربڕینییەکانیدا هیچ نووسینێکی پاش چەندجار پیداچوونەوە بڵاو نەدەکردەوە، هەر ئەوە کاپیتاڵ هەمووی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا نەنووسراو ئینگێلس بۆی تەواو کرد، دەگەڕایەوە

سەر هەمان هۆکار[26]. مارکس بۆ خۆی لە سەردەمی ژیانیدا زۆرجار ئاڵوگۆڕی بە سەر بۆچوونەکانیدا هێنا و زۆر جار ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەوروپا و ئەمەریکا لە سەر گۆڕینی بۆچوونەکانی شوێندانەربوون.

بەڵام ئەگەر بێین و باس لە دوو مارکسی بیرمەند و چالاکی سیاسی، یان مارکسی بیرمەند و مارکسی ئایدۆلۆجیا بکەین، لایەنی بیرمەندی مارکس هەمیشە بە سەر لایەنی ئایدۆلۆجیایی مارکسدا زاڵ بوو. لێرەدا داس کاپیتال و مانیفێستی کۆمۆنیست دوو نموونەی باشن. داس کاپیتاڵ وەک لایەنی بیرمەندی مارکس و مانیفیستی کۆمۆنیست وەک لایەنی ئایدۆلۆجیا و چالاکییە سیاسییەکانی مارکس. ژاک ئەتالی ڕەخنەگری مارکسیستی فرەنسایی لەم بارەوە دەنووسێ:

"مارکس یەکێک لەو نووسەرانە بوو کە یەکجار بۆی زەحمەت و گران بوو دەست لە ڕەشنووسێک هەڵبگرێ. هیچکامە لە نووسینەکانی تەواو نەبوون، بەهەر حاڵ بە تەواوەتی تەواو نەبوون. ئەو، ئەوەی دەینووسی، خەتی بەسەردا دەکێشا، جارێکی تری دەنووسییەوە و ئالووگۆڕی بێ بڕانەوەی تێدا ئەنجام دەدا. بەڵام مارکس ئەم شێوازە نووسینەی لە نووسینی کتێبی مانیفیستی کۆمۆنیست کە بووبە یەکەم کتێبی بەنێوبانگی ئەو، ڕەچاو نەکرد. لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا مانیفیستی کۆمۆنیستی نووسی و دوایەش هەر زوو بە بێ

٢٦. هەموو نووسینەکانی مارکس دواتر دوای مردنی نێوبانگیان دەرکرد، تەنانەت مانیفیستی کۆمۆنیست کە لەگەڵ فرێدریش ئینگلس پێکەوە نووسیان، ئەویش بە هەمان شێوە دواتر ناوی دەرکرد، بەرگی کتێبی یەکەمی کاپیتاڵی نووسی و بڵاوکرایەوە، بەرگی دووەم بە زۆری تەواو کرابوو کە مارکس لە ساڵی ١٨٨٣مرد و ئینگلس پاشماوەی کاپیتالی نووسی و هەر بە ناوی مارکسەوە بڵاوی کردەوە.

ڕاوەستان چاپی کرد. بۆچی مارکس وای کرد؟ چوونکە مانیفست بە ناوی خۆیەوە چاپ نەکراو هەربۆیە ئەویش شێوازی مووقڵێشانەی تایبەت بەخۆی ڕەچاو نەکرد"[٢٧].

لە ڕاستیدا ئینگلس بوو کە پەرەی بە مارکسیسم وەک ئیدۆلۆجی دا و دواتریش بۆ ئەوە ئیدۆلۆجی مارکسیسم لەگەڵ هەلوومەرجی جیاوازی ولاتان و کولتووری جیاوازی گەلاندا باشتر بێتەوە، زۆر شێوازی مارکسیسم سەریهەڵدا وەک مارکسیسمی رووسی، مارکسیسمی چینی، مارکسیسمی ڤیەتنامی وکوریایی و هی دیکە. مارکسیسم بوو بە ئیدۆلۆجییەکی بەتەواوی سیاسی

بۆیە لە ڕاستیدا باسی مارکسی پیش لە مارکسیسم و مارکسی مارکسیسم دەکرێ. تەنانەت نووسین و تێکستەکانی سەردەمی گەنجی مارکس کە بە زۆری هاوڕێ لەگەڵ ئینگلس دەنووسران، هیچ چەشنە بایەخێکی ئاکادێمیکی مارکسیستییان نییە. مارکسی گەنج، خوێندکار و ژێرکارتێکەری باوەڕەکانی هێگڵ و شۆڕشی فرەنسا بوو. دواتر مارکس لە سەردەمی ژیانی لە لەندەن و لە نووسینی داس کاپیتاڵدا بوو بەو مارکسەی کە ئیمرۆ وەک فیلسوف و کۆمەڵناس و ئابووریناس دەناسرێت.

جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر مارکس و چۆنیەتیی ناساندنی لە سۆڤیەتدا. مارکس کەسێک بوو زۆر جار دوای هەر ئاڵۆگۆڕیک لە ئەورووپا بە بۆچوونەکانی خۆیدا دەچووەو دەیانیگۆڕی. دوای ڕووداوی کۆمۆنەکانی

٢٧. ئەڵبەت ئەوە دەبێ پشتڕاست بکرێتەوە کە مارکس و ئێنگلس پێکەوە مانیفیستی کۆمۆنیستیان نووسی و هەر پێکەوەش بلاویان کردەوە، یەکەم چاپی مانیفیستی کۆمۆنیست بە زمانی ئاڵمانی لە ساڵی ١٨٧٢ بلاوکرایەوە کە پێشەکی کتێبەکە لە لایەن هەر دوو مارکس و ئێنگێلسەوە نووسرا. هەمان ساڵی مردنی مارکس واتە ساڵی ١٨٨٣ جارێکی تر مانیفیستی کۆمۆنیست چاپ کرایەوە کە پێشەکیی ئەم چاپە نوێیە ئێنگێلس بە تەنیا نووسی.

پاریس لە ساڵی ١٨٧١دا مارکس و ڕوانگەی مارکس بوون بە شۆڕشگێری و هەر ئەم بەشە لە ڕوانگەکانی مارکس بوون کە لینین وەریگرت. بێجگە لەمە لە سۆڤیەت مارکس وەک خۆی نەناسرا، ئەو بەشە لە نووسراوەکانی مارکس کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیستدا بوو، بڵاو دەکرانەوە. چەند دێڕێک لە مانیفێستی کۆمۆنیست و چەند بەشێک لە کاپیتال لە کلاسەکانی مارکسیسم لینینیزمدا دەخوێندران. ئەمە هەموو ئەو مارکسیسم و مەکتەبەی بوو کە بە ناوی مارکسیسم لینینیسم کرابوو بە ئیدۆلۆجیای فەرمی دەوڵەتی. لە سۆڤیەتدا مارکس وەک خۆی، وەک کۆمەڵناسێک و بە هەمووی نووسینەکانیەوە بوونی نەبوو مارکسێک هەبوو بە دروشمی توندوتیژی سیاسی و ئایدۆلۆجی. ئەگەر بگوترێ کە تەنانەت ڕێبەرانی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی شارەزای هەموو فەلسەفە و بیرەکانی مارکس نەبوون، ڕەنگە زێدەڕۆیی نەکرابێت.

تەنیا لە سۆڤیەتدا مارکس چەواشە نەکرا بەڵکوو کاتی خۆی لە ئەمەریکا زیاتر لە ٥٠٠٠ بەرگی داس کاپیتال Das Kapital فرۆشرا، چوونکە، لە سەر کتێبەکە نووسرابوو؛ هەر کەس ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، دەوڵەمەند دەبێ، ئەم کتێبە، کتێبی خۆدەوڵەمەندکردنە.

کەواتە لێرەدا دەتوانین ئەو ئاکامە وەربگرین کە مارکسیزمێک کە کرابوو بە بنەمای حکوومەتی سوسیالیستی، هەمان مارکسی سیاسیی بوو کە بە ڕووخانی سۆڤیەت مرد، نەک مارکسی بیرمەند و کۆمەڵناس و ئابووری ناس...

هەر لە دەسپێکەوە فەلسەفەی مارکسیزم بە مانای گۆڕینی کۆمەڵگە نەبووە بەڵکوو لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی دەسپێکی سەرهەڵدانی کاپیتالیزم بووە لە ژێر تیشکی فاکتۆرە ئابوورییەکاندا کە گۆڕانکاری قووڵی کۆمەڵایەتی و جڤاکی بەدوای خۆیدا هێناوە. مارکس

تەنیا لێکۆڵینەوەی کرد و سیستەمی تازەجێگرتووی کاپیتالیزمی بە کێشە و نایەکسانییەکانیەوە خستبووە بەر نووسین و لێکۆڵینەوە. لێرەدا پێویستە مارکسی سۆسیۆلۆج یان کۆمەڵناس باشتر بناسین.

کارل مارکس هاورێ لەگەڵ هەربێرت سپینسەر، جۆرج سیمڵ، ئیمیل دورکهایم، فەردیناند تۆنیسەس، ڤیلفرێدۆ پارێتۆ و ماکس وێبر لە کۆڵەکانی کۆمەڵناسی کلاسیکن و هەتا ئێستاش ئەلفوبێی سۆسیۆلۆجی یان کۆمەڵناسی بەوان دەست پێ دەکا. مارکس لێکۆڵینە کۆمەڵناسییەکانی لە سەر کۆمەڵگەی دەربازبوو لە کشتووکاڵی بۆ پیشەسازی بریتانیای سەدەی نۆزدەهەم بوو، لە ڕاستیدا مارکس یەکەم کۆمەڵناسەکان بوو کە لە دەرەوەی ئاکادیمی بە شێوەی لێکۆڵینەوەی شەخسی خۆی لە سەر کۆمەڵگە کرد. کورتەی لێکۆڵینەوەکانی مارکس بە تایبەت لە تیۆری ماتریالیزمی مێژوویی ئەمەیە:

مارکس باسی پێشوەچوون و گۆران لە کۆمەڵگەی کرد. کۆمەڵناسی مارکسیستی باس لە گۆڕان و پێشوەچوونی کۆمەڵگە دەکا و بنەماکەی ئەوەیە کە تەنیا کاتێک ئێمە لە کۆمەڵگە تێ دەگەین کە ئاڵوگۆڕ و پێشوەچوونەکانی ببینین و لێکبدەینەوە. هێزە مادییەکانی بەرهەمهێنان دەکەونە ناکۆکی لەگەڵ پێوەندییەکانی هێزی بەرهەمهێنان، لێرەدایە کە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان سەر هەڵدەدەن، خاوەن بەرهەم بەرهەمی زێدەتری دەوێ و بەرهەمهێنەر دەچەوسێنەتەوە ئەم پێوەندییە ناکۆکی و دوو بەرکی لە نێوان دوو چینی سەرەکیدا پێک دێنێ. سیستەمی ئابووری لە فێئوودالیسم، کاپیتالیزم و سۆسیالیزمدا ڕۆڵی ئەساسی دەگێڕێ لەوەی کە پێوەندی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەدا چۆن چۆنی بێت، یانێ لە ڕاستیدا بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی بەرهەمە کە پێوەندییەکانی ئێمە لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکا و لە ئاکامیشدا جۆری سیستەم یان قەوارەی کۆمەڵایەتی ئێمە لە کۆمەڵگەدا دروست دەبێت.

جۆری بەرهەمهێنان شوێنی لە سەر پرۆسێسە گشتییەکانی جڤاکی، سیاسی و رووناکبیری نێو کۆمەڵگە دادەنێت. ئەوە رۆشنگەری مرۆڤەکان نییە کە لە سەر بوونی ئەوان بڕیار دەدا بەڵکوو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە لە سەر بوونی رۆشنبیری ئەوان بڕیاردەرە. سیستەمی ئابووری جۆر و سیستەمی کۆمەڵگەی ئێمە دیاری دەکا و هەر ئەویشە رۆشنبیری ئێمە دەپەرژێنێ. کەواتە ئەوە هێزە ئابوورییەکانن کە جێگەی حەز و ویستی ئازادی ئێمە دەگرنەوە. سۆسیۆلۆجی مارکسیستی فاکتۆری ئابووری وەک گرینگترین فاکتۆری بڕیاردەر لە کۆمەڵگەدا دەبینێ کە هەموو ئەنیستیتۆ کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر رکێفی کاریگەری خۆیەوە، لە بەر ئەوە سیستەمی ئابووریش لە گۆڕانکارییەکی قووڵدایە، هەموو ئەنیستیتۆکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێ و بەرەو پێشیان دەبا. ئەم پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی تاکن و تاک ناتوانێ سیلەی پێشوەچوونەکان بگۆڕێ، واتە رۆڵی تاک نییە و ئیندڤیدوالیزم لە نێو کۆمەڵگەدا دەتوێتەوە.

مەسەلەی شەڕ، کێشە و دووبەرکی هەمیشە لە نێوان چینەکاندا هەیە لە پێشوەچوونەکانی کۆمەڵگەدا نەک ساچان و پێکەوە ژیان لە نێو ئەواندا، ژیانی مادی و بەرهەمهێنان بنەمایە لە هەموو پێشوەچوون و مێژووی مرۆڤایەتییدا، گەڕان بە شوێن نان و ئاو، جێگەی ژیان و جلوبەرگ یەکەم هەنگاوی مرۆڤایەتیی بووە لە ژیان و هەر گەڕان بە شوێن ئەم پێداویستانەشدایە کە مرۆڤ و کۆمەڵگە پێشکەوتوون و مێژووی مرۆڤایەتی لە بنەڕەتدا لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە هەتا رۆژی ئێمرۆش پێویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ هەمان کێشەن لە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی ئێستاشدا. ئینسان مرۆڤێکی برسییە کە یەکەم پێداویستی دابین کرا بە دوای پێداویستی دیکەدا دەگەڕێ و بەو شێوەیە لە شەڕ و بەرەکانیدایە لە هەموو ژیاندا. گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانە کە کۆمەڵگە بەرەو باشتر بوون

دەبەن، لەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەدا دژبەریی نێوان چینەکان دێتە گۆڕێ، کێشە و ناکۆکی نێوان کرێکار و کاپیتالیست، کاپیتالیست یان بورژوازی بە هۆی خاوەنداری بەرهەمەوە دەسەڵاتی هەیە و هەر بە هۆی ئەو دەسەڵاتەشەوە کرێکار دەچەوسێتەوەو هەر بۆیە هەمیشە خەباتی چینایەتی لە ئارادا دەبێت.

مارکس وەک کۆمەڵناسێک دەیەوێ ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سەر هەڵدانی پێشەسازی یان سەرمایەداری شی بکاتەوە. لێکۆڵینەوەکانی مارکس گرینگییەکی یەکجار زۆریان بۆ کۆمەڵناسی هەیە، ئەگەرچی مارکس قەد خۆی وەک کۆمەڵناسێک نەناساند. لەگەڵ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی مارکس زۆرتر لە دەورەی فاکتۆرە ئابوورییەکاندا خول دەخواتەوە بەڵام لەبەرئەوەی مارکس هاوکات کاریگەری فاکتۆرە ئابوورییەکان لەسەر ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس دەکا، لێکۆلینەوەکانی هەتا ئێستا بایەخێکی زۆریان بۆ سۆسیۆلۆجی هەیە.

بەپێی تیۆری تێگەیشتنی ماتریالیزمی مێژوویی مارکس، ئەوە هزر و بایەخە ئینسانییەکان نەبوون کە ڕۆڵی سەرەکیان لە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا هەبووە بەڵکوو فاکتۆرە ئابوورییەکان بوون کە بوونەتە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانە. لەم نێوەدا کێشە و دووبەرکی نێوان چینەکان گرینگرین هۆکار بووە بۆ پێشوەچوونە مێژوویەکان. هەموو مێژوو وەک مارکس دەڵێ لە دووبەرکی چینایەتی پێکهاتووە. بە پێی تیۆری مارکس مێژووی ئێمە لە پێشوەچوونی ئەو فازە جیاوازە ئابوورییانەدا پێکهاتووە. بە گوێرەی مارکس مێژووی کۆمەڵگە لە قۆناغەکانی پێشوەچوونی بەرهەمهێنان و ئابووریدا وەک ئانتیک و فیئودالی تێپەڕیووە هەتا گەیشتووەتە سەردەمی پێشوەچوونی سەرمایەداری یان بورژوازی. لە هەموو ئەو قۆناغانەدا کۆمەڵگە لە بواری ئابووری و بەرهەمهێناندا بەرە بەرە پێشکەوتووە، پێشوەچوونی کۆمەڵگە لە ڕێگای ئابووری و بەرهەمهێنانەوە

درێژەی دەبێت هەتا دەگاتە قۆناغی کۆمونیستی. جێگەی کاپیتالیزم لە داهاتوودا سۆسیالیزم یان کۆمۆنیزم[٢٨] دەیگرێتەوە. مارکس زۆرجار ئەم دوو چەمکەی وەک هاوتاو هاومانی یەکتری بەکارهێناوە.

لەم پێشگوتنەی دواییدایە کە ئاکامی تیۆرییەکەی مارکس هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت وەڕاست نەگەڕاوە، دەبینین ئێستاش سیستەمی کاپیتالیستی هەر لە جێگەی خۆیە ماوە ئەڵبەت بە هەموو کەموکوڕی و قەیرانەکانییەوە، لە داهاتوودا چی بە سەر ئەم سیستەمەدا دێ و بەرەو کوێ دەچێ ئەوە ئەودەمەیە کە دەبێ بڕیاری کۆتایی لە سەر ڕاست یان بە تەواوی هەڵەی تیوری ماتریالیزمی مێژووی مارکس بدەین. بەڵام ئەوەی لە کۆمەڵناسی مارکسدا گرینگە ئەوەیە کە ئێستاش فاکتۆرە ئابوورییەکان ڕۆڵی کاریگەر لە سەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن و هیچ لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی یان کۆمەڵناسیش نییە کە بە بێ لە بەرچاو گرتنی فاکتۆری ئابووری بە ئاکامێکی دڵخواز بگا. کەواتە تیۆری مارکس و گرینگی و چارەنووسسازی فاکتۆری ئابووری ئێستاش بەشێک لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان لەسەر کۆمەڵگە پێک دێنێ.

---

٢٨. مارکس لەساڵەکانی دوایی تەمەنیدا لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە بازرگانی ئازاد دەبێتە هۆی وەپەلە کەوتنی شۆڕش. (شۆڕشێک کە بە پێچەوانە لە ڕوسیای وڵاتی جوتیاراندا قەوما). دەبێ بناخەی کاپیتالیزم قایم بکرێ وە سەربخرێ، هەتا کێشەو دژایەتی نێوان چینەکان زیاتر قوڵ ببێتەوە و بەم شێوەیەش شۆڕشی پرۆلیتاریا بە خاترجەمی وەدی بێت. مارکس بە تێڕادیتوویەوە دەیگوت شۆڕش سەرناکەوێ هەتا ئەوە شۆڕش نەبێتە شۆرشێکی جیهانی. ئەو دەمەیە کە کۆمۆنیزم چاوەڕێمان دەکا و ئیتر ئەو دەم، سەردەمێکە کە هەموو شتێک بە خۆڕایی بە سەر هەموو کەسێکدا دابەش دەکرێ. بەرهەم لە بەرهەمهێنانی تاکەسەوە دەبێتە موڵکی گشتی، بنەماڵە و نیهادی ئابووری لە کۆمەڵگەدا دەتوێتەوە... خزمەتگوزاری و پەروەردە دەبنە هی دەوڵەت و هەموو کەسێک مافی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا دەبێت. ژاک ئەتالی

ئەگەر مەبەستمان لە مارکسی ئایدۆلۆجی هەمان مارکسیستی حیزبی بێت لە چەشنی حیزبە مارکسیست لینینیستەکان لە جیهان، ئەوە ئەوان بە ڕووخانی سۆڤیەت و دیواری بەرلین لێکهەڵوەشان. بەڵام پێ بە پێی قەیرانی سیستەمی کاپیتالیستی و ناتوانا بوونی لە چارەسەری کێشەکان و هەبوونی ڕۆژبەڕۆژی نایەکسانی ئەوە مارکس هەر دەم و سات لە سەرهەڵدانەوەدایە. تەنیا ساڵێک لەمەو بەر بوو کە لە ماوەی چەند مانگێکدا لە فەرانسە دوو هەزار دانە لە کتێبی کاپیتاڵ فرۆشرا، قەیرانێکی ئابووری کە لە ئەمەریکاوە دەستی پێ کرد و هەموو جیهانی گرتەوە هەر وەک مارکس ئاماژەی پێکردبوو؛ سەرمایە سنوورەکان ناناسێ. جارێکی تر لایەنی فەلسەفی مارکس و تێفکرینەوە لە لیکۆڵینەوەکانی مارکسی زیندوو کردەوە. ئیمڕۆ پێوەندی نێوان کار و کرێکار، دابەشکردنی داهاتی نەتەوەیی و لە پاوان دەرهاویشتنی سەرمایە لە دەستی ژمارەیەک سەرمایەداری چاوچنۆک لە ڕۆژەڤی ئەوروپا و ئەمەریکادایە. بێجگە لەوە بە پێچەوانەی وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو، مارکسیسم وکارکردی تیۆری مارکسیسم زۆرتر لە وڵاتانی کاپیتالیستیدا بووە و هەمیشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانە ئابوورییەکان و پەرەنەگرتنی جیاوازی زێدە لەحەدی چینایەتی لە مارکسیسم کەڵک وەرگیراوە، لە ڕاستیدا سۆسیال دیمۆکراسی ڕۆژئاوا جۆرە وەڵامداوەنەوەیەک بوو بەو پیشبینییانەی مارکس لە سەر داهاتووی وڵاتانی سەرمایەداری کردبووی.

لە ڕاستیدا ئەوەندە مارکس بە لێکدانەوەو ئەنالیزی کاپیتالیزمەوە خۆی خەریک کرد زۆر کەم لە سەر کومونیزم و داهاتووی کومۆنیزم خۆی خەریک کرد و لێکۆڵینەوەی کرد. لەگەڵ ئەوەی ئەو پێشبینییەی مارکس لە سەر جێگربوونی سۆسیالیزم وەڕاست نەگەڕا بەڵام لێکدانەوەکانی مارکس لە

سەر کاپیتالیزم هەتا ڕۆژی ئیمڕۆش لە جێگەی خۆیاندان، هەرچی زیاتر پەرەئەستاندنی شیرکەتە ترانسناسیۆناڵەکان، قووڵبوونەوەی جیاوازی نێوان هەژارەکان و دەوڵەمەندەکان و چوونی لێشاوی پارە لە گیرفانی خەڵکی ئاسایی بۆ گیرفانی ژمارەیەکی کەم لە ئینسانەکان، بەهیزبوونی خاوەنکار و دەسەلاتی هەرچی زیاتر لە بەرانبەر یەکەتییە کرێکارییەکاندا و بەرزبوونەوەی بێکاری لە ئاستی بەرفراواندا و هاوکات چوونی شێرکەتە قازانج ویستەکان بو ولاتانی تر و گەڕان بە شوێن کاری هەرزاندا هەموو ئەمانە ئەو نموونانەن کە هەر ئەو دەم مارکس وەک ناکۆکی و کێشەکانی سیستەمی کاپیتالیستی خستبوویە بەر باس و لێکۆڵینەوە. بەلام وەک مارکس پێوابوو سیستەمی کاپیتالیستی بە هۆی شۆڕشی کرێکارییەوە لەنێو نەچوو بەلام لەگەڵ کێشە و ناکۆکییەکانیدا هەتا ڕۆژی ئیمڕۆش ژیا و زۆرجاریش هەر بە کەڵکوەرگرتن لە لێکدانەوەکانی مارکس بە هۆی دابینکردنی سیستەمی چاکبژی و ڕیفۆرم لە قۆناغە جیاوازەکاندا توانییویەتی لە کێشە و ناکۆکییەکان کەم بکاتەوە بەلام وەک سیستەم هەر وەک مارکسیش پێیوابوو لە بەر ئەوەی لە سەر بنەمای کار و سەرمایە و ناکۆکی نێوان ئەوان دەژی، لەگەڵ قەیرانەکانی هەتا ئێستا دەژی، ماوەو ئەگەرچی لەرزۆکە بەلام بەپێوەیە.

مودێرنیسم و ئەو کێشە و تەنگووچەڵەمە چارەسەر نەکراوانەی سیستەمی کاپیتالیزمی ئێستا و ژیانی ماشینی و لە خۆبێگانەبوونی مارکس ئێستاش لە کۆمەڵگەی کاپیتالیستیدا هەمان کێشەیە کە کاتی خۆی مارکس ئاماژەی پێدابوو. بەجیهانی بوونی سەرمایە و سنووربەزاندنی سەرمایە، ئابووری جیهانی، نایەکسانییە ئابوورییەکان وەک هۆکاری ڕۆڵی سەرمایە، هەژارتربوونی بەشی باشووری جیهان و بەو پێیەش دەوڵەمەنتربوونی باکوری جیهان لە سەر حیسابی سنووربەزاندی سەرمایە و لە ئاکامدا چەوسانەوە بە هۆی قازانج و سود، ئەمانە هەموو بەرهەمە

فـیکرییـەکـانی مـارکس بوون، لـەو بارەوە هـەمـوو بیـرمـەندانی مـودێرنیـسم ئێستـاش لە ژێر هـەمـان چرای ڕۆشنگەریدا هـەنگاو دەنێن کە مـارکس هـەڵی کرد.

بەتایبەتی لە سـەردەمی قەیرانە ئابوورییـەکانی جیـهاندا و هـەرچی بەرچاو کـەوتنی زیاتر نایـەکسـانیـیـە ئابووری و کۆمـەڵایەتیـیـەکـان مـارکس زیاتر سـەرهـەڵدەداتـەوە، سـڤـێن ئێـریک لیـەدمـان، لە یەکـێک لە نوێتـرین چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ ئەگەر مارکس وەک مردوو دابندرێ ئەوە لە کۆتایی دەیەی پانجاکان لە سوێد مردووتر بوو هـەتا ئیـمڕۆ. ڕەنگە مـارکس ئیـمڕۆ ئەو ئامرازە نەبێت کە کە بۆ کارێک بە تەواوەتی بەکاری بێنی بەڵام ئێستاش بنەمایەکی باشە و یەکێک لە کلاسیکە گرینگەکانە. لەم جیهانەی ئێمە تێیدا دەژین دەکـرێ مـارکس بە ئاسـانی بناسـرێتـەوە، زۆر باشـتـر لـە دەیەی سـیـیـەکـان. ٣٠ هـەتا ٤٠ سـاڵ لەمـەوبەر سـیـسـتـەمی کـاپیـتـالیـسـتی زۆر سەقامگرتووتر بوو هـەتا ئێستا. وەک نموونە هێزەکانی سۆسیالدیمۆکراسی زۆر بەهێزتر بوون لە ئیمڕۆ. هـەر ئێستا لـە زۆر شوێنـی جیـهان وەک چین، تایوان و فـیلیـپین پێـوەندی کـار و سـەرمـایە و هەلوومـەرجی کـار وەک سـەردەمـی مـارکس وایە. کـرێکاران کـە زۆربەیان لە ژن و منداڵ پێکدێن دەچەوسـێنەوە. داهـاتووی کـار و سـەرمـایە و بەگـشـتی سـیـسـتـەمی سـەرمـایەداری لە ئەوروپا و ئەمـەریکا لێڵـە و هـەر بۆیە مـارکس لە ڕۆژەڤدا دەمێنێ.

داس کـاپیـتـاڵ بە هـەمـان شـێـوە لە ئاڵمـان لە سـاڵی ٢٠٠٩ جـارێکی تر کەوتووەتە سـەر میـزی کتێبفرۆشەکان و لە نێوەڕاستی قـەیرانێکی ئابووری کـە هـەمـوو جـیـهـانی گرتەوە لە مـاوەی چەند مـانگێکدا ١٥٠٠ دانەی لێ فرۆشرا. بۆچی مارکس جاریکی تر دەگەڕێتەوە ئاڵمـان؟ ئیمڕۆ ئاڵمان وەک هـەموو وڵاتێکی تری کاپیتالیستی لە قەیراندایە، بێکاری هـەیە و سەرباری ئەوەش ئاڵمـان لە بەرەی ئەمـەریکادا لە ئەفغـانسـتان شـەڕ دەکا، لە کـاتێکی

وادا بۆ جیلێکی نوێ لە ئاڵمان ئەڵتەرناتیڤ گرینگی پەیدا دەکا، چوونکە ئەوەی کە کاپیتالیزم لە ساڵی ١٩٨٩ هەموو سیستەمێکی تری ئابووری تێکشکاند و بەتەنیا مایەوە، ئیمرۆ دوای بیست ساڵ ئەو سیستەمە سەقامگرتووەی جاران نییە و لە هەموو لایەکەوە نەخۆشی ڕووی تێ کردووە...

لەلایەکی ترەوە بە ڕێچکەی مارکس و کۆمەڵناسی مارکسدا، کۆمەڵناسانی مارکسی یان نوێ مارکسیستی، ئێستاش بنەمای زۆر لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆجی لە زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا لە سەر ئەساسی فاکتۆرە ئابوورییەکان و ململانێ چینایەتییەکاندا دەخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی ئاکادیمی. پییەر بۆردیۆ گەورە سۆسیۆلۆجی فرەنسای بەپێی لێکۆڵینەوە وردەکانی لە ساڵەکانی حەفتاکاندا سەلماندی کە سیستەمی کاپیتالیستی هەمان سیستەمی چینایەتیی مارکسە، کۆمەڵگەی کاپیتالیستی لە چین و توێژی جیاواز پێکهاتووە بەو جیاوازییە لەگەڵ مەتریالیسمی مارکس کە چۆنیەتی، هەژمار و چۆنیەتیی چینەکان فراوانترن و کۆمەڵگە تەنیا لە دوو چینی کرێکار و سەرمایەدار پێکنەهاتووە. سەرمایە یان کاپیتاڵ تەنیا تەنیا نەک وەک ئابووری بەڵکوو وەک کولتور، وەک سۆسیال کاپیتال لە قەوارەی چینەکاندا ڕۆڵی هەیە. دیارە کاپیتاڵ وەک ئابووری لە شکڵگرتن و جێگرتنی جۆری جیاوازی چینەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتی لە هەمووان دەگێڕێ. وەک مارکس چۆن گۆڕان بە بنەڕەترین بنەما لە تیوری ماتریالیسمی خۆیدا دەزانێ و هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و بە بێگۆڕان نامێنێتەوە، بە هەمان ڕێچکەشدا بووردیۆ پێی وایە چین و توێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێستاش دایم لە گۆڕاندان و سۆسیال و کولتوور کاپیتاڵ گۆڕانی بەسەردا دێ و بە هەمان شێوەش چینەکانیش دەگوڕدرێن و چین بۆ هەمیشە لە جێگەی خۆی نامێنێتەوە، چینەکان هەمیشە لە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیدان.

له لایەکی ترەوە مانوێل والێرشتاین نوێ مارکسیستی کۆمەڵناسی ئەمەریکایی له تیۆری "تیۆری سیستەمی جیهانی"، کاپیتالیزم، وەک مۆتۆڕ و میکانیزمی بەجیهانیبوون دەبینێ، هەر وەک چۆن مارکس فاکتۆری ئابووری بە گرینگترین فاکتۆری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر سەردەمی سەرهەڵدانی کاپیتالیزمدا زانیبوو. بێجگە لە نموونەکانی بۆردیۆ و والیرشتان شەقڵی تیۆری ماتریالیزم و فاکتۆری ئابووری بە سەر ڕوانگەی گەورە کۆمەڵناسانی تری ڕۆژئاواییەوە بە ڕوونی دەبیندرێن. ئانتۆنی گیدێنس کۆمەڵناسی ناسراوی بریتانی لە پێناسەی چەمکی مۆدێرنیتەدا، کاپیتالیزم وەک یەکێک لە کۆڵەکەگرینگەکانی مودێرنیتە دەستنیشان دەکا. لە سیستەمی ئابووری ئێستای جیهانیدا، کاپیتالیزم سنوورەکانی بڕیوەو لە شکڵی شەریکە ترانسناسیۆناڵەکاندا بە هەموو جیهاندا بڵاو بووەتەوە. گیدێنس وەک مارکس و والێرشتاینی نوێ مارکسیست، ئابووری وەک مۆتۆڕی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکان دەبینێت. بێجگە لەوە کاپیتالیزم و پێشەسازی دوو کۆڵەکەی تری تیۆری گیدێنس لە سەر مودێرنیتە پێکدێنن. تەنیا جیاوازی گیدێنس لەگەڵ نوێ مارکسیستەکان ئەوەیە ئەو بێجگە لەوە ئابووری وەک میکانیزمی بەهێزی پشتەوەی پرۆسێسە جیهانییەکان دەبینێ هاوکات فاکتۆرەکانی تری وەک سیاسەت، تێکنۆلۆجی و کولتوور لە بیر ناکا.

ئیمڕۆ لە باسێکی نوێ و پێچەلپێچی وەک چەمکی جیهانیبووین یان گلۆبالیزاسیۆن دیسان مارکس هەروەک هەموو باسە ئاکادیمییەکانی تر لە ڕۆژەڤدایە. لە پێوەندی لەگەڵ باسی بەجیهانیبووندا، دوو ڕوانگەی سەرەکی هەروەک لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە سەر سیستەمی کاپیتالیستی زاڵ و سەردەست بوون، ئێستاش لە باسی جیهانیبووندا زاڵ و سەردەستن، ئەویش دوو ڕوانگەی مارکسیستەکان و وێبریانەکانن، کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی فیکری نێوان کارل مارکس و ماکس وێبر. لاوازی و

کەموکوڕی لایەنگرانی مارکس ئەوەیە کە هەر وەک مارکس بەجیهانیبوون تەنیا لە ڕوانگەی ئابوورییەوە دەبینن، وبیریانەکان بەجیهانیبوون وەک تێرمێکی بەربڵاوو فرەلایەن دەبینن و بێجگە لە لایەنی ئابووری، پێ لەسەر گرینگی لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەجیهانیبوونیش دادەنێن.

بێجگە لە چەمکی بەجیهانیبووندا جارێکی تر مارکس لە باسە ئاکادیمییەکان پێوەندیدار بە کێشەو ناکۆکی و قەیرانەکانی سیستەمی کاپیتالیستی ڕۆژئاوادا سەرهەڵدەداتەوە. سیستەمی کاپیتالیستی ڕۆژئاوا بە گشتی لەم ساڵانەی دواییدا ئاڵوگۆڕی بەرچاوی بەخۆیەوە دیوە. ئولریش بێک کۆمەڵناسی ئەڵمانی سیستەمی کاپیتالیستی ئێستای ڕۆژئاوا وەک سیستەمی نوێی "کاپیتالیزمی بێ کرێکار و بێ زەکات" ناودێر کردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی پشتەوەی ئاڵوگۆڕەکان لە سیستەمی کاپیتالیستیدا ئەوەیە کە تێکنۆلۆجیای مودێرن و نوێ وایکردووە کە پێشەسازی کەمتر پێوستی بەهێزی کار و کرێکار ببێ و هەروەها شوێنی بەرهەمهێنانیش لە وڵاتانی پێشەسازی ڕۆژئاواوە بگوێزرێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێزی هەرزانی کاری لێ دەست دەکەوێ. ئەم ئاڵوگۆڕە گەورە و بەرچاوانە لە سیستەمی کاپیتالیستیدا بووەتە هۆی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە ئەنیستیتۆ جۆرەوجۆرەکانی تری کۆمەڵگەدا. هەر بەم هۆیەوە دەبیندرێ کە جیاوازی نێوان شیرکەتەکان و بازاڕ لە لایەک و دەوڵەت و یەکەتییە کرێکارییەکان لەلایەکی تر گەورەتر و گەورەتر بووە. وەک ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەبیندرێ کە کار لە بەشە دەوڵەتییەکاندا کەمتر بووەتەوە و هەربۆیە ڕێژەی بێکاری زیاتر بەرز بووەتەوە. لێرەدا جارێکی تر مارکس وەک لێکۆڵەرەوەی ڕاست ئەو کێشە و ناکۆکییانە ئەڵبەت لە کاراکتێری نوێدا دەکەوێتەوە بەرباس.

***

سەرچاوەکان:


بەجیهانیبوون و بەناوچەییبوون، باسێکی ئاکادیمی نووسەر، زانکۆی ئوپسالا، ساڵی ٢٠٠٥ بە زمانی سوێدی و کوردی

"Vi vägrar hlla käften": Den kommunala strejken 2003 i globaliserings kölvatten Av Siawash Goudarzi

Marx Karl & Engels Friedrich( 1948) Det Kommunistiska Partiets

Manifestet, Arbetarkulturs förlag, Stockholm

Sven-Erik Liedman Karl Marx (2003) Texter i Urval, Ordfront, Stockholm

Beck, Ulrich (1998). Vad innebär globaliseringen? : Missuppfattningar och möjliga politiska

Svar. Daidalos: Göteborg.

Beck, Ulrich (1998). Att uppfinna det politiska: Bidrag till en teori om reflexiv modernisering . Daidalos: Göteborg.

Giddens, Anthony (2003). Modernitetens följder . Studentlitteratur: Lund.

Giddens, Anthony (2003) En skenande värld: Hur globaliseringen är p väg att förändra vra liv . SNS Förlag: Stockholm.

Giddens, Anthony (2002). Modernitet och självidentiteten: Självet och samhället i den senmoderna epoken . Daidalos: Göteborg .

Wallerstein, Immanuel (2001) Liberalismens död: Slutet p den rdande världsordning. Vertigo: